# ژنان 26

ئازادی بۆ ژن بەختیاری بۆ کۆمەڵ

ژنان گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانە
ژمارە ٢٦ جۆزەردانی ١٣٨٩

ژنان دەروونناسی بەشداریی و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەدا

ژنان ئەندامەتی کۆماری ئیسلامی لە کۆمیسیۆنی "پێگەی ژن" دا!

ژنان سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە کوردانی ڕۆژهەڵات

ژنان مێدیای کوردی و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی

ژنان دایک و شوناسی نەتەوەیی





## "ئێمە دایکانی سەربەرزی ئەم وڵاتەین، نەک دایکانی ماتەمبار"

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنان

وەرزانەیەکی
سیاسی
کۆمەڵایەتی
فەرهەنگی و ئەدەبیە



**سەرنووسەر:**
نەسرین حەسەنزادە
**دستەی نووسەران:**
کوێستان فتووحی، عیسمەت نستانی،
ڕەسووڵ سوڵتانی
حەلیمە ڕەسووڵی ، عەلی بداغی
٣١ی جۆزەردانی ١٣٨٩، ژوئەنی ٢٠١٠
**ژمارە ٢٦**

"ژنان" لەسەر ئینتێرنێت:
Yjd.kurdistan@yahoo.com

ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندی گرتن بە
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
00964 - 7702103121

دیزاینی بەرگ: ئاگری باڵەکی
مونتاژ: مینا سوڵتانزادە
تایپ: شیلان قوربانی فەر

# پێرست

"ئێمە دایکانی سەربەرزی ئەم وڵاتەین،نەک دایکانی ماتەمبار...................... ٢
مێدیای کوردی و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی................................ ٣
ئەندامەتی کۆماری ئیسلامی لە کۆمیسیۆنی "پێگەی ژن" دا!........... ٦
ژن لە ئاوێنەی یاسا کۆنەکان دا.................................... ٨
سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە کوردانیڕۆژهەڵات.................. ١٠
دایکو شوناسی نەتەوەیی................................................. ١٢
ئەو ژنەی بێباکانە بەرەو پەتی سێدارە ڕۆیی................................ ١٨
گەڕان بەدوای هەناسەکانی ژیان لە نێو دووکەڵی کوورەکانی مەرگ دا.... ٢٠
ژنان و دێموکڕاسی......................................... ٢٢
ئەمن ژنێکی کرێکارم، ئەوەیە تاوانی من!................... ٢٥
دەروونناسی بەشداری و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەدا......... ٢٧
ئەو ژیانەی پەردەی کچێنی لەبەر یەکی برد.............................. ٢٨
بۆ شیرین سەمبولی خۆڕاگری............................................ ٣٠
ژنان و قەیرانی تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان..................... ٣٢
ژنانی نێو کۆڕی خەبات.......................................... ... ٣٣
ژن ئەستێرە ................................................................. ٣٤
بەشی ئەدەبی ............................................................. ٣٥
ڕاپۆرت و هەواڵەکانی ئێران........................................... ٤٠
هەواڵ و چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان........ ٤٩
بەشی وەرزشی............................................................. ٥٤
جۆراوجۆر ................................... ٥٧
هەڵدانەوەی لاپەڕی ژیانی ژنێک.................................... ٦٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەر وتار

# "ئێمە دایکانی سەربەرزی ئەم وڵاتەین، نەک دایکانی ماتەمبار"

## دایە سەڵتەنە، دایکی فەرزادی کەمانگەر

نەسرین حەسەن زادە

ئەگەر چاوێکی خێرا بە سەر خەباتی ژنانی ئێرانو کوردستان بە تایبەت بەشداریی سیاسیو مەدەنیی ژنان لە ماوەی یەک ساڵی رابردوو دا واتە یەک ساڵ دوای هەڵبژاردنی دەورەی دەیەمی سەرکۆماری لە ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٨٨هەتاوی دا بخشێنین، دەبینین لەو ماوەیەدا ژنان بەگشتی بە حەماسەیەکی پترو هێزو تینێکی زیاترو ئیرادەیەکی پتەوەوە لە مەیدانی خەباتو بەربەرەکانی دابوون کە نموونەی لە ماوەی نزیک بە ٣١سال دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بێوێنە بووە.

مێژووی گەلی کورد هەمیشە پڕ بووە لە شانازیو سەرفرازیو خۆ بەخت کردن، ژنی کوردیش لە هەموو شانازییەکانو خۆبەخت کردنەکاندا شان بەشانی رۆڵەکانی وڵات بەشداربووە.

لە ماوەی ئەم یەک ساڵەش دا دوای هەڵگیرسانی شۆڕش دوای هەڵبژاردن، ژنان زۆر چالاکانەو بوێرانە لە خەبات دا بەشداربوون. ئەوان وێڕای هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵ رژانە سەر شەقامەکانو لە ئاکام دا زۆر نرخی گرانیشیان دا، جگە لەوەی زۆریان گیرانو رەوانەی چاڵە رەشەکان کرانو بە دڕندانەترین شێوە رەفتاریان لەگەڵ کرا، خوێنیشیان بەخشیو چوونە ناو کاروانی شەهیدانی وڵات.

لە کاتی خۆپێشاندانەکانی ساڵی رابردوودا پاش هەڵبژاردنی سەرکۆمار ژمارەیەک لە ژنانو کچانی ئازادیخواز بە گوللەی هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم شەهید بوون کە نەدا ئاقا سوڵتان بەهۆی بڵاوبوونەوەی دیمەنی کوژرانی لە سەرانسەری جیهاندا ناوبانگی دەرکرد. ئەمساڵیش راست لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکان دا دەتوانین ئاماژە بە ئێعدام کرانی شیرین عەلەم هوولی بکەین کە لە ١٩ی بانەمەڕی ئەمساڵ دا لە گەڵ ٤ کەس لە رۆڵەکانی ئەم خاکە لە پێناو ئازادیو سەربەستی دا گیانیان بەخت کرد. ئەم تاوانە گەورەیە بۆ دابەزینی ورەی پۆڵایینی خەڵکی مەینەتچێشتووی ئێران ئەنجام درا کە لە بەرەبەری ٢٢ی جۆزەردان دا هیچ جموجۆڵێکی جەماوەری لەخۆیان نیشان نەدەن.

ژنانێک بە کردەوە لە مەیدانی خۆپێشاندانەکان دا هەبوون ، ژنانێکیشمان هەبوون کە تەنیا بە ورە بەرزیو بە ورە پێدان بە هەموو دڵسۆزانی وڵاتو رێگە نیشان دان، توانیویانە کاریگەریی زۆر زیاتریان لەم خەباتەدا هەبێ، دەتوانین ئاماژە بە قسەکانی دایە سەڵتەنە دایکی فەرزاد کەمانگەر پێش چلەی فەرزادوهاوڕێ ئێعدامکراوەکانی بکەین کە وتەکانی بووە رێنیشاندەری هەموو خەباتکارانو ئازادیخواز کە دەم بەدەم بگێردرێتەوە.

" هەرچەندە لە دەستدانی فەرزاد بۆ من وەک دایکێک شتێکی ناخۆشەو ناتوانم باوەڕ بکەم کە ئیدی ناتوانم دەنگی فەرزادم لە پشت تەلەفوونی زیندانەوە گوێ لێ بێ ، بەڵام ڕادەگەیەنم ئێمە دایکانی سەربەرزی ئەم وڵاتەین نەک دایکانی ماتەمبار. ئێمە دەبێ بە هەبوونی ئەو جۆرە کوڕانە شانازی بکەین کە رووحی ئەوان ئەمڕۆ شادەو ئەوە ئەو ڕێگایەیە کە ئەوان بە تێبینییەوە هەڵیان بژاردوە."

ژنانی کورد دەبێ شانازی بە بوونی دایکێکی وەک دایکی فەرزاد بکەن، ڕۆڵەیەکی وەک فەرزادی کەمانگەر کە چووە سەردارو سەری بۆ دوژمنانی کورد دانەنواند، بە هەق شایانی دایکێکی ئاوا ئازاو دڵگەورەیە، ئەگەر فەرزاد بە نەمری مایەوە، دایکی بە دڵگەورەییو بە سەربەرزی دەژی.

لە ماوەی ئەم یەک ساڵی رابردوو دا چەندین خەڵات بەخشراوە بە چەند ژنی کوردو ئێرانی کە لە مەیدانی خەبات دا لە ریزی پێشەوە بوون، ئەگەر دایکی فەرزادی کەمانگەر ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخساوە، لە جیاتی ئەوە میداڵی رێزو خۆشەویستیو ئەمەگناسیی هەموو نەتەوەکەیو ئازادیخوازانی بە بەرۆکەوەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مێدیای کوردی و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی

✍سۆران عەلیپوور

**"مەک لۆهان فەیلەسوف و کۆمەڵناسی کانادایی دەڵێ لەگەڵ ئەوەدا سەرچاوەی تەکنەلۆژیا و زانیاریەکان مرۆڤ بۆخۆیەتی، بەڵام هەر مرۆڤێکیش لە هەر سەردەم و قۆناغێک دا لە دایکبووی تێکنۆلۆژی سەردەمەکەی خۆیەتی".**

ئەگەر ئەو وتەیە بکەینە بەردەبازێک بۆ باسەکەمان بەومانایەیە کە شۆرشی زانیارییەکان و دەزگاکانی راگەیاندنی گشتی جۆرێک لە مرۆڤیان بەرهەم هێناوە(بەژن و پیاوەوە) کە لە مرۆڤی سەردەمی شۆرشی پیشەسازی یان سەردەمی داهێنانی سینەما و تی ڤی ناچێ.

ئەو وتەیە بەشێکی گەورە لە راستی لە ناخی خۆی دا هەڵ گرتوە، بەڵام هێشتا میدیا بەرەو ئەوە نەرۆیشتوە وێنای مرۆڤێک پێشکەش بکا کە بێجگە لە مۆرکی میدیا مۆرکی هیچ پرۆسە و دیاردە و دۆخێکی دیکەی کۆمەڵگەی پێوە دیار نەبێ، لەوانەیە وتەکەی ماک لۆهانیش زیاتر بۆ پێداگرتنەوە لە گرینگی رۆلی مێدیا بێ لە دنیای ئەورۆ دا و بەکارهینانی بێ وەک دەستەواژەیەکی مەجازی بۆ وێنا کردنی جیهانێک کە مێدیا لە دروستکردنی دا جێ پەنجەی دیارە، ئەوەیان راستییەکە کە پشت گوێ ناخرێ.

**مێدیا چیە؟**

گەر ئەو پرسیارە لە قوتابییەکی ناوەندی یان کرێکارێکی ئاسایی بکەی، بێ دوودڵی وڵام دەداتەوە کە مێدیا تی ڤی و رۆژنامە و ئەنتەرنێت و رادیۆ و سینەما وکتێب و گۆڤار..........هتد. راستییەکە ئەوەیە کە ئەوانە بە تەنها مێدیا نین، ئەوانە ئامرازەکانی بەردەستی مێدیان، مێدیا سیستمێکی ئالۆزی زەینی و عەینی ئالوگۆرکردنی کاڵای فەرهەنگی و سیاسی و هەموو بەستێنەکانی دیکەی مرۆڤایەتیە، کە ئامانج لە هەبوونی ئەو سیستەمە تەنها ئالوگۆر کردن نیە، بەڵکوو ئامانج کاریگەری دانان و گۆڕان و دروستکردنی گوتارە، واتە لە پشت هەر پەیامێکی مێدیا هەزاران وردە پەیامی دیکە خۆی حەشار داوە.

**مێدیا، خزمەتکارێکی باش یان خاوەنێکی دڵرەق**

بەر لەوەی باس لە پەیوەندیی نێوان مێدیای کوردی و بزووتنەوەی ژنان بکەین، دەبێ باس لەوە بکەین کە مێدیا چی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردوە، تایبەتمەندییە باش و خراپەکانی مێدیا چیە؟ چونکە مێدیای کوردی لەگەل ئەوەدا هەڵگری هێندێک خەسڵەتی لۆکاڵی تایبەت بە خۆیەتی، هێندێک تایبەتمەندی مێدیای گلۆبالی لە ناخی خۆی دا هەڵگرتوە.

**مێدیا وەک خزمەتکارێکی دڵسۆز**

١. لە سەردەمی پڕ جەنجاڵی سەرهەڵدانی شۆرشی زانیاری و بایەخ پەیداکردنی راگەیاندن دا، بە شێوەیەکی ناچاری کاڵا فەرهەنگیەکان بایەخی خۆیان پەیدا کرد، بە بەراورد کردن بە رابردوو کە کاڵا مادیەکان برەویان هەبوو، بۆ نموونە خودی بزوتنەوەی ژنان یان فێمینیزم وەک کالایەکی فەرهەنگی لە راگەیاندن دا فۆرمێکی جیهانی تری بەخۆیەوە گرت و پێناسێکی نێودەوڵەتیش لە فێمێنیزم دروست بوو کە وێرای ون نەکردنی خەسڵەتە ناوچەییەکانی ئەو بزووتنەوەیە، توانی ببێ بە خاوەنی چەند ئەرزشێکی جیهانی. راگەیاندن لە دنیای ئێمەدا موزیک، فیلم، هەواڵ، دیزاین و وێنە ..بەو رادەیە دەکاتە سەرمایەیەکی گشتی کلتووری کە وەبیرمان دێنێتەوە هەموومان خەڵکی زەوین. لە رابردوو دا دەزگایەک نەبوو ئەو کارە بکا، کەل و پەلە مادییەکان لە رێگەی قافلە و کاروانە بازرگانییەکانەوە دەهاتن و دەچون، لەگەل ئەوەدا کە بەشێک لە کلتووری ولات یان نەتەوە و ناوچەیەکان دەگواستەوە، بەڵام ئەوە کاری سەرەکیان نەبوو.

٢. شۆرشی زانیاریەکان و مێدیا پێکهاتەو ساختاری کلاسیکی حکوومەتەکانیان گۆری یان دەستیان هەبوو لە گۆرینی دا،

٣. زیاد بوونی ئاگایی و وشیارییەکی





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زیاتر، بە تایبەت کە تیکنۆلۆژی خزمەتێکی گەورەی بە راگەیاندن کرد. بۆ نموونە بۆ تێکەڵ بوون بە خزمەتگوزارییەکانی رادیۆ و تی ڤی پێویست ناکا بیسەر یان بینەر خوێندەوار بێ بۆ ئەوەی بێتە نێو ئەو پرۆسەیە. بە لەبەرچاو گرتنی ئەو راستییەی کە ژنان ژمارەیەکی گەورەی ئاماری نەخوێندەواری لە جیهان دا پێک دێنن، سەرنج دان بە وشیار کردنەوەی ژنانیش لەو رێگەیەوە گرینگە.

٤. راگەیاندن ئەزموون و ئبتکارێکی تازەی داهێنا، یان سیستمێکی نوێی دێموکراسی داهێنا کە بە سایبێر دێموکراسی ناسراوە، یان دێموکراسی دیجیتالی، پرسیاری گرینگ لێرەدا ئەوەیە چۆن ئینترنێت دەتوانێ خزمەت بە بەهێزکردنی رەوتی دێموکراتیک بکا و دێموکراسییەکی کراوەتر پێک بهێنێ.

٥. گفتمان یان گوتارەکان بەجیهانی دەبن، گشتی دەبن، چەمکەکانی وەک مافی مرۆڤ، مافی ژنان، کەمینەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی، بزووتنەوەی مەخمەلی، کۆرەوی کوردان، موزیکی پاپ، فیلمێکی بەهمەنی قوبادی، روخساری نەدای ئاقا سوڵتان، دەبن بە سەرمایەیەکی گشتی، یان دەیانکا بە خەمی گشتی. بەها دێموکراتیکەکانیش وەک پلۆرالیزم و ئازادی رادەربرین برەو پێ دەدا.

٦.راگەیاندن توانی لە فراونکردنی سنوورەکانی بەشداری گشتی (مشارکت عمومی) دا، جێ پەنجەی خۆی دیاری بکا بە تایبەتی ئەنتەرنێت لەو رووەوە چەندین هەنگاو لەپێشترە، رادیۆو تی ڤی وەک دوو رەگەزی کلاسیکی راگەیاندن لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکەدا ناکام مانەوە و نەیانتوانی کار بکەنە سەر ساختاری نەریتی دەسەڵات( لێرەدا دەزانین کە بۆچی لە مێدیای ئێمەدا رێژەی بەشداری گشتی نەچۆتە سەرێ) چونکە رێژەی بەشداریی گشتی لە دوو دەزگای وەک رادیۆ و تیڤی دا کەمترە تا ئینترنێت.

٧.مێدیا سەکۆیەک دروست دەکا کە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی تێدا نمایش دەکرێ، ئەو نمایش کردنەش هاوکات لە نێو خودی مێدیاوە کۆنترۆل دەکرێ. تایبەتمەندیەکی مێدیا ئەوەیە بێجگە لەوەی بەستێنی بەشداری گشتی فراوان دەکا، چاودێری و کۆنترۆلی ئەو پرۆسەیەش دەکا لە نێو خۆی دا، یانی بە سیستمێکی دیالێکتیکی پێشکەش کردن و کۆنترۆڵ کردن کار دەکا.

٨. مێدیا توانیویەتی پەردە بە رووی توندوتیژی دا هەڵ بداتەوە و لە ئاشکراکردن و ناساندنی توندوتیژی و جۆرەکانی دا رۆڵی خۆی بگێرێ، ئەو خاڵە بۆ ژنان بایەخی خۆی هەیە لە کاتێک دا ئەوان یەکێک لە قوربانییە سەرەکییەکانی توندوتیژین.

٩. مێدیا فەرهەنگسازی دەکا و ئێستا بە شێوەیەکی سەرسورهێنەر نەوە نوێکان لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان دا رەنگ و رووی مێدیا بەخۆیانەوە دەگرن و دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو گوتارە زاڵەی لە راگەیاندنی ئەورۆی جیهانی دا هەیە، ئەوە سەبارەت بە لاوێک لە پاریس و لاوێکی دیکە لە هەولێر وەک یەک راستە.

**مێدیا وەک خاوەنێکی دڵرەق**

١، مێدیاکان تاوان لە سیستمێکی سادەی خیابانی دا بۆ بیسەر و خوێنەر و گوێگر دەگوازنەوە، سەرنجی رای گشتی بۆ ئەو جۆرە لە تاوان رادەکێشن و تاوانە گەورەکان لەبیر دەکرێن یان پەراوێز دەخرێن.

٢. لە وڵاتانی نەریتی دا مێدیا خۆی لە قەرەی فاکتەرە سەرەکییەکانی پەرەسەندنی توندوتیژی نادا، تەنانەت لە دروست کردنی دیالۆگێکی مەدەنی بۆ باس لە رۆلی دین و کلتوور و ئاین و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لە پەرەگرتنی توندوتیژی دا ناکام ماوەتەوە.

٣. مێدیاکان هێندیک جار ناراستەوخۆ دەبنە هۆکاری رووданی تاوانێک یان رووداوێکی نەخوازراو، چونکە لادانەکان و رووداوەکان ئەوەندە دووبارە دەکەنەوە، لە دیدی ئەویتر دا دەبنە دیاردەیەکی ئاسایی رۆژانە، وەک خۆ سووتاندن و لە ماڵ هەڵاتن و .....بە واتایەکی دیکە خزمەت بە نەریت شکێنی دەکا، ئەوەی قەدەغەیە و تابۆیە دەیکا بە شتێکی ئاسایی.

٤.بیر و باوەری کۆمەڵایەتیی و باوەری گشتیی لاواز دەکا، رێپۆرتاژەکان و هەواڵەکان مرۆڤەکان دەخەنە دوودڵی و دلەراوکێوە و سەبارەت بە پەیوەندییەکانیان و ژینگەی دەوروبەریان نیگەرانیان دەکا.

٥. ئەگەر رۆڵی مێدیا لە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی دا زۆر بێ، ترسی ئەوە دێتە گۆرێ کە رۆڵی شێواز و رێگەکانی دیکە لەو بزووتنەوەیەدا بە رادەیەک کەمرەنگ بێتەوە کە کێبەرکێیەک بۆ بەدەستەوە گرتنی ئامرازەکانی راگەیاندن دروست بێ، کە ئامانجی لاوەکی و ئەو رەقابەتە لاوەکییە لە خودی بزووتنەوەکە و ئامانجەکانی، زیاتر بایەخ پەیدا بکا.

٦. بزووتنەوەی ژنان توانا و

**کاتێک "دوعا" یان دوعاکانی ئێمە بەردەباران دەکرێن و توندوتیژیان دەرهەق دەکرێ، مێدیای ئێمە ئەوەندەی بە دوای پاساوێکی لاوەکی بۆ پاساودانی ئەو دیاردەیە دەگەرێ و هێندەی خەمی پاراستنی ئابرووی نەتەوایەتیەتی، هێندە خەمی لێکدانەوەو بەرۆژەڤ کردنی ئەو رووداوەی نیە، توندوتیژیەکە لەو فۆرمەدا کە دەبێ ببیندرێ و بناسێنرێ دەهێنرێتە دەر و سەرەنجام بە فاکتی هەبوونی دەستی دەرەکی یان پاساوێکی دیکە خاڵی کۆتایی دادەنرێ**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێز و پتانسیەلێکی زۆر سەرفی چالاکییە ئینتێرنێتیەکان دەکا، لە حالێک دا ئینترنێت دنیایەکی مەجازیە، هەقیقی نیە و ئەوەش وادەکا کە بزووتنەوەکە لە دنیایەکی مەجازی دا بهێلێتەوە و لە دنیای راستەقینە دایبڕێ.

٧. زەرفیەتی راگەیاندن بەورادەیە نیە کە بابەتی جدی و هەمەلایەنە لە سەر کێشەی ژنان بگرێتە خۆی و بە بڵاو کردنەوەی بابەتی کورت و سەرپێی قەناعەت دەکا، تەنانەت ئەگەر بڵاو بکرێتەوە رێژەی خوێنەر یان بیسەر یان گوێگری نەفەس درێژ ئەوەندە لەسەرێ نیە کە بە پرۆسەیەکی دوو لایەنە ئەو بۆشآییە پڕ بکەنەوە، ئەوەش بۆخۆی درێژە بە هەژاری تیۆری بزووتنەوەی یەکسانیخوازی دەدا و لە بازنەیەکی داخراو دا دەیهێڵێتەوە.

٨. باسێکی دیکە ئەوەیە کە ئەگەر دەزگای راگەیاندن دەوڵەتی بێ برەو بە جۆرێک سنوورداری لە پەیام و ئەرکەکانی دا دەدا کە بەرژەوەندی حکوومەت نەخاتە مەترسییەوە و بە پێچەوانەش ئەگەر راگەیاندن سەر بە کەرتی تایبەتی بێ بۆ مانەوەو درێژ کردنەوەی تەمەنی برەو بە بازرگانی کردنی راگەیاندن دەدا.

**مێدیای کوردی و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی**

مێدیای کوردی دەبێ لە پێوەندی لەگەل دوو چەمک دا لێی بڕوانرێ، چەمکیک کە گوتاری زاڵی مێدیای کوردییە(ناسیۆنالیزمی کوردی) و چەمکێکیش کە پانتاییەکی خزمەت نەکراو و پەراوێزخراوی مێدیای کوردییە(بەشداری کردنی گشتی)، لەبەر ئەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی ناسیۆنالیزمیکی پیاوانەیە و هەڵگری پێناسەیەکی پیاوانەشە، میدیای کوردیش کە خراوەتە خزمەت ئەو ناسیۆنالیزمە میدیایەکی پیاوانەیە، پیاوانە نەک بەو مانایە کە ئەکتەرەکانی ئەو پرۆسەیە ژن نین، بەڵکوو بەو مانایە کە هەڵگری دەنگ و خەسڵەت و رۆحیەتێکی پیاوانەیە.

بە هۆی هەبوونی کێشەی نەتەوایەتی لە کوردستان دا، مێدیا لە بەشێک لە گرینگترین کارکردی خۆی کە گەیاندنی زانیاریە بێبەش کراوە، چونکە خودی زانیاری گەیاندنەکەش دەبێ لە خزمەت پرۆژەیەکی گەورەتری مەسەلەی نەتەوایەتیی دا بێ و سەرکەوتنی تەواوی پرۆژە و بەرنامەکانی دیکە بەستراوەتەوە بە سەرکەوتنی ئەو پرۆژە سەرەکیە، بە مانایەکی دیکە هەتا پرۆژەی ناسیونالیزمی کوردی (ئەگەر هەبێ) دوا بکەوێ، پرۆژەی فێمینیزمی کوردیش دوا دەکەوێ. بۆ رزگار بوون لەو هاوکێشە ئاڵۆزەی نێوان ناسیۆنالیزم و گوتارەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردی دیتنەوەی رێگە چارەی سێهەم نەبووە بە خەمی لایەن و هەڵسوراوانی ناسیۆنالیستی کوردی.

لە یەکێک لە قۆناخە گرینگەکانی مێژووی کورد دا کە کۆماری کوردستانی تێدا دادەمەزرێ، رێکخراوێکیش بۆ ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دادەمەزرێ، گومان هەیە لەوەی کە زەرورەتێکی ژنانە ئەو رێکخراوەی دامەزراندبێ، ئەوەندەی کە زیاتر وەک زەروورەتێکی ناسیۆنالیستی دێتە بەرچاو.

کەواتە مێدیایەکیش کە لە خزمەت ئەو ناسیۆنالیزمە دایە یان هەر بڵێین کە ئەگەر راستەوخۆ سەر بە لایەنێک یان حیزبێک نەبێ، ناراستەوخۆ لە ژێر چەتری ئەو بیر و باوەرە دایە، وێنەیەک لە ژن دروست دەکا کە زیاتر وێنەی ژنێکی خەباتکارە تا مافخواز، بە پلەی یەکەم ناسیۆنالیستە دوایە فێمێنیستە، کێشە بنەرەتیەکی کورد بوونەکەیەتی نەک ژن بوونەکەی.

لە ئەنجام دا مێدیای ئێمە وێنەیەکی راستگۆیانە لە ژنی کوردی ناگوازێتەوە، ئەگەر بیشیگوازێتەوە بە هۆی رەچاوکردنی هێندێک نۆرم و بەهای کۆمەڵایەتیی کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی ئێمە سەخت پێویستی پێیەتی، جۆرێک ئارایشی دەکا کە هاوسەنگیەک لەو نێوە دا رابگرێ. بە دەیان جار خۆکوژی و خۆسووتاندن و توندوتیژی کردن لە نێو کەمپەکانی حیزبە کوردییەکان رووی داوە، دیارەیەکی ئاوا نەک هەر ئاوری لێنەدراوەتەو بەڵکوو پەردەپۆش کراوەو ، هەر جۆرە توندوتیژییەکیش بەرامبەر هەر ژنێک بکرێ بە مەرجێک تاوانبار لایەنی سێهەم یان دوژمن بێ، بێ درەنگی بڵاو دەکرێتەوە،ئایا ئەگەر سبەی ئەو لایەنانە بە دەسەڵات بگەن دیسان هەمان ئەزموون دووبارە ناکەنەوە؟

کاتێک "دوعا" یان دوعاکانی ئێمە بەردەباران دەکرێن و توندوتیژیان دەرهەق دەکرێ، مێدیای ئێمە ئەوەندەی بە دوای پاساوێکی لاوەکی بۆ پاساودانی ئەو دیاردەیە دەگەرێ و هێندەی خەمی پاراستنی ئابرووی نەتەوایەتیەتی، هێندە خەمی لێکدانەوەو بەرۆژەڤ کردنی ئەو رووداوەی نیە، توندوتیژیەکە لەو فۆرمەدا کە دەبێ ببیندرێ و بناسێنرێ دەهێنرێتە دەر و سەرەنجام بە فاکتی هەبوونی دەستی دەرەکی یان پاساوێکی دیکە خاڵی کۆتایی دادەنرێ.

زۆربەی جار لە ئاستی هەواڵێکی سادەدا رووداوێکی گرینگ کە دەلالەت لە ناهاوسەنگیەکی گەورەی کۆمەڵایەتیی یان نەخۆشیەکی ترسناک لە ناخی کۆمەڵگە دا دەکا بڵاو دەکرێتەوە، کە ئەگەر لە وڵاتێکی دیکە شتێکی ئەوتۆ روویدا. خودی راگەیاندن دەیکا بە هەڵآیەکی گەورە.

واتە ئەو مەودا دووردەستانەی کە دەبێ میدیا ببینێ و خزمەتی پێ بکا نایگرێتە خۆی، مەسەلەی ژنان ناکا بە بابەتیکی وروژێنەر، لە بنەرەت دا مێدیای کوردی کێشەو غەمەکانی ژنی کوردی نەکردوە بە هی خۆی.

مێدیایی کوردی لەگەڵ ئەوەدا تەمەنێکی زۆری نیە وەک هەر مێدیایەکی دیکە هەڵگری چەند خەسڵەتیکی تایبەتی و چەند خەسڵەتیکی گشتییە. ئەو مێدیایە بەو هۆیە کە مێدیایەکی سیاسی بووە و بارگاوی کراوە بە هێندێک پەیامی دیکە، لە لایەکی دیکەشەوە رەگەزە کلاسیکیەکانی راگەیاندن وەک رادیۆ و رۆژنامە لە رووی تکنیکیەوە ناتوانن وڵامدەری داخوازی بەشداریکردنی گشتی بن.

دروست ئەوەیە لە نێوان ئەو پێوەندیە ئاڵۆزەی ناسیۆنالیزم و مێدیای کوردی دا ژنانیش پانتاییەکی دیکە یان بەستێنێکی دیکە بۆ خۆیان ببینەوە کە بیان کا بە خاوەن گوتارێکی بە هێز.

تا چەمکی بەشداریی گشتی لە رێگەی مێدیاوە بچێتە سەرێ بزووتنەوەی ژنان سوودمەند دەبێ. مێیدیایەکی ناسیۆنالیستی و دەمارگرژ ناتوانێ وەڵامدەری هەموو چاوەڕوانیەکانی کۆمەڵگەکەی بێ و دەنگی جیاوازی گرووپە رەنگاو رەنگەکانی نێو کۆمەڵگە بگوازێتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەندامەتی کۆماری ئیسلامی

# لە کۆمیسیۆنی "پێگەی ژن" دا!

کویێستان فتووحی

**کێشەکانی ژنانی ئێران بە لای رێکخراو و نیهادەکانی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە گرنگ نیە؟!**

لە مانگی فێوریەی ئەمساڵدا ئێران خۆی بۆ ئەندامەتی لە شوورای مافی مرۆڤ پاڵاوت، بەڵام بە هۆی نارەزایەتی هێندێك وڵاتان و پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤ، لەسەر خۆپاڵاوتنی ئێران بۆ ئەم شوورایە، ئێران ناچار بوو پێش ئەوەی هەڵبژاردنەکە بکرێ بۆخۆی کشایەوە. بێگومان ئەمەش سەرکەوتنێك بوو بۆ لایەنگران و پارێزەرانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا و شکستێکی سیاسیش بوو بۆ رێژیمی ئێران. بەڵام بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو شکستەی هات خۆی بۆ ئەندامی کومیسیۆنی پێگەی ژن پاڵاوت، تاکوو وا بنوێنێ کە لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دانەبڕاوە و دانابڕێ.

کۆمیسیۆنی "پێگەی ژن "دەڵێ، مەبەستی سەرەکیم یەکسانیی مافی ژن و پیاوە و هەوڵدانە بۆ پێشخستنی ژنان لە جیهاندا، کەواتە چۆنە رێژیمێکی وەك رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە تا ئێستاش کونوانسیۆنی هەڵاواردن لە دژی ژنانی واژۆ نەکردوە، دەتوانێ لەوێدا ببێ بە ئەندام ؟! ئەمە هەرگیز لەگەڵ ئەم دروشم و ئامانجانەدا نایەتەوە کە بەندییەی بۆ ئەندامەتی لەو کومیسیۆنەدا (کومیسیۆنی پلەی ژن) نەدەبوو سەهمییەبەندیی ناوچەیی بێ، بەڵکوو سەلاحییەت لە رەفتار و کردەوەی ئەو وڵاتەدا کە هەڵ دەبژێردرێن دەبوو بکرێتە بنەما بۆ



ئەو کۆمیسیۆنە دەیڵێ. ئەوەی کە هەموو وڵاتێك دەتوانێ لەو کومیسیۆنەدا ببێ بە ئەندام، جێگەی سەرسوورمان و رەخنەیەکی جیددییە لە ساختارو قەوارەی ئەو کۆمیسیۆنە. ئەوە پێشێلکردنی ئەسڵەکانی خۆیانە کە سەرەکیترینیان یەکسانیی مافی ژن و پیاوە. ئەو سەهمییە هەڵبژێران . وا دیارە ئەو رێکخراو و نیهادە جیهانییانەش ناتەباییان هەیە لەگەڵ پرنسیپ و دروشمەکانیان!

گۆیا چەسپاندنی مافی ژنان و ئەو راسپاردانەی کە لە هەلومەرجی تایبەتدا بۆ وریاکردنەی ئەو وڵاتانەی کە لە بواری مافی ژنان دا کەمتەرخەمن، بەرپرسایەتی و ئەرکی ئەو کۆمیسیۆنەیە.

ئەندامانی کۆمیسیونەکە ساڵانە لە دەفتەری ناوەندی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیۆیۆرك کۆدەبنەوە تا کوو هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە لە سەر پێشکەوتن، دیتنەوەی کێشە، قەیرانەکان و هەلومەرجە ئیستاندارده جیهانییەکان بکەن و ئەو سیاسەتانە گەڵاڵە بکەن کە دەبێتە هۆی دەستەبەر بوونی یەکسانیی ژن و پیاو و پێشکەوتوویی ژنان لە سەراسەری جیهاندا.

بەڕاستی بوونی رێژیمێك کە تۆسقاڵێك پابەند نیە بەم بنەمایانەوە، لە کۆمیسیۆنێکدا کە ئەمە سیاسەت و ئاماجەکانی بێ گاڵتە کردن نیە بە خودی ئەو کومیسیۆنە؟! ٣١ ساڵە ژنانی ئێران لە لایەن رێژیمی حاکم بە سەر خەڵکی ئەم وڵاتەدا، دەستدرێژی دەکرێتە سەر مافەکانیان لە پێناوی چی دا رێژیمێکی ئاوا دەبێ بە ئەندام لە کۆمیسیۆنێکدا کە پێوەندی هەیە بە مافی مرۆڤەوە؟.

**رۆژنامەی " گلوبال پۆست" لە گەڵ نارەزایەتی دەربڕین لە دانیشتنی ئێران لە سەر کورسیی مافی ژنان لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لە وتارێکدا نووسیویەتی "رێگەدان بە ئێران لە کومیسیۆنێکی ئاوادا**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وەك ئەوە وایە مەڕی بە گورگ بسپێری ". لە بەشێکی دیکەی وتارەکەی "گلوبال پۆست" دا هاتوە ولاتێك كە بە پێی قانوونەکەی ئەگەر

**کۆمیسیۆنی پێگەی ژن دەڵێ، مەبەستی سەرەکیم یەکسانیی مافی ژن و پیاوە و هەوڵدانە بۆ پێشخستنی ژنان لە جیهاندا، کەواتە چۆنە ڕێژیمێکی وەك ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە تا ئێستاش کۆنوانسیۆنی هەڵاواردن لە دژی ژنانی واژۆ نەکردوە، دەتوانێ لەوێدا ببێ بە ئەندام ؟! ئەمە هەرگیز لەگەڵ ئەو دروشم و ئامانجانەدا نایەتەوە کە ئەو کۆمیسیۆنە دەیڵێ**

ژنێك لەگەڵ پیاوێکی‌دا دیکەدا بخەوێ بە تاوانی "زینا" تا سەر سینگی دەخرێتە نێو چاڵ و بە بەردباران گیانی لێ دەستێنن، ئێستا دەبێتە بەرپرسی پێ‌ڕاگەیشتن بە مافی ژنان! یان هەر بە پێی قانوونەکەی پیاوان ڕێگەیان پێ‌دراوە تاکوو دەستدرێژی جینسی بکەنە سەر هاوسەرەکانیان، ئێستا بەرپرسی ڕاگەیشتن بە مافی ژنانە؟! ئێران بە پێی ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٨ی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا زیاتر لە ٥٢/٧ لە سەدی ژنانی لە نێو ماڵەکانیاندا دەکەونە بەر توندوتیژی جەستەیی لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە، ئێستا دەبێتە بەرپرسی پێ‌ڕاگەیشتن بە مافی ژنان؟! هەر لەو وتارەدا دەنووسرێ لە ئێران بە پێی قانوون تەنانەت ژنانی باڵغیش بۆ زەماوەند پێویستیان بە ڕەزامەندی باوکیان هەیە، یان شاهیدی دانی دوو ژن بەرابەرە لەگەڵ پیاوێك یان مەلایەکی ئەو ولاتە ماوەیەك لەمەوبەر ڕایگەیاندوە کە بوومەلەرزە و هەر بەڵایەکی دیکە بەسەرمان بێ ئاکامی بێ‌حیجابیی ژنانە لە ولاتێك کە بەم شێوەیە بیر بکرێتەوە و پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی ژنان لە تایبەتمەندییە ناسراوەکانی

**نیزامەکەیەتی، شایستەی ئەم شوێنە نیە.؟"**

یان ئەو کۆمیسیۆنە بەڕاستی پابەند نیە بەم ئەسڵانەوە کە خۆی ئیدیعایان دەکا! یان ئەمە گاڵتە کردن و سووکایەتییە بە چارەنووس و ئامانجەکانی ژنانی ئێران دەکرێ!

جیهانیان شاهیدن کە بە هۆی پێشلکردنی مافی مرۆڤ و بەتایبەت مافی ژنان لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە، هەموو ساڵێ لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕێژیمی ئێران مەحکووم کراوە بەڕاستی ئەندامبوونی لە ڕێکخراوێکدا کە یەکێك لە پرنسیپەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤە جێی سەرسووڕمانە! لە هەموو گرنگتر ڕێکخراوێك کە بەرهەمی ڕەنجی بزووتنەوەی جیهانیی ژن و پارێزەرانی مافی مرۆڤە ڕێگا بەو جۆرە ڕێژیمانە دەدا ببنە ئەندامی.

ڕێژیمی ئێران نەك شایستەی ئەوە نیە لەو کومیسیۆنەدا ئەندام بێ، ڕەوا نیە لە هیچ یەك لەو ڕێکخراو نیهادانەی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن، ئەندام بێ. پێم وایە بوونی ڕێژیمی ئێران لە کومیسیۆنی پێگەی ژن دا جگە لە بێعتبار بوونی ئەو کۆمیسیۆنە، لەبەر چاوی هەموو ئەو مرۆڤانەی کە بەڕاستی لە هەوڵی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دان، بە تایبەت لەبەر چاوی میلیۆنها ژن لە ئاسیا و بە تایبەتی لە ئێران، قازانجێکی نیە. ئاشکرا و ڕوونە سیاسەت و کردەوەکانی ڕێژیمی ئێران بە پێچەوانەی پرنسیپ و دروشمەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە و قەت پابەند نەبووە بە پەیماننامە نێونەتەوەییەکان و بەم سیاسەت و ماهییەتەی کە هەیەتی قەتیش پابەند نابێ. کۆمەڵگەی جیهانییش زۆر باش ئەوە دەوانێ، بەڵام ئایا تا کەی هەلومەرجی مافی مرۆڤ لە ئێراندا دەبێ بە قوربانی ساتوسەودای سیاسی و ئابووری بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژن لە ئاوێنەی یاسا کۆنەکان دا

✍عیسمەت نستانی

بەئاوڕدانەوە لە مێژوویی مرۆڤایەتیی و تا هەنووکەش هێندێك لە ئایینەکان و یاساو رێساو داب و نەریتەکان لەمپەر بوون لەبەردەم ماف و ئازادییەکانی ژنان، لێرەدا ئاماژەیەکی کورت بە هێندێك لەو ئایین و یاساو رێسایە لە کۆمەڵگا شارییە کۆنەکان دەکەین، کە چۆن هەریەکە لە ڕوانگەی خۆیەوە ڕەفتارو مامەڵەی لەگەڵ ژن کردوە.

لە سەردەمی یۆنانی کۆن لەگەڵ ئەوەی شاری ئەتینا( ئەسینا) بەرەو شارستانیەت و گەشەسەندن چوو بوو، ژنان بە دوو چینی جیاواز لە یەکتری دابەش کرابوون .

چینی یەکەم ژنی سەربەست کە ئەو چینە بە هاووڵاتی ڕەسەن ناو دەبران و چینی دووەم ژنی بێگانە. شاری ئەتینا( آتن) بەیەکێك لە گەورەترین شارەکانی یۆنان دادەنرا، دانیشتووانەکانی نزیکەی ٣٠ هەزار کەس دەبوو، پەیوەندی خوێن هەموویانی بەیەکەوە بەستبوو و خۆیان بە کەس و کاری یەکتری دەزانی. هاووڵاتیانی ئەو شارە خاوەنی مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی و موڵکی تایبەت بوون، پەیوەندی ژن و ژنخوازی زیاتر پێکەوەی بەستبوونەوە، دیارە ئەوەش بۆ ئەوە بوو کە نەوەکانیان ڕەسەن بن، ئەو ماف و ئیمتیازانەی کە هەیانە بۆ خەڵکی بێگانە نەبێ .

پیاو چاودێری ژنی کردوە بۆ ئەوەی خیانەتی لێ نەکا و لە ئەنجامدا بێگانەیەك دروست بێ و مافی هاووڵاتی بدرێتێ. چونکوو هاولاتی بۆ ئەو کەسە بوو کە لە دایك و باوکی ئەتینایی بووبێ و ئەوەش لە باوانیان بۆ نەوەکان دەمایەوە.

لەو کۆمەڵگایەدا لە دەرەوەی خێزان هیچ پەیوەندیەك لە نێوان ژن و پیاو دا نەبووە و هەموو شوێنە گشتیەکان بۆ پیاوان بووە. ژن نەیتوانیوە شەریکی ژیان بۆ خۆی هەڵ بژێرێ، لە تەمەنی ١٥و ١٦ساڵی دا کچ دراوە بە پیاوی تەمەن ٣٠ ساڵ و زیاتر بە مانای ئەوەی کە عەقڵی کامل بووە و دەبێ بەرپرسیاریەتی ژنێتی بکەوێتە سەر شان. لەو سەردەمەدا ژن پەچەی پۆشیوە، دیارە پەچە تەنیا بۆ ژنە سەربەستەکان بووە، ئەوەش بەو مانایەی کە ژن موڵکی پیاوێکە و خاوەنی هەیە.

لاروس لەو رووەوە دەڵێ: ژنان لەکاتی چوونە دەرەوە خووماریان بەکار دەهێناو دەم و چاویان پێی دادەپۆشین وەك ئەوەی کە لە لای گەلە رۆژهەڵاتیەکان لە سەدەی ناوەراستیشدا باوبووە.

ئەرکی ژنی ئەتینا پارێزگاری کردن لە شەڕەفی خێزان و دڵسۆزی و وەفا بووە . ئەگەر ژنێك خیانەتی بکردایە سزا دەدرا. ئەگەر مێردی مردبا دەبوو لە ماڵی باوانی وەمێنێ تاکوو بە ئارەزووی خۆیان دەیان دایە پیاوێکی دیکە. دیارە لەو سەردەمە لەو کۆمەڵگایەدا ژنان بۆخۆیان بەو کلتوورە رازی بوون و بەواجبی سەرشانی خۆیان زانیوە.

هەروەکو ژنێکی فیساغۆروسی دەڵێ: لەسەر ژن واجبە هەموو بوارە ناهەموارەکانی مێرد هەڵگرێ جا لەبەخت ڕەشی بێ یان نەزانی و نەخۆشی و خواردنەوەی مەشروب یان بەد ڕەوشتی لەگەڵ ژنێکی دیکەدا، چونکە ئەوانە لە ژیانی ژن و مێردایەتی روو دەدەن، بەڵام ئەوە بۆ ژن ڕەوا نیە چونکوو لەگەڵ سزای قورس رووبەروو دەبێ.

ژن لە ئەتینا لە رووی سیاسیەوە هیچ مافێکی نەبووە، لە رووی یاسایی یەوە لە پیاو بەکەمتر دانراوە، بۆی نەبووە لە کاروباری دەرەوەدا بەشداری بکا، لە شاهیدی دان بێ بەش بووە و نەیتوانیوە، ببێتە لایەنێکی پەیوەست نامەیەکی یاسایی، لە ژێر ئەمری باوك و مێرد دابووە.

لە کۆمەڵگای ئەتینادا ژنە بێگانەکانیش خاوەنی هیچ ماف و ئیمتیازێك نەبوون. دەوڵەت و حکومەت چاودێری ئەو ژنانەیان کردوە بۆ ئەوەی تێکەڵاوی لەگەڵ پیاوە هاووڵاتیەکان نەکەن و خوێنی کۆمەڵگای ئەتینا پیس نەکەن.

"جۆستەنیان" سەبارەت بە ژن لە "ڕۆمانی" کۆن دا دەڵێ: ژن لەو کۆمەڵگایە واتە ژنە سەربەستەکان بۆیان نەبووە لە بەرێوەبردنی کاری گشتی بگرنە ئەستۆو لە ژێر دەسەڵاتی پیاوان دابوون.

حوکمی ژن لە یاسادا لەگەڵ حوکمی پیاو جیاواز بووە. لە بیروباوەڕدا ژن چۆتە سەر بیروباوەڕی پیاو خاوەنی بیروباوەری خۆی نەبووە. کچ لەسەر بێشکە مارە بڕاوە، بەڵام لە هەندێك ڕووەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژن پێشکەوتووبوون، بۆ نموونە کچ توانیویەتی وەکو کوڕ بخوێنێ و خوێندنگا تێکەڵاو بووە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا تەمەنی شووکردن بۆ کچ ١٢ ساڵ بووەو دەبووایە ژن بچێتە ژێر چاوەدێی مێرد و لە ڕەفتارو مامەڵە ورد بووایە ئەگینا چوکترین سزای کوشتن بوو.

بە پێی یاسای ڕۆمانی، شەڕاب خواردنەوە لە ژن قەدەغە کراوە ئەگەر لەکاتی شەڕاب خواردنەوە مێرد ژنی خۆی بینیبا، دەیتوانی تا پلەی مردن لێی دا. لە لای رۆمانییەکان ژنی بێگانە هیچ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مافێکی نەبوو، تەنیا ژنە ڕەسەنەکان حیسابیان لەگەڵ دەکرا، ژنە بێگانەکان نە لەلایەن دەوڵەت و نە لە لایەن هاووڵاتیان چاودێری نەدەکران، بە پێچەوانەی کۆمەڵگای ئەتینا کە لەژێر چاوەدێری دابوون. ژنە جارییەکان ( کۆیلە) هیچ مافێکیان نەبوو، نەیان دەتوانی شوو بکەن، بەڵام لەگەڵ کۆیلە پیاوەکان دا بە نا مەشروعی ڕایان بواردوە، ئەگەر منداڵیشیان بووایە خاوەنی نەبوون. ئەگەر ژنی کۆیلە لە ٣ منداڵ زیاتری بووایە لە کارە قورسەکانی ماڵی ئاغا دەبوێران.

ئایینە کۆنەکانیش سەبارەت بە مافی ژن ڕۆڵی سلبی و ئیجابیان بووە، بۆ نموونە لە ئاینی زەردەشت پیاو دەسەڵاتی بەسەر ژن دابووە ژن مافی دەستێوەردان و بەکارهێنانی ماڵی خۆی نەبووە. بە پێی یاسای ژن و مێرد ، تەنیا مێرد کەسایەتیەکی یاسایی بووە، بە بەڵگەی یاسایی دەیتوانی هاوسەرەکەی خۆی لە کەل و پەلی ماڵدا بکاتە هاوبەش. لە کاتێك کە مێرد بە ژنی بگوتایە ئازادی و لەگەڵ من نامێنێ ، ژنەکە لە لای مێردەکەی دەرنەدەکرا و ئیزنی پێ دەدرا بەناونیشانی ژنی خزمەتکار (کارەکەر) مێردی دیکە هەڵبژێری و ئەو منداڵانەی لەو مێردە نوێیە و لەکاتی زیندوبوونی مێردی پێشووی لە دایك دەبوون، دەبوونە منداڵی مێردی یەکەمی. لەو کۆمەڵگایەدا پیاو بۆی هەبووە یەکێك لە ژنەکانی بە ئەمانەت بداتە پیاوێکی دیکە، مەرج نەبووە ژنەکە ڕازی بێ یاخود ڕازی نەبێ، ئەگەر منداڵیشی لەم مێردەی بووایە، دەبوونە منداڵی مێردی یەکەمی، ئەوەش بەکاری خێرو یارمەتی یەکتر و هاوئاینی و دەستکورتی دەزانرا.

لە شەریعەتی هیندۆسی، ژن دەسەڵاتی نەبووە، کچ لە ژێر دەستی باوك و ژن لە ژێر دەستی مێرد و بێوەژن لە ژێر دەستی کوڕ دا بووە. لەکاتی مردنی مێرد ژن نەیتوانیوە شوو بکاتەوە. شیربایی نەبووە، ئەگەر باوکێك شیربایی وەرگرتبا بە مانای فرۆشتنی کچەکەی بووە. یاسا کۆنەکانیش بە نۆرەی خۆیان مافی ژنیان پێشێل کردوە، لە یاسای حەمورابی دا لە کاتی ناپاکی مێرد لە مادەی ١٤٢ دا هاتوە و دەڵێ: ئەگەر ژنێك مێردی چاو لەدەر بووایە، واتە داوێن پیس بووایە، دەیتوانێ کەل و پەلی خۆی هەڵگرێ و بچێتەوە ماڵی بابی. هەر سەبارەت بە هەمان تاوان لە مادەی ١٤٣ دا دەڵێ: ئەگەر ژنەکە چاو لە دەربێ و لە نرخی پیاو کەم بکاتەوە فرێدرێتە نێو ئاو.

لێرەدا حەموورابی پاکی و دڵسۆزی مێردی بەرامبەر ژنەکەی بەلاوە گرینگ نەبووە لە تاوانی ناپاکی و چاو لە دەری پیاویشدا هەر ژنەکە سزا دراوە.

لە یاسای (لبث عشتار) لە مادەی ٢٥ سەبارەت بە میراتی ژنی کۆیلە لەکاتی مێرد کردنی بە پیاوێك کە ژنی ئازادی بووە هاتوە و دەڵێ: ئەگەر پیاوێك ژنێکی ئازادی هەبێ و چەند منداڵی هەبێ و ژنێکی دیکەی هەبوو و کۆیلە بوو، لەکاتی ئازاد کردنی ئەو ژنە کۆیلە، پاش مردنی میراتی لێ ناگرێ.

یاسای (اشنونا) سەبارەت بە تەڵاقی ژنی یەکەم لە کاتی هێنانی ژنی دووەم و بوونی منداڵ لە ژنی یەکەم لە ماددەی ٦٠ دا هاتوە دەڵێ: ئەگەر پیاوێك ژنی هەبوو وە ئەو ژنە چەند منداڵی هەبوو تەڵاقی داو ژنێکی دیکەی هێنا، لەو کاتەی کە لە ماڵەکەی خۆی دەردەکرا و هیچ پەیوەندی بەماڵ و موڵکیەوە نەبوو و لە منداڵەکانیشی هەرچی لەگەڵی چووبا لەگەڵ خۆی دەیبردن.

ئەوە چەند نموونەیەکن کە لە ئایین، و یاساو کۆمەڵگا کۆنەکان، سەبارەت بە مافی ژن پێرەویان کردوە.

ئەو وێنانەی سەرەوە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن کە لە کۆنەوە ژنان بە دەستی زوڵم و زۆریەوە دەناڵێنن و تا هەنووکەش گۆڕان لە یاساو عەقڵیەتی بەشێك لە کۆمەڵگاکان، بە تایبەت کۆمەڵگای خۆرهەڵاتی هەر ماوەو پێرەو دەکرێ.

**ئەرکی ژنی ئەتینا پارێزگاری کردن لە شەرەفی خێزان و دڵسۆزی و وەفا بووە . ئەگەر ژنێك خیانەتی بکردایە سزا دەدرا. ئەگەر مێردی مردبا دەبوو لە ماڵی باوانی وەمێنێ تاکوو بە ئارەزووی خۆیان دەیان دایە پیاوێکی دیکە**

سەرچاوەکان:
مێژووی ئاینی زەردەشت ــ عبدوڵلا موبلغی ئابادانی.
— دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا: مەریوان ئەبوبکر هەڵەبجەیی، بەرگی یەکەم.
— ژن - تاك - سیاسەت: ڤیان مجید
— یاسا لە نێوان کۆن و تازەدا: پارێزەر بشیر حسین سعدی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە کوردانی رۆژهەڵات

دێدەوان یەعقووب

یەکێك لەو سیاسەتە چەوت و چەوسێنەرانەی کە لەهەردوو سەردەمی رێژیمی پاشایەتی و کۆماری لەئێران دژ بە نەتەوەی کورد پیادە کراوە و بەو هۆیەشەوە گەورەترین زیانیان لە کورد داوە، قەدەغە کردنی فێربوونی خوێندن ونووسین بووە بە زمانی دایك واتا زمانی کوردی. یان بڵێین بەردەوامی شەڕی تایبەت بووە ، کە هیچی لە شەڕی کوشت و بڕو گرتن و لە سێدارە دان کەمتر نیە، چونکە کاتێك زمان و بەرگمان لێ سەندرایەوە، واتە گۆشەکانی ناسنامەی نەتەوەییمان هەڵدەوەشێتەوە. ئەو سیاسەتەش تا رادەیەکی زۆر لە بەرژەوەندی ئەو داگیرکەرانەی تاران دابووە، تا ئێستاش وایان کردوە سەدان هەزار کوردی رەسەنی ناوچە جیا جیاکانی ئێران زمانی کوردی نەزانن، یاخود زۆر بەکەمی بزانن بە زمانی دایك بدوێن و بۆ نووسین و خوێندنەوەش رێژەکە زۆر سەرتر دەکەوێت؟.

تەنیا لە چەند مانگی تەمەنی کۆماری کوردستان نەبێ ، هەندێك خوێندنگا بە زمانی



کوردی کرانەوە و رۆڵی خۆیان بینی ، بەڵام بەداخەوە دواتر لەگەڵ نەمانی کۆمار ئەوانیش نەمان ، لەوە زیاتر رێگا نەدراوە کە کوردان بە زمانی خۆیان بخوێنن و بنووسن ، دیاریشە کە ئەورێگرییە هەروا بە خۆرایی نەبووە، بەڵکوو بۆ ئەوەبووە کە لە پاڵ شەری کوشت و بڕ و داگیرکاری سوتماك و لەناو بردن، ئەو شەڕەش پەرە پێ بدەن و بەو شەڕە هەمە لایەنانەش درێژەی بە سیاسەتی سەر کوتکردنی کورد و چەواشەکاری نەتەوەیی و مەزهەبی خۆیان بدەن.

لە کاتێکدا کە ئەمرۆ زۆربەی نەتەوەکان رێگایان پێدراون بە زمانی خۆیان بنووسن و بخوێنن و قسە بکەن و گۆرانی بلێن و جل و بەرگیان بپۆشن و داب و نەریتیان درێژە پێ بدەن، بەڵام بۆ ملیۆنان کوردی ئێران ئەو مافە نەدراوە .ئەوەی کە زۆریش سەرنجی راکێشام لەسەردانێکماندا بۆ ئێران و گەڕان بەناو ژمارەیەکی زۆر لە شارەکانی کوردستان بۆمان دەرکەوت کە خەڵێکی زۆر نازانن بە کوردی بخوێننەوە و بنووسن، لەوەش پڕ مەترسیتر ئەوەبوو کە هیچ هەولێکی ئەوتۆ بەدی ناکرێ بۆ ئەوەی لاوان و ژنان و چین و توێژەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان فێری زمانی کوردی بکرێن .

چەندان گەنجی کچ و کوڕی دەرچووی دانیشگاکانم بینی نەیان دەتوانی وشەیەك بە کوردی بنووسن و بخوێننەوە، بەتایبەتی رێژەی کچان و ژنان بە هۆی ئەوەی کەمتر لە پیاوان دەتوانن دەستیان بەملا و بەو لا رابگا و فێری زمانی کوردی ببن، لەسەروو ترە ئەو زیانە زۆرترلەناو مێینەدا بەدی دەکرێ، چونکە هەندێك لە پیاوان بە هۆی کاری بازرگانی و یان پیشەی جۆراو جۆریان و رێپیدراوی داب و نەریت و ئاینەوە مەودای گەرانیان لە ناو ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەی ئێرانیش لە ژنان و کچان فراوانترە، ئەوەش بە ئاستێکی کەم کاریگەری لەسەر فێربوونیان زیاترە .

لە شاری سنە پێتەختی میرانی ئەردەڵان و ناوەندی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رووناکبیری و شوێنەواری و کەلەپووری کوردی ، کە دەبوایە نەك خوێندنگا بەڵکوو دانیشگا و ناوەندی ئەکادیمی جۆراو جۆری بۆ زانستی زمانزانی کوردی لێ بکرابایەوە ، ئەویش نەك بۆ کوردان ، بەڵکوو خەڵکانی غەیرە کورد لێی فێری زمانی کوردی ببان ، ئەوەی کە زۆر لە جیاتی دڵخۆشکردنم بووە هۆی نیگەرانیم لەو شارەدا ئەوەبوو لەخوارخانەی کورد لە کۆڵانێکی زۆر تەنگە بەردا بەلافیتەیەکی بچووك نووسرابوو فێرگەی زمانی کوردی، بەڕاستی هەرکەسێك لەو ناوو نیشانە بچووکەی بڕوانیبا بۆی دەردەکەوت کە گەلی کورد چەندە غەدرلێکراوە کە نەك هەر لە باری رامیارییەوە ، بەڵکوو لەهەمە لایەنانە غەدری لێکراوە، چونکە جگە لەوەی وەك گوتمان دەبووایە سنە چەندان ناوەندی ئەکادیمی زانستی زمانی لێ بکرابایەوە ، بۆ خەڵکانی غەیرە کورد و نەتەوەکانی تر ،

کەچی لەو شارە لە لاکۆڵانێکی زۆر تەنگە بەر و بە لافیتەیەکی پەڕۆی بچووك نووسراوە بۆ فێر بوونی زمانی کوردی ، بێگومان ئەو ناوونیشانە و لەو لاکۆڵانە ئەو راستیە دەسەلمێنێ ، کە کەسانی دڵسۆز لەسەر ئەرکی خۆیان ئەو ئەرکە دەگرنە ئەستۆ و دیاریشە هەر هێندەیان لە دەست هاتوەو دووریش نیە لە ترسی پیاوانی رژێم بەو شێوە بچووکە هەوڵی فێر کردنی زمانی کوردی بدەن .

ئەگەر بێمە سەر نێواخنی مەبەستی سەرەکی ئەو نووسینە کە جگە لە دەرخستی ئەو ڕاستیە حاشا هەڵنەگرەی کە رێژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران تا سەر ئێسقان و لە هەموو بوارەکاندا دژایەتیی کورد دەکا، لەهەمان کاتیشدا مەبەستمان ئەوەیە کە بڵێین ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پاڵ ئەرکی ژیان و گوزەرانی گرانی سەر شانیان و لە پاڵ ئەرکی خەباتی رزگاری و نەتەوەی و لەگەڵ درێژەدان بە خەباتی ڕەگەزیدا لە ئێستادا ئەرکێکی تریشیان کەوتۆتە سەر شان ئەویش هەوڵدانە بۆپاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و فێر بوونی زمانی دایك بە خوێندنەوەو نووسین بۆیەش لێرەدا ڕوو لە ژنان دەکەین ، چونکە لەلایەك رێژەی ژنان لە پیاوان زیاترە و لە لایەکیتریش ئەگەر ژنان و کچان توانیان خۆیان فێری نووسین و خوێندنەوەی کوردی بکەن ، بێگومان جگە لەوەی خۆیان سوودمەند دەبن، لە هەمان کاتیشدا دەتوانن ئەو ساواو قوتابی و خوێندکارانەش کە لە خێزانەکانی ئەوانن و لە باخچەو خوێندنگاگان بە فارسی دەخوێنن، لە ماڵەوەش فێری خوێندنەوەو نووسینی کوردی بکەن، بە تایبەتی ئەو دایکانەی خۆیان فێری نووسین و خوێندنەوەی کوردی کردوە زۆر بە باشی دەتوانن منداڵەکانیان فێربکەن .

پێم وایە هەر وەك چۆن چەندان شێرە ژنی رۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەتای شۆرشی رزگاری لەگەڵ پیاواندا دەستیان داوەتە خەباتی چەکداری و لە قۆناغەکانی خەباتدا ئەرکی خۆیان بەجێ هێناوە و چەندانیشیان لێ شەهید و کەم ئەندام و ئاوارە و پەریوەی وڵاتان بوون، ئەوخەباتەش کە ژنان لە ناوەوەی وڵات و لە ناو ماڵەکانی خۆیان بەپێچەوانەی ویستی رژێم و لە بەرژەوەندی کێشەی نەتەوەی کورد دا درێژەی پێ دەدەن، هەروەك خەباتی ئەوانە یان راستر بڵێین تەواوکاری خەباتی ئەوانە، فێربوونی خوێندنەوەو نووسینیش بە زمانی کوردی یەکێکە لەو خەباتانەی بۆ ئێستاو داهاتووی نەوەکان زۆر پێویستە .رەنگە بەهەڵەش دا نەچووبین ئەگەر بڵێین هەرکاتێك دایك فێری خوێندنەوەو نووسینی کوردی بوو ، ئەوا ڕاستەخۆ کچ و کوڕی ئەو دایکەش فێر دەبن.

**یەکێك لەو سیاسەتە چەوت و چەوسێنەرانەی کە لەهەردوو سەردەمی رێژیمی پاشایەتی و کۆماری لەئێران دژ بە نەتەوەی کورد پیادە کراوە و بەو هۆیەشەوە گەورەترین زیانیان لە کورد داوە، قەدەغە کردنی فێربوونی خوێندن ونووسین بووە بە زمانی دایك واتا زمانی کوردی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دایك و شوناسی نەتەوەیی

شیرین ڕۆژە

**دەروازەیەك**

بێگومان دایك یەكەمین مرۆڤ و مامۆستایە كە منداڵ یەكەمجار پێی ئاشنا دەبێت و هەست، وكردەوەو ڕەفتارەكانی لێوە فێردەبێت.

بەڕای من هەر دایكە دەتوانێ مرۆڤێكی قاڵبو بە هەستێكی نەتەوایەتی و شەیدا بە خاك و مێژوو نەتەوەكەی بخوڵقێنێ و هەر دایكە پێچەوانەكەشی دروست دەكا.

شوناس ئامرازی ناساندنی هەموو لایەنەكانی مرۆڤە كە دابەش دەكرێتە سەرشوناسی لاوەكی و شوناسی سەرەكی.

نەتەوەی كورد نەتەوەیەكی زوڵم لێكراو، بەكەم بینراوو بە كۆڵۆنیكراوو خاك دابەشكراوی پەرتە. كولتوورو زمانەكەشی قەدەغەو ملكەچ و بە كۆیلەكراوی سێ كولتوورو زمانی لێك جیاوازە كە ئەوانیش تورك، عەرەب و فارسن. دەبێ ئەو پارچەیەشمان لەبیرنەچێ كە لەنیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەیەمدا ڕوسەكان لە ئێرانیان دابڕیوە.

دەوڵەتە داگیركەرو سەردەستەكانی كوردستان هەمیشە هەوڵی لەناوبردن و خنكاندنی شوناس و سڕینەوەی زمان و كولتورەكەیان لەسەر پەڕەی مێژوو داوە.

دایكانی ئەمڕۆ ڕۆشنبیرتر لە دایكانی دوێنێن و دەتوانن لە سەر مێژووی نەتەوەكەمان و هۆیەكانی سەرنەكەوتنی ناسیۆنالیزمی كورد بۆ دروستكردنی دەوڵەتی نەتەوەیی و چەندین زانیاری تر لەسەر نەتەوەی كورد بخوێننەوە و لەبارەیانەوە شارەزایی پەیدابكەن تاكوو منداڵەكانیان بەو وانانە پەروەردە بكەن كە هەستی نەتەوایەتیان تێدا بەهێز دەكا.

شتێكی ئاساییە كە مرۆڤ هەوڵ بدا بۆ دروستكردنی دەوڵەتی نەتەوەیی (ئەگەر بە فیزیكیش نەبێ، دەكرێ لە مێشكی هەموو تاكێكی كورددا دەوڵەتی سەربەخۆی كوردی هەبێ) چونكە مرۆڤ هەر لەكۆنەوە ویستوویەتی و دەیەوێ لەگەڵ ئەو كەسانەدا پەیوەندی و تێكەڵاوی بكا كە لە زمانیان تێ دەگاو هەست بە كولتورێكی هاوبەش و مێژووی هاوبەش دەكا. هەمیشە لەو كەسانە سڵەمیوەتەوە كە لە كولتورێكی جیاواز بوون، چونكە لە زمان و كولتوریان نەگەیشتوە.[1]

ناسیۆنالیزم بەرهەمی ڕۆشنگەری و ئەنجامێكی ڕاستەوخۆی شۆڕشی فەرەنسایە. لەسەدەی هەژدەیەمدا لە بەریتانیاو فەرەنساو پاشتر لە ئەورووپادا بڵاو بۆوە. ئەم فەلسەفەیە دژی هەر فۆرمێكی دەسەڵات بوو كە ئەقڵی مرۆڤ لە چوارچێوەی دین و میتافیزیكدا سنووربەند بكا. ئەوان پێیان وابوو مرۆڤ بونەوەرێكی ئاقڵەو هەر ئەویش دەتوانێت لە سروشت و چواردەوری خۆی تێ بگات و بەڕای ئەمان سروشت شتێك نیە لە دەرەوەی مرۆڤ. ئەم فەلسەفەیە داوای كۆمەڵێكی دیموكراتی دەكرد كە پشت بە دەستور ببەستێ. واتە پێویستە ئەم دەستووره لە لایەن گەلەوە دابنرێت و دەربڕی ئیرادەی گەل بێ نەك تاكەكەس.[1]

ئەم مۆدێلەی ناسیۆنالیزم كە ڕۆشنگەرانی فەرەنسا داوایان دەكرد لەسەر بنچینەی هاووڵاتیبوون بوو واتە بێ ڕەچاوكردنی ڕەگەزو كولتوورو ئاین و ڕەنگی پێست.. ئەوان پێیان وابوو دەوڵەت نەتەوە دروست دەكا.[1]

لەبەرامبەر ئەمەدا فەلسەفەی ڕۆشنگەری لە ئەڵمانیاو ئیتاڵیا ئەنجامی دیكەیان لێكەوتەوە. لای ئەمانە كولتوورو زمان و مەسەلەی كولتورو ئەتنیكی كرایە پێكهاتەی نەتەوە. پێیان وابوو هەموو كۆمەڵێك خاوەنی زمان و كولتوری خۆیەتی و پێویستە لە هەمان كاتدا خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی بێ. لە تیۆریستانی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی ج.گ. هێردێرو فیختێ و شێلینگ و هیگڵ و مازینی لە ئیتاڵیا هەڵگری بیرێكی ئاوەها بوون.

هیگڵ چەمكی ئازادی بە یاساو دەستوری دەوڵەتی پاشایەتیەوە دەبەستێتەوە و لەم دەوڵەتەشدا پاشا دوابڕیارو دەسەڵاتی موتڵەقە.

سەرەنجام ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی سروشتی تۆتالیتاری وەرگرت و مەسەلەی كولتورو ئەتنیكی بە تایبەت زمان و مێژوی هاوبەش كرانە بنەمای دروستكردنی نەتەوەو دەسەڵاتی دەوڵەتی پاشایەتی وەك سەرچاوەی بڕیاردەری دەستور دیاری كرا.[1]

**ناسیۆنالیزم لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست:**

ئاشكرایە كوردستان بۆ یەكەمین جار لە شەڕی چاڵدران لەساڵی ١٥١٤ كە لە نێوان ئیمپراتۆری عوسمانی و سەفەویدا ڕووی دا، كرایە دووبەش. هەتا سەدەیەك دوای ئەو ڕووداوە بەرەسمی دابەش نەكرابوو، بەڵام دوایی بەرەسمی كرایە دووبەشی ژێردەستی عوسمانی و سەفەوی.

پێش كۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بیری ڕۆشنگەری فەرەنسا بەناو ڕووناكبیرانی دەسەڵاتی عوسمانیدا بڵاوبۆوە. هەروەها نفووزی ئابووری، سیاسی و كولتوری دەوڵەتە سەرمایەدارەكانی ئەورووپا لەم وڵاتانەدا بەهێز بوون. ئەم ڕووناكبیرانە كە پێكهاتبوون لە ڕووناكبیرانی تورك و گەلانی تری ژێردەستی عوسمانی، بزاڤێكی سیاسیان پێك هێنا بەناوی (ئیتحادوتەڕەقی). ئەمان داوای ڕیفۆرمیان دەكرد لە دەستوری دەوڵەتداو خەباتیان دەست پێ كرد دژی دەوڵەتی سوڵتان.

بەڵام ئەم بزاڤە كە ڕووناكبیرانی تورك پێشەنگی بوون هەر زوو پرۆژە ڕیفۆرمیستیەكەی خۆیان گۆڕی بۆ پرۆژەیەكی پانتۆرانیستی و گۆڕیان بۆ پرۆژەیەكی


كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناسیۆنالیستی توندرەوانە. ئامانجیان ئەوە بوو گەلانی تورك زمان بە تورکەکانی بولغارستان و قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاستو چینیشەوە لەناو دەوڵەتێك دا یەك بخەن. ناسیۆنالیزمی تورك گۆڕا بە ناسیۆنالیزمێکی تۆتالیتاری عەسکەری.

ئەمان بەم کارەیان نەتەوەکانی تری ژێردەستی عوسمانیان بێدار کردەوە لەوانە عەرەبو کورد کە تا ئەو کاتە ئامانجی سەربەخۆبوونو دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییان نەبوو.[1]

ناسیۆنالیزمی فارس هۆکاری دەرکەوتنی هەستی خۆ بەکەمزانین بوو بەرامبەر ناسیۆنالیزمی تورکو بێزاربوونێك بوو بەرامبەر دەسەڵاتی روسیاو بریتانیا لە ئێران. رەزا شا بەهاوکاری بریتانیا دەوڵەتی ناسیۆنالی ئێرانی دامەزراند. دەیویست لاسایی ئەتاتورکو شێوەمۆدێلی دەوڵەتی ناسیۆنالی تورك بکاتەوە وەك دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنالی عەسکەریو بەمۆدێرنکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەتو سەپاندنی زمانی فارسی وەك زمانی رەسمی دەوڵەتو چەوساندنەوەو پەلاماردانی زمانو کولتوری نەتەوەکانی دیکەی ئێران. بەڵام ناسیۆنالیزمی فارس مەحکوومی ئاینو دەسەڵاتی ئاین کرا، چونکە لەمێژووی کۆنو نوێی ئێراندا (سەردەمی ساسانیو سەفەوی) ئاین ئایدولۆژیای دەوڵەت بووە، لەبەرئەم هۆکارانە ناسیۆنالیزمی فارس گۆڕا بۆ ناسیۆنالیزمێکی تۆتالیتاریو نەیتوانی پرەنسیپی عەقلانیەتو لیبرالیزم بچەسپێنێ.[1]

هەروەها ناسیۆنالیزمی عەرەب سەرەتا لە وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا دەرکەوت وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر ناسیۆنالیزمی تورك. ئەمان پەنایان بۆ بیری رۆشنگەریو شۆڕشی فەرەنسا برد، داوای ریفۆرمو گۆڕینی دەستووریان دەکرد، هێشتا سەربەخۆییو دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەئارادا نەبوو، چونکە ناسیۆنالیزمی عەرەب زۆر لەوە لاوازتر بوو کە بتوانێ دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێنێ.

ئەم ناسیۆنالیزمە سەرەتا لە سوریاو لوبنانو میسردا دەرکەوت، هەوڵدانێك بوو بۆ گونجاندنی بیرو رۆشنگەری فەرەنسا لەگەڵ بیروکولتوری عەرەب کە بیروکولتورێکی ئیسلامی بوو. ئەمەش کارێکی مەحاڵ بوو، چونکە ناسیۆنالیزمی فەرەنسایی لەجیاتی ئاین پشت بە عەقڵ دەبەستێت، دەسەڵاتی ئاینو هەموو جۆرە خورافاتێك رەت دەکاتەوە. لە کاتێکدا کولتوری ئیسلامی پشت بە بنچینەیەکی نەگۆڕی شەرعی دەبەستێت بۆ گیروگرفتو کێشەکانی مرۆڤ.

لەبەر ئەم هۆیانە ناسیۆنالیزمی عەرەب دەبوو لە سەرچاوەی فەلسەفی دیکە چەند بنەمایەك بۆ پرۆژەکەی خۆی بدۆزێتەوە کە ئەویش فەلسەفەی هیگڵو ناسیۆنالیزمی ئەڵمان بوو. ناسیۆنالیستانی عەرەب وەك میشیل ئەفلەقو ساگع الحصری ویستیان لەنێوان ناسیۆنالیزمو ئایندا ئایدیۆلۆجیایەکی ئایدیالیستی بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەب دابنێن بە سوود وەرگرتن لە هەندێ تێزی فێختێو هیگڵ.

لای ساگع الحصری هەرکەسێك بە عەرەبی قسە بکا عەرەبە، وڵاتی عەرەبیش تەواوی وڵاتانی عەرەبو ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە بەعەرەبی دەدوێن (کۆپی کردنی تێزی فێختێ)، ئەفلەق دەڵێت ناسیۆنالیزم جەستەیەو رۆحەکەی ئیسلامە.

بە تێکهەڵکێشکردنی بیرو رۆشنگەری ئەوروپا لەگەڵ ئایینی ئیسلام، هەروەها هەستی هاوبەشی عەرەبایەتیو ئاینو زمانی هاوبەش نەیانتوانی بنەمای عەقلانیەتو لیبرالیزم بچەسپێننو لێك نزیککردنەوەی ئابووریو سیاسیو کولتوری لەنێوان وڵاتانی عەرەبدا یان چەند وڵاتێك دروست بکەن. یان دوو وڵاتی عەرەبی وەك عیراقو سوریا کە یەك حیزبی ناسیۆنالی بەعس حوکمڕانیان بووە یەك بخەن.

سەرەنجام پرۆژەی ناسیۆنالیزمی عەرەب وەك پرۆژەیەکی ناسیۆنالی توندرەوی شۆڤێنی هاتە بەرهەم، کە بەعس دیارترین نموونەی پرۆژەکەیان بوو.

**ناسیۆنالیزمی کورد:**

ناسیۆنالیزمی کورد وەك ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی تری ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەرکەوت وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر ناسیۆنالیزمی تورك. هەروەك ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی تر بەرهەمی بە سەنعەتکردنو مۆدێرنیتە نەبوو، بەڵام بەپێچەوانەی ناسیۆنالیزمی تورکو عەرەبو فارس هەلی ئەوەی بۆ نەڕەخساوە پرۆژەکەی خۆی لە بیرو ئایدیاوە بگۆڕێ بۆ واقیع. دەوڵەتە سەرکەوتوە ئیمپریالیەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی وڵاتەکەیان دابەش کردو کەوتە بەر پەلاماری نەتەوە سەردەستەکانی.[1]

خاکی کوردستان دابەشکراو لولدرا لەنێوان دەوڵەتە سەردەستەکانی تورکیاو ئێرانو ئێراقوسوریا. ئیسماعیل بەشیکچی دەڵێ: کوردستان وڵاتێکە خاوەنی پلەیەکە کە کەمترە لە پلەی وڵاتێکی کۆڵۆنی. هەروەها کورد نەتەوەیەکە خاوەنی پلەیەك کەمترە لە نەتەوەیەکی بە کۆڵۆنیکراو. چونکە سەرەڕای بە تالان بردنی سەروەتو سامانەکەی، هەمیشە هەوڵدراوە بۆ سڕینەوەی نازناوو شارستانیو زمانیان لەسەر پەڕەی مێژوو وە ئامانجیان تواندنەوەی ناسنامەی نەتەوەی کورد بووە.

کوردستان خاکەکەی داگیرکراوەو هەروەها سامانو خێروبێرەکەشی بەتاڵان دەبرێ، دانیشتووانەکەشی سەرەڕای نەبوونی مافی یەکسانیو هاووڵاتیبون بەزۆر دەکرێنە تورکو فارسو عەرەب، بەکەم سەیری کولتورو زمانەکەیان دەکرێت. ئەمەش وایان لێ دەکات کە لە کورد بوونی خۆیان شەرم بکەن.

دەوڵەتە داگیرکەرەکانی وەك ئینگلتەراو فەرەنسا لە بەکۆڵۆنیکردنی وڵاتەکانیاندا هیچ کات حاشایان لە زمانو کولتوری کۆڵۆنیەکانیان نەکردوە کە داگیریان کردوە.

پاش شەڕی یەکەمی جیهانی چەند وڵاتێکی وەك عێراق، ئوردون، لوبنانو فەلەستین بەشێوەی کۆڵۆنی دامەزران، بەڵام وڵاتێك بۆ کوردەکان دروست نەکرا! پارچەیەك لەژێر دەسەڵاتی بریتانیا بۆ عێراق بەجێ هێڵرا. پارچەیەك



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ سوریا بەسەرپەرشتی فەرەنسا، هەروەها پارچەیەکیش بۆ تورکیا، رۆژهەڵاتی کوردستانیش هەر لەسەرەتای سەدەی حەڤدەیەمەوە لە ژێر دەسەڵاتی ئێراندا بووە.[1]

واتە رێژەی دابەشکاریەکە ئاوایە:

- ٤٦,٤٪ بۆ تورکیا
- ٣٢,٧٪ بۆ ئێران
- ١٥,٨٪ بۆ ئێراق
- ٣,١٪ بۆ سوریا
- ٢٪ بۆ روسیا (دواتر ئەرمەنستانو ئازەربایجان)[1]

ناسیۆنالیزمی کورد نەیتوانی دەوڵەتی نەتەوەیی دابمەزرێنێ. ناسیۆنالیستانی کورد تەنانەت نەیانتوانی لەچوارچێوەی دەوڵەتی زاڵدا مافی بەرابەریو یەکسانی بۆ هاوولاتیانی خۆیان دابین بکەن. چەند هۆکارێک بوونەهۆی سەرنەکەوتنی ئەم پرۆژەیە لەوانە:

لێکدابڕانی کولتوری کوردی، کولتوری کوردی کەوتە ژێر کاریگەریی کولتووری نەتەوە داگیرکەرەکانی فارسو عەرەبو تورک. لەبەر ئەوە چەند بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو کولتوورانە ئەوەندە لە کولتوری کوردی دوردەکەونەوە. بەهۆی ئەم لێکدابڕانەوە ئەم ناسیۆنالیزمە نەی توانیوە هۆشیاری نەتەوەیی دروست بکا. ئەم دۆخە نوێیەی دوای شەڕی جیهانی دژواری نوێی بۆ کولتوری کورد رەخساندو دیوارێکی کولتوری لەنێوان پارچەکانی کوردستاندا بەتایبەت باکورو باشورو رۆژهەڵاتدا دروست کردوە.

ئەم کولتورە هەمیشە لە پەراوێزی کولتورێکی ناوخۆی زاڵدا دەژیتو هەوڵی ئەم کولتورە ئەوەیە لە سایەی کولتوری هێرشبەری زاڵدا جێگایەکی پلەدووی هەبێتو پارێزگاری لەخۆی بکا. واتە نەیتوانیوە لە کولتوری خۆپارێزەوە خۆی بگۆڕێت بۆ کولتورێکی خۆ رزگارکەر. بەکورتی ئێمە تەنیا لە دابەشکردنی سیاسیو جوگرافیدا ناژین بەڵکوو لە حاڵەتی لێکدابڕانی کولتوریشدا دەژین.[1]

- سیستەمی میرنشینی لە کوردستاندا، تاکە مۆدێلی حوکمڕانی کورد بووە لە ناوچەیەکی بەرتەسکو بۆماوەیەکی دیاریکراو. لەهەر شوێنێکو جوگرافیایەکی ئازاد دا هەلیان بۆ رەخسابێت ئامانجیان ئەوە بووە میرنشینێك دابمەزرێنن. سیستەمی میرنشینی تاکە مۆدێلی لەتوانادابوو دەسەلات بوەو ئەوپەڕی سنووری خەونەکانیان بووە.

ئامانجی زۆربەی راپەڕینەکانی کوردستان ئەوە بووە لەناوچەیەکی تەنگەبەردا میرنشینێك دابمەزرێنن. بەدڵنیایی ئەم راپەڕینانە دژی ستەمو وەحشیگەری لەشکری ئێرانیو عوسمانی بون کە خەونی هەندێك سەرۆك هۆزی کورد بووە کە وەك میرێك سەربەخۆیی نسبیان هەبێت یان لەجیاتی تورکو عەجەم حوکمڕانی خۆیان بکەن. بۆیە ناکرێت ئەم راپەڕینانە وەك کۆششی ناسیۆنالیزمی کورد سەیربکرێت بۆسەر بەخۆیی کوردستانو دامەزراندنی ماڵێکی سیاسی بۆ کولتوری کورد.

ئەم میرنشینانە هیچ بنەمایەکی ئایدیۆلۆجیان نەبوە بۆ بەردەوامبونی دەسەلات. هەروەها ئەنجامی ناکۆکی ئایدیۆلۆجی یان ئایینیو مەزهەبی نەبوون وەك ئایدیۆلۆجیای سوونە مەزهەبی عوسمانیو شیعە مەزهەبی ئێرانی کە لەدەرەوەی ناوچەکانیان فەزاو شوێنی نوێ بدۆزنەوە.

**پێویستە دایك یان مامۆستای یەکەمو خۆرسکی ئەندێشەی نەتەوەیی یەك نیشتمان لە مێشکی نەوەکاندا بچێنێت. ئەمەش هەر لەسەرەتاوە باوەڕبەخۆبون لای تاکی کوردیدا بەرهەم دەهێنێ**

ئەم میرنشینانە هەوڵیان نەداوە ماڵێکی سیاسی بۆ کولتوری کوردی دابمەزرێنن کە دور لە دەسەلاتی سیاسی هێزێکی نامۆ گەشەبکاتو ئامانجیان ئەوە نەبوە دەسەلاتەکەیان تا ئەو جێیە بچێ کە سنوری کولتورەکەیە بەڵکو هەمیشە لەگەڵ میرنشینەکانی هاوتای خۆیان ناکۆك بونو هەوڵی لاوازکردنی ئەویتریان داوە.

لەبەرئەوە میرنشینی کوردی ئەنجامی لێکدابڕانی کوردستان نەبووە بەڵکو خۆی بۆتە هۆکارێکی دیکەی ئەم لێکدابڕانو دابەشبوونەو دابەشبوونی کۆمەڵی کوردیان قوڵتر کردۆتەوە.[1]

- ناسیۆنالیزمی ناوچەگەری: ناسیۆنالیزمی کورد لە هەر بەشێکی کوردستاندا جیاوازو دابڕاو لە ناسیۆنالیزمی پارچەیەکی تر دژی دەوڵەتی سەردەست دەرکەوتوە. پەلاماردراوەو هەریەکەیان بە جیا هەوڵی خۆگونجاندنی داوە لەگەڵ کولتوری دەوڵەتی زاڵدا. لەهەمان کاتدا هیچ پەیوەندیەکی نەتەوەیی، کولتوری، جوگرافیو سیاسی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی بەشەکانی دیکەی کوردستاندا نەبووە. تائێستاش هیچ پرۆژەیەکی نەتەوەیی هاوبەش لەنێوان بەشەکانی ناسیۆنالیزمی کورددا دەرنەکەوتوەو نیە، بەڵکوو زۆربەی کات لەناو خۆیاندا ناکۆکو ناتەبان.

ناسیۆنالیزمی کورد خاوەنی پرۆژەیەکی لێڵی بەشبەشو لێکدابڕاوی ناوچەگەریەو. پێچەوانەی ناسیۆنالیزمی فارسو عەرەبو تورک خاوەنی سامانێکی فیکری، کولتوری وسیاسی نەبووە تا بنچینەیەکی ئایدیۆلۆجی دروست بکا. کە لە بەرامبەر پەلاماری کولتوری سیاسی ناسیۆنالیزمی نەتەوە داگیرکەرەکاندا جۆرە قەڵغانێك دروست بکاتو نەیتوانیوە سیستەمێکی فیکریو ئایدیۆلۆجی تایبەت بەخۆی دابمەزرێنێت. بەپێچەوانەوە هەمیشە چاوی لە ناسیۆنالیزمی نەتەوەی سەردەستو رووناکبیرانی ئەوان بووە تا واقیعی کۆمەڵگای خۆی پێ بخوێنێتەوە یان لەچوارچێوەی سیستەمی ئایدیۆلۆجی هێزەکانی نەتەوەی سەردەستدا بۆ چارەنوسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسی کوردی روانیوه یان پێکەوه ژیانی نابەرابەری ئەو نەتەوانەو کوردی قبوڵ کردوه. سەرەنجام ئامانجەکانی خۆی لە سایەی دەوڵەتی شۆڤێنی زۆرایەتیدا بینیوەتەوه.[١]

ناسیۆنالیزمی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا خۆی بە نزیکتر لە هێزه ئۆپۆزسیۆنەکانی نەتەوەی سەردەست بە نزیکتر دەزانێتو بەرژەوەندی و چارەنووسی خۆی لەچوارچێوەی دەوڵەتی سەرداردا دەبینێتو دەیەوێت خۆی لەگەڵ نوێنەرانی سیاسی کولتوری زاڵی وڵاتەکە بگونجێنێت تا نوێنەری سیاسی کولتوری کورد لە پارچەیەکی تری کوردستاندا. دەتوانێت بەئاسانیو بەمەرجی کەمتر لەگەڵیاندا بگونجێت کەچی لەگەڵ هێزه کوردەکانی پارچەکانی تردا ناگونجێت.

**ناسیۆنالیزمی لاواز = تاکی لاواز[١]**

لەبەر ئەو هۆیانەی کە لەسەرەوه باسکران، سەرنەکەوتنی ناسیۆنالیزمی کورد کاریگەریەکی گەورەی لەسەر هەستی تاکەکانی کۆمەڵی کوردی کردوه. وردە–وردە هەستی بەکەمزانینی نەتەوەو زمانو کولتورەکەیان لەلایان چەکەرەی کردوه. لەبەرئەوەی وڵاتەکەیان پەرتکراوەو، زمانو کولتورەکەشیان بەکەم سەیرکراوه ، هێواش–هێواش کوردستانیەکان شەرمیان لە کوردبوونی خۆیانو ئاخاوتنیان بەزمانی زگماکی کوردی کردوه. نەتەوەو زمانو کولتوری نەتەوه باڵادەستەکانیان پێ مۆدێرنترو بەرزتربووه.

بەهۆی ئەم تایبەتمەندیەشەوه ئەو کەسایەتیەی کە لە ئەنجامی ئەم حاڵەتەوه پەیدابووه، کەسایەتیەکی گرمۆڵەبوی لاواز بووه کە لە بەرانبەر زمانو کولتوری باڵادەستدا گلۆڵەبووه. بێگومان کەسایەتی گرمۆڵەبوو گلۆڵەبوو نیشانەی زەقی دۆخی خۆپاراستنو کشانەوەیە. بۆیە تاکی لێدراوی کورد، بەردەوام لە ژێر بۆمبابارانی فەرهەنگی زاڵدا ژیاوه.

ئەم واقیعەش وای لێکردوه کە هەمیشە فەرهەنگی زاڵبوو بە مەرجەع بزانێت. لەبەر ئەمە هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوه کە خۆی هاورەنگ بە ئۆلگوو مۆدێله کولتوریەکانی نەتەوەی زاڵبوو بکا. ئەمەش بەرەوام حاڵەتی لەخۆراکردن، لەخۆنامۆبوونو خۆبەکەمزانینی لا دروست کردوه.

ئەو تاکەی کە هەمیشە لە دۆخی خۆبەکەمزانیندا بێت کەی دەتوانێ لەبەرانبەر کولتوری پەلاماردەردا بەرگری لە خۆی بکات؟ بێگومان ئەگەر بەرگرییەکیش بێتەئاراوه لاواز دەبێت. لاوازی هەستو خودهوشیاری نەتەوەییو رۆشنبیری لای تاکی کورد، بەرئەنجامی ئەم واقیعە ناخۆشەیە کە مرۆڤی کورد تووشی بووه.

یەکێك لە ئەنجامەکانی تری نەخۆشی لەخۆنامۆیی ئەوەیە کە هەمیشە لە پۆزیسیۆنی بەرگری دایەو کەم هەڵ دەکەوێ روو لە پۆزیسیۆنی هێرش بکات. بۆیە تاکی کوردی بەردەوام بەرگری لە خۆی دەکات. ئەگەر سەیری شوێنی نیشتەجێبونی کورد بکەیت بە زەقی ئەمەت بۆ دەردەکەوێت. کورد لە زۆربەی شوێنەکان خۆی کێشاوەتە بناری شاخەکانو ناو دۆڵە سەختەکان. یاخود لە هەر کوێ ژیابێت، سەیری پشتەوەی خۆی کردوه داخۆ کام لای شاخی لێیە بۆ ئەوەی لەوێ سەقام بگرێ.

واتە چیاکان هەمیشە گەرەنتی خۆپاراستنی ئەم مرۆڤە دەردمەندە بووه، بۆیە کاتێك دەچیتە شوێنیك وەك هایماناو جیهانبەیلی لە ئانادۆڵ، ئەوه کوردە ئاوارەکانی ئەوێ لە شاخەکان گیرساونەتەوه. یاخود ئەگەر برۆیتە قەرەباغ لە ئازەربایجان، ئەوه دیسان لە سەر لووتکەکان نیشتەجێبوون.

ئەگەر سەیری گەڕەکی زۆرئاڤای شام بکە، ئەوسا تێدەگەی کە لە دەشتی شامدا تاقە چیا کە هەیە ئەویش چیای لای باکووری شارەکەیە کە کوردەکان تێیدا نیشتەجێبوون. ئەم نموونانە لای کوردەکانی خۆراسانیش دەبینرێت. بۆیە کە لێی وردەبیتەوه ئەوسا بۆت دەردەکەوێ کە تاکی کورد هەمیشە هەست بە مەترسی لەناوچوون دەکا. بۆیە بەردەوام شوێنی راکردنو خۆحەشاردان رەچاو دەکا.

کاتێك تاکێکی وا هەبێت، دەبێ ئەوکاتە حاڵی وەچەخستنەوەو بارهێنانی وچەکان چۆنچۆنی بێت؟ گومانی تێدا نیه کە کۆی ئەم دۆخە کار لەسەر حاڵو وەزعی پەروەردەکردنو بارهێنانی نەوەکان دەکا. ئەو بارهێنەرەی خۆی لە خۆدا بژیت، ئەوه لە پرۆسەی ژیانو بارهێناندا ئەو خۆفەی خۆی بەشێوەی راستەوخۆو ناراستەوخۆ بۆ بەچکەکانی دەگوێزێتەوه.

ئەم حاڵەتەش یەکەم گورز لە پرۆسەی بارهێنانو خودئاگایی تاکی کوردی دەوەشێنێت. بەمەش جارێکیتر ئیرادەی ئەم تاکە ئەوەندە وزەو هێزی تێدا ناپیتێنرێت کە بۆ بەرگری لە بەرانبەر هێرشبەریو داگیرگاریدا گل بدرێتەوه. بۆیە کاتێك دۆخێکی وا دەکەوێتەوه، ئەوه کەسایەتی راپەڕیوی کورد لەرووی ئەژمارەوه کەمە.

هەمیشە گۆڕەپان بۆ کەسایەتی روخاوزو تەسلیمکار چۆڵ دەکا. کەسایەتی راپەڕیو کە نموونەی ئیرادەی نەبەزیوی کوردە، تاك وتەرا لە کاتی رابوونەکاندا سەرهەڵدەدا. لەو دەمانەشدا بەهاو رێسا کۆمەڵایەتیە باڵاکان نەشونما دەکەن. بەهاو فەزیلەتی وەکوو فیداکاری، لەخۆبردویی، بەرخۆدان، خۆنەویستیو بەرگەگرتو ئیرادەو ...هتد باڵا دەکەن.

لە بەرانبەر ئەمەدا ئەودەمەی کەسایەتیە رووخاوەکە رووی خۆی دەردەخات، ئەوه خیانەت دەبێتە بەها. هەروەها پرسی جاشێتیو تەسلیمیەت خۆی دەنوێنێت. لە ئەنجامی ئەمەشدا رەوەی خۆ بەدەستەوه دەران لەناو کۆمەڵدا دەلولێنەوەو ژیانێکی بێبەرهەمی مشەخۆری لە سایەی کولتوری جاشێتیدا دەهێننەکایەوه.

وەك باسمان کرد، ئەمەش بەرئەنجامی پەککەوتنی پرۆسەی بارهێنانی نەوەکانو پێگواستنەوەی بەها بەرزە نەتەوەیەکان بۆ وەچەکانە. کێ لەم پرسەدا یەکەم بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ؟ بێگومان دایك. کەوابێت دایك مامۆستای گواستنەوەی رۆحی نەتەوەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رۆحی نەتەوەش تەنها زمان نیە، بەڵکوو بەهاکان، رێسا بەرزەکان و خوونەریتە شایستەکانیش لەخۆدەگرێت.

**دایک و رۆحی نەتەوە ( زمان)**

دەبێت لەبیرمان نەچێت کە دایک بەشێکی گەورەی تاکەکانی کۆمەڵی کوردە کە نەوەکانی پەروەردە دەکا. ئەمانیش تووشی ئەم قەیرانە بوون کە قەیرانی شووناسە. مانای باوەڕ نەبوونە بە نەتەوە و مەسەلەی نەتەوایەتی و بەکەمزانینیەتی لە بەرامبەر شوناسی نەتەوەی باڵا دەستدا.

لێرەوە با سەیری نموونە زیندووەکان بکەین:

بۆنموونە منالێکی کوردی باکوری کوردستان پێی شەرمە ئەوکاتەی بە شوێنە گشتیەکاندا دەروا، خۆی بکاتە خاوەنی دایکە کوردیپۆشەکەی، چونکە جلوبەرگەکانی دایکی کوردی بوون و هەموو کەس دەیزانی کە ئەو منالە و دایکی کوردن. لەبەرئەوە هەمیشە چەند مەترێک لەدوای دایکیەوە دەرۆیشت، بۆ ئەوەی کەس نەزانێت ئەو ئافرەتە کوردە دایکیەتی! هەروەها ئەمجۆرە منالە لە قوتابخانە پێی شەرم بووە کە بڵێ کوردم، لەبەرئەوەی گاڵتەی پێ ئەکرێ و بە نزم سەیرنەکرێ هەولی خۆدزینەوەی لە کوردبوونی خۆی داوە. چونکە هاوپۆلە تورکەکانی پێیان دەگوت: تۆ کوردی؟ کەواتە تۆ کلکت هەیە واتە مرۆڤ نیت!

بەهەمان شێوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە هەندێک دەڤەر، دایکێک یەکەم زمان کە فێری منالەکەی دەکات زمانی فارسییە. چونکە ئەو زمانەی لە زمانی کوردی پێ (بەکلاس)ترە. قبوڵیش ناکات رەخنەی لێبگری، چونکە بڕوای بەوە هەیە کە منالەکەی دەبێ زمانێکی پاراوی فارسی فێربێت ئیتر گرنگ نیە فێری کوردی ببێ یان نا!

یان ئەگەر کوردیش فێرببێت ٥٠٪ی وشەکانی فارسییە. دایکان وادەزانن کە منالەکەیان لەناو خەڵکدا بە (دایە) بانگی بکات ئەوا خۆی و منالەکەشی بە گوندی سەیردەکرێن، لەبەرئەوە پێش ئەوەی ببێتە ساڵێک فێری وشەی (مەمان) دەکرێت. بەهەمانشێوە بۆ (پور) (عمە) (خالە)، بۆ (مام) (عمو) و هتد،....

بێگومان کوردانی باشوورو رۆژئاواش بێبەری نین لەم رەفتارو کردارانە. زۆربەی جار رویداوە دوو کورد بەعەرەبی قسەدەکەن. بۆ؟ لەبەرئەوەی زمانی عەرەبییان پێ (کەشخە)ترە و وادەزانن ئاستی رۆشنبیریان بەرزترە، بەڵام لەڕاستیدا رۆشنبیری تاکی کورد پێش هەمووشتێک پابەندبوونە بە نەتەوە و زمان و کولتورەکەی خۆیەوە و شەرم نەبوونە لە کوردبوون و کوردستانی بوونی خۆی.

بێجگە لە دایکان هەریەک لە دەزگاکانی راگەیاندن، پەروەردە، ئەوقاف و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەریانە کە هۆشیاری نەتەوەیی بگەیەننە تاکەکانی کۆمەڵ. هەر لەسەر سنوورە دروستکراوو سەپێنراوەکانی کوردستان کە دوژمنانی کورد بەدرێژایی سەدەیەک پارچەکانی کوردستانیان پێ جیاکردۆتەوە بگرە هەتاوەکوو نەریت و بەهاکانمان تێکڕای پێوستە بە تەندروستی بۆ تاکی کوردی بگوێزرێتەوە.

پێویستە دایک یان مامۆستای یەکەم و خۆرسکی ئەندێشەی نەتەوەیی یەک نیشتمان لە مێشکی نەوەکاندا بچێنێت. ئەمەش هەر لەسەرەتاوە باوەڕبەخۆبون لای تاکی کوردیدا بەرهەم دەهێنێ.

هەروەها دەبێ ئەوە بۆ وەچەکان بگوێزێتەوە کە کوردستان یەکە و یەک کولتورو یەک زمانمان هەیە. بۆ نموونە یەک تیرەو عەشیرەتی دانیشتووانی ئەمدیوو ئەودیوی سنوورەکان خۆی نیشانەی سروشتی ئەم یەکبونەیە. هەروەها بۆنموونە هاولەهجەیی سلێمانی و بانە، موکریانی رۆژهەڵات و باشور، کەلهوڕی کرماشان و خانەقین و کرمانجی باشوورو رۆژهەڵات و باکوور...لەو نموونە بەرچاوانەن کە دەکرێ بە هێمای رۆحی یەکگرتوویی نەتەوەیی لای وەچەکان بچێنرێ.

لەنێوان باکورو رۆژئاوای کوردستاندا گوندێک هەیە بەناوی (سەری کانی)، لەکاتی جیاکردنەوەی ئەم دوو پارچەیە، ئەم گوندەش بووە قوربانی خواست و بەرژەوەندیەکانی دوژمنانی کوردو کرایە دووبەش. واتا تورکیا گوندێکی هەیە بەناوی (سەری کانی) و سوریاش بەهەمان شێوە. تورکەکان ئێستا ناوی بەشە بەرکەوتوەی خۆیان کردۆتە "جەیلان پنار" واتە کانی مامزان. سوریەکانیش ناوی سەریکانیان کردۆتە راسالعین، واتە سەریکانی! دانیشتووانەکەشی کە زۆربەیان سەر بەیەک بنەماڵەن، هەندێکیان تورکی و هەندێکیان سوریاین. بەراستی سەیرە! هەمان نموونە لە سنوورەکانی رۆژهەڵات و باکووریشدا هەیە. لە نێوان باشورو خۆرهەڵاتدا بنەماڵەیەک هەیە کە چوار کوڕیان هەیە دوانیان ئێرانیی و دوانیان ئێراقین!

دیاردەی عێراقی،ئێرانی، سووری، تورکی بوون کە هێمای قەیرانی شوناسنامە لای تاکی کوردو بەتایبەت دایکە، بۆتە دیاردەیەکی بە بەهاو ئاسایی. هاوولاتیانی کورد زۆر بەئاسانی هاونیشتیمانیەکانی خۆیان لە پارچەکانیتر بە بێگانە دەزانن. باشووری، باکووری، رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی بۆتە دژەبەها (هەندێ جاریش گاڵتەئامێز).

گەلۆ هۆی ئەم رەوشە چیە؟ هۆیەکەی یەک وشەیە، ئەویش قەیرانی شوناسنامەیە. ئێمە هێشتا نازانین چین؟ شوناسنامەیەکی ئاڵۆزمان هەیە. لەیەک کاتدا کوردستانی، ئێرانی، عێراقی، تورکیایی و سوورین! ئایا ئەم گلۆڵە شێواوە سەر لەم تاکە قوربەسەرە ناشێوێنێت؟

بۆیە سەرەتاو بنەتای قەیرانی پێناس لای دایکە. لە دایکەوە ریشەدا دەکوتێ و لای دایکیش لەریشە دەردەهێنرێت.

باسەکەی من لەسەر رۆڵی دایک دەدوێ بەپلەی یەکەم، چونکە بەرپرسی سەرەکی لە پەروەردەکردنی رۆڵەکانی ئەم وڵاتە پەرت و داگیرکراوە دایکە. بۆیە دایکانی بەڕێز بەرپرسن لەفێرکردنی زمانی کوردی پوختە و خۆشەویستکردنی ئەم زمانە و کولتورەکەی لای نەوەکانی و بەبەرزو پیرۆز سەیرکردنی و بەکەم نەزانینی لەبەرامبەر زمان و کولتوری نەتەوەی باڵادەست.

خۆشەویستی نیشتمان و نەتەوە و بژارکردنی تۆوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پارچـەگەری‌و سـەیرنەکردنی هاونیشـــــتمانی کـــــورد لەپارچـــــەیەکی تـــــری کوردسـتان بـە هـاولاَتی پلـە دوو بێگانــە، ئــەرکی دایکــە بەپلەی یەکەم پاشان دەزگا حزبی‌و حکومییەکان.

کوردســـتان چـــواردەوری تەنراوە بەکۆمـەڵێك نەتـەوەو ولاَتــی بێگانــەو نــەیار، کــە چـاویان بڕیوەتـە خێروبێـرو ســامانەکەی‌و کردوویانەتــە کۆڵــۆنی خۆیـــان. ئەگـــەر هاونیشـتیمانانمان هاوکـاری‌و دەستی یارمەتی بـۆ یـەکتری درێژنــە کــەن، ئــەوا لایــەن‌و دەوڵـەتێك نیـە پشـتیوانیمان لێ بکات.

هـــــەرێمی "باســــــك" هـــەرێمێکی دابەشـــکراوی ئیسـپانیاو فەرەنسـایە کـە دانیشـــتووانەکەی ٣ملیـــۆن کــەس دەبێــت. بــەزمانێك دەدوێن کـە پێـی دەگوترێـت (ئیوشـکیرا)، باسـکەکان لـەو شــــوێنانەش زمـــــان‌و کولتورەکــــــــــەیان زیندووکردۆتـــــەوە کــــە لەبیرچــوونەتەوە، ئــەویش لەپێناو بەزیندووهێشـتنەوەی نەتــەوەو کولتــوری خۆیــان. هاوولاَتیانی هەردوو پارچـەکە هاوکــاری تــەواوی یــەکتری دەکەن‌و دالدەی هـەڵهاتووانی سیاسـیی یــەکتری دەکــەن. ڕێکخراوێکی سیاسـیان هەیـە بـەناوی (ئیتـا) کـە لـەکۆتایی شەســـــتەکانی ســــەدەی رابردوودا دامەزراو بۆ رزگاری ولاَتەکـەیان تــیَ دەکۆشـێت. لە هەردوو لاوە یارمـەتی ئـەم ڕێکخراوە دەدەن!

ئێمـــــەی نەتەوەیـــــەکی ٣٠ملیۆن کەسـی لـە کاتێکدا کە دەوڵەتی نەتەوەییمان پێ رەوا نــابینن، ئــەی بۆچــی خۆمـــان ئــەو دەوڵەتـــە لەمێشـکی منـاڵ‌و نـەوەکان‌و هــاوڕێ‌و دۆســـتەکانماندا دروسـت ناکـەین؟ ئایـا راسـتە کە خۆشمان ئەمـە بـە خۆمـان رەوا نـــەبینین؟ بێگومـــــان بەرلـــەوەی دەوڵـــەتت هـــەبیَ پێویسـتە نەخشـەی ئـەو ولاَتو دەوڵەتە لـە مێشـکی تاکـەکانی ئەو شـوێنەدا بچێنرێت. کاتێـك ئــەم بەخۆباوەڕبوونــە هــەبێت ئــــەوە ئەوســـا دەوڵەتـــــە خوسـتراوەکە چـی پێـك بێـت‌و چـی پێـك نەیـەت، گـرنگ نیـە ئەوە گرنگـە کـە ئـەو ولاَتـە لـە زەینـــی مرۆڤەکانیـــدا هەیـــەو هەڵکەندنی مەحاڵە.

بۆیـــــــە دیســـــــــان دەگەڕێینەوەســـەر مامۆســـتای یەکــــــەمی خۆرســـــــکی بیروئەندێشـــەی نەتـــەوەیی. پێویسـتە زۆر لەسـەر ئـەم تاکـە بەرهـــــەمهێن‌و بارهێنــــــەرە کاربکرێت. ئەگەر ئەم مامۆسـتا خۆڕسکە لەروی شوناسـنامەوە خۆی یـەکلایی بکاتـەوە، ئـەوە ئەوســا وەچــەیەکی زینــدوو، بــــەخۆباوەڕو بـــــەهێز دەخولقێنێـت. لــە ئــەنجامی ئەمەشــدا دایـك دەبێتــە ئــەو مۆمــەی کــە لــە شــەوەزەنگی لەخۆنامۆیی‌و خۆفەرامۆشـیدا دەروونـــــی وەچـــــەکان دادەگیرسێنێت.

شکی تێدا نیـە کـە ئاکـامی ئــــــەم دۆخــــــــەش زیندووبوونـەوەی کەسـایەتی بەرخۆدەرو راپەڕیوی کوردی لێدەکەوێتــەوە. ئایــا تــۆش پێـت وانیـە کـە ئـیتر کـاتی خۆیەکلاییکردنەوە هاتبێت؟

**هەروەها دەبیَ ئەوە بۆ وەچەکان بگوێزێتەوە کە کوردستان یەکەو یەك کولتورو یەك زمانمان هەیە. بۆ نموونە یەك تیرەو عەشیرەتی دانیشتووانی ئەمدیوو ئەودیوی سنوورەکان خۆی نیشانەی سروشتی ئەم یەکبونەیە. هەروەها بۆنموونە هاولەهجەیی سلێمانی‌و بانە، موکریانی رۆژهەلاَت‌و باشور، کەڵهوڕی کرماشان‌و خانەقین‌و کرمانجی باشوورو رۆژهەڵات‌و باکوور...لەو نموونە بەرچاوانەن کە دەکریَ بە هێمای رۆحی یەکگرتوویی نەتەوەیی لای وەچەکان بچێنریَ.**

سەرچاوەکان:

[١] د.رفیق سابیر، کولتورو ناسیۆنالیزم، چاپی سێهەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی ٢٠٠٨لا١٥

[١] هەمان سەرچاوەلا٢٠

[١] هەمان سەرچاوەلا٩

[١] هەمان سەرچاوەلا٢٤

[١] هەمان سەرچاوەلا٣١

[١] هەمان سەرچاوە لا٣٢

[١] هەمان سەرچاوەلا٣٦

[١] د. شیسماعیل بێشکچی وەرگێڕ ڕێبوار رەشید کوردستان کۆلۆنیەکی نێودەولەتی ١٩٩٣ لا٣٥

[١] کوردستان ولاَتێکی پەرتکراو. دەستنوس، کەریم زەند

[١] د.رفیق سابیر، کولتورو ناسیۆنالیزم، چاپی سێهەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی ٢٠٠٨لا٤٨

[١] هەمان سەرچاوە لا٥٢

[١] هەمان سەرچاوە لا٥٥

[١] هەمان سەرچاوەلا٥٦

١٥دەوڵەتی نەتەوەیی، کریستۆف کاری، وەرگێرانی عەبدولاَ زەند، چاپی خۆرسك، سلێمانی ٢٠٠٩ لا ١٤

١٦ هەمان شەرچاوە لا ٢٣

١٧ ناسیۆنالیزم‌و ناسیۆنالیزمی کوردی، جەعفەر عەلی، سلێمانی ساڵی ٢٠٠٤

١٨هەمان سەچاوە

ئەم وتارە لە سمینارێك کە یەکیەتیی ژنــان بەبۆنــەی رۆژی ژنــەوە لــە ١٧ی رەشـــەمەی ١٣٨٨دا پێکــی هێنـــاوە پێشکەش کراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەو ژنەی بێباکانە بەرەو پەتی سێدارە ڕۆیی

ئامادە کردنی: کوێستان

٥ کەس لە باشترین ڕۆڵە خەباتکار و تێکۆشەرەکانی ڕێگەی ئازادیی ئێران و کوردستان، ئێعدام دەکرێن. بە داخەوە هەواڵی ئێعدام و شکەنجە و زیندان و دەربەدەری وا لە گەڵ ژیانی ڕۆژانەماندا تێکەڵاو بووە کە ئەم هەواڵانەمان بۆ ئاسایی بووە و دەڵێی شتێکی وا نەقەوماوە. بەڵام کارەساتە! کارەساتە ئینسانەکان لە سەر ئازادی و بە ئازادی ژیان، گیانیان لێ‌دەسەندرێ، بەڵام لانی کەم بۆ ئێمە ئازادیخوازان ئەم هەواڵە تاڵانە نەك نابێ بێهیوامان بکا بەڵکوو دەبێ سوورترمان بکا لەسەر خەبات و درێژەدانی ڕێگەی ئەوانەی کە لە ڕێی ئازادیی و بەختیاری ئینسانەکاندا گیانیان فیدا دەکەن.

١٩ی بانەمەڕی ١٣٨٩ یەکێکی دیکە لە ڕۆژە ماتەمبارەکانی کوردستان بوو. سەرلە بەیانی ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی بانەمەڕ بڵاو بوونەوەی هەواڵی دڵتەزێنی ئێعدامی ٥ تێکۆشەری ڕێگای ئازادی و ئینسانییەت هەموو ئازادیخوازێکی ماتەمبار کرد. شەهیدەکان بریتی بوون لە: شیرین عەلەم هولی، فەرزاد کەمانگەر، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان و مەهدی ئیسلامیان، کە چوار کەسی یەکەمیان لە ڕۆڵە خەباتکارەکانی کوردستان بوون. یەکێك لەو چوارکەسەش ژنێکی خەباتکار بوو کە لێرەدا جێی خۆیەتی ئاوڕێك لە ژیان و بەسەرهاتی بدەینەوە و شانازی بە پێگەیشتوویی و ئازایەتی ئەوەوە بکەین کە لە ئاست شکەنجەگەراندا چۆکی دانەدا و بێباکانەی بەرەو پەتی سێدارە ڕۆیی. بوونی ژنێك لە نێو ئەو ئێعدام کراوانەدا ئەوەندەی دیکە نفرەت و بێزاریی لە ڕێژیمێکی دژی ئازادیی و ئینسانییەت زیاد کردوە. ئاخەر تاوانی ئەو ژنە چی بوو جگە لەوە ژیانی خۆش دەویست و بۆ ژیانێکی بەختەوەرانە ڕێگەی خەباتی گرتە بەر؟

با بزانین ئەو ژنە کێ بوو؟

**شیرین عەلەم هولی**

بە وتەی خانمی جیلوە جەواهری کە هاوبەندیی شیرین بووە، دەڵێ **"شیرین عاشقی ژیان بوو، زۆری عەلاقە بە خوێندنەوە و چیرۆك نووسین بوو، ئەو خەباتکارێکی ڕێگەی ئازادی و یەکسانی بوو، بە گیان و دڵ هەستی بە مەسەلەکان کردبوو"**. یەکێکی دیکە لە هاوبەندییەکانی شیرین دەڵێ: **"کاتێك هاتن بیبەن لەسێدارەی دەن، ئەو لەوکاتەدا خەریکی خوێندن و خۆئامادەکردن بوو بۆ ئیمتیحانات کە دەیویست چەند ڕۆژێکی دیکە ئیمتحانی دەرسی بیرکاری پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بدات، ئاخەر ئەو قەولی بەخۆی دابوو بخوێنێ و بچێتە زانکۆ و لە داهاتوودا ببێتە پارێزەری ڕۆڵە بێمافەکانی وڵاتەکەی."**

**مەلائیکە عەلەم هولی باس لە ژیانی شیرین دەکا:**

شیرین عەلەم هولی لە سیانزەی جۆزەردانی ١٣٦٠ی هەتاوی لەگوندی دیم قشلاقی ماکۆ لەخێزانێکی فرە منداڵدا چاوەکانی بە ژیان هەڵێنا. منداڵی گەورەی ماڵ بوو. بەهۆی ئەوەوە کە دایکی نەخۆش بووەو منداڵی وردیشیان زۆر بووە، شیرین هەر لەمنداڵییەوە بەرپرسیاریەتی قورسی کەوتۆتە سەر شان و بووە بە هاوکاری دایکی و لە پەروەردە کردن و گەورەکردنی خوشك و براکانی دا شەریك بووە، بەشایەدیی ئەندامانی بنەماڵەکەی شیرین کەسایەتییەکی ئازا، چاونەترس و فیداکار بووە. ئەو ئەرك بەرپرسیاریەتییەش بۆتە هۆی ئەوە کە بە داخەوە لەخوێندن بێبەش بێت، بەڵام کاتێك گەورە تر دەبێ و هەست بەم کەلێنە لە ژیانیدا دەکا، سەرباری هەموو ئەرك و بەرپرسیاریەتییەکان، دەچێتە قوتابخانەی گەورەساڵان و دوو ساڵ دەخوێنێ.

لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە **چۆن بوو شیرین ڕێگەی خەباتی هەڵبژارد؟**

**خاتوو مەلائیکە پووری شیرین، دەڵێ:**

ناوچەی دیم قشلاق کە دەکەوێتە سەر ڕووباری ئاراس هاوسنوورە لەگەڵ ئازەربایجان و تورکیا، واتە ناوچەیەکە کە سێ سنوور بەیەك دەگەن و ناوچەکەیان بەشێکە لە سنووری باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو کاتە گەریلاکانی پەکەکە لەو ناوچانەدا زۆر لەهاتوو چۆدا بوون و زۆریش تێکەڵ بەخەڵکی ناوچەکە ببوون، خەباتی ئەوان و تێکەڵاوییان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە و بە تایبەتی بوونی کچانی تێکۆشەر لە ریزەکانی ئەواندا، ئەو هۆکارانەن بوون کە شیرین هەستی خەباتکاری تێدا بەهێز ببێ. لەلایەکی دیکەوە بەهۆی کولتوری زاڵی خێڵەکی لەناوچەکەیاندا کە ژن بارێکی قورسی لەسەر شانە و بواری چەوساندنەوەی ژن زۆر لەبار بووە، تەنانەت زۆر جار ژنان بەهۆی ئەو گوشارانەوە پەنایان بردووەتە بەرخۆسوتاندن و خۆ کوشتن، شیرین وەك کچێکی وریای پێگەیشتوو کاتێك پێشتر ئاشنای شۆڕشی کوردستان دەبێت و ناشخوازێت ژیانی وەك زۆربەی ژنەکانی دیکە لەژێر گوشار و چەوساندنەوەدا بەسەر ببات، بڕیار دەدات ڕێگایەکی جیاواز تر بگرێتە بەر، چونکە شیرین لەو بڕوایەدا بووە ژنیش دەتوانێت شانبەشانی پیاو شۆڕش بکات، بۆیە ساڵی ١٣٨٥ دەچێتە نێو ریزەکانی پارتی ژیانی ئازاد (پەژاك).

شیرین لە ریزی خەباتیش دا خولیای زۆری بۆ خۆی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دروستکردووەو بەشایەدیی هاوڕێکانی هەمیشە بەدوای کار و خۆپێگەیاندندا بووە. پاش ماوەیەك شیرین بۆ کارێکی پێویست دەچێتە تاران کە بەداخەوە پێش ئەوەی بگەڕێتەوە نێو هەڤاڵانی لە جۆزەردانی ١٣٨٧دا لە لایەن ئیتلاعاتییەکانەوە دەستگیر دەکرێ. بۆ ماوەی ٢٥ رۆژ لەبارەگای ناوەندیی ئیتلاعاتی سپای پاسدارن لەتاران لە ژێر ئەشکەنجەی قورسی جەستەیی‌و دەروونیدا بەسەر بردوە، لەو ماوەیەدا سەرباری ئەشکەنجەی قورس‌و گوشاری لەرادەبەدەر ٢٢ رۆژ مانی لە خواردن گرتووە، ئەشکەنجەکەرەکان چەندین جار هەوڵیاندابوو مانگرتنەکەی پێ بشکێنن‌و بەزۆر خواردنی پێ بدەن، بەڵام لەوەشدا سەرکەوتوو نەبوون، چونکە هەر کاتێك بەزۆر سورومیان کردووە بە قوڕگیا تاکو خواردنی پێبدەن سوورومەکەی لەقوڕگی راکێشاوەتە دەرەوەو رێگای نەداوە مانگرتنەکەی پێ بشکێنن، پاش ئەو ماوەیە دەدرێتە بەندی ٢٠٩ی زیندانی ئێوین، کە راستەوخۆ لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە بەڕێوە دەبرێت، سەرەتا بەهۆی ئەوەی کە جەستەی نیوەگیانە، بەڕێوەبەرانی زیندانی ئێوین ئامادە نابن وەریبگرن، بەڵام رۆژێك دواتر لەسەودایەکی شاراوەدا بڕیاری وەرگرتنی لەلایەن بەڕێوەبەرانی زیندانی ئێوینەوە دەدرێت.

پاش شەش مانگیش مانەوەو لێکۆڵینەوەی بەردەوام لەبەندی ٢٠٩و چەندین جار هەڕەشەی مەرگ‌و کوشتنی لێدەکەن‌و چەندین شێوازی ئەشکەنجەی جەستەیی‌و دەروونیی لەدژ بەکار دەهێنن، ئەوەی کە جێگای سەرنجە بۆ ماوەی شەش مانگ بەرپرسان‌و بەڕێوەبەرانی دەزگا زەبەلاحەکەی ئیتلاعات نەیزانیوە ناوی راستەقینەی شەهید شیرین چیە، چونکە شیرین خۆی بە (فریشتە ئەمیری) دەناسێنێت‌و ئەوەش شەش مانگی پێدەچێت تاکوو بەرپرسانی ئیتلاعات بزانن کە ناوی راستەقینەی خۆی چییە. کاتێکیش دەگوێزرێتەوە بۆ بەشی ژنانی زیندانی ئێوین هەر بەناوی فریشتە ئەمیری دەناسرێت‌و بۆ ماوەی ساڵێکیش هەر بەو ناوەوە لەناو هاو زیندانیەکانیدا بانگی دەکەن.


لەبەرواری ٢٨ی سەرماوەزی ١٣٨٨دا لە لقی ١٥ی دادگای شۆڕشی تاران، کە لە لایەن دادوەر (سەڵەواتی)یەوە بەڕێوە چووە، بە تۆمەتی بەزاندنی سنوور دوو ساڵ سزای بۆ بڕدرایەوە و بە تۆمەتی موحاربە (دژایەتیکردنی خوا) لە رێگەی پەیوەندی لەگەڵ (پەژاك)دا بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەردەکرێ.

بڕیارەکە لە ١٣ بەفرانباری (١٣٨٨)دا بە پارێزەرەکەی راگەیەندراوە، چونکە رەوتی لێکۆڵینەوەی دۆسیەکە لەدادگای سەرەتایدا لەدەرەوەی بنەما یاساییەکان بووە، پارێزەرەکەی شیرین داوای سەرلەنوێ پیاچوونەوە بە بڕیارەکەدا پێشکەشی دادگا کردبوو، بەڵام تاکوو ئێستاش کە شیرین لەسێدارە دراوە هیچ وەڵامێك بەو داوایە نەدراوەتەوەو هیچ بڕیارێکیش تاکوو ئێستا لەدیوانی باڵای دادوەریی ئێرانەوە سەبارەت بەو دۆسیەیە بە پارێزەر بنەماڵەکەی رانەگەیەندراوە.

لە ٢٩ی بەفرانباری ١٣٨٨دا پاش دەرکردنی بڕیاری لەسێدارەدانی ئەو کچە تێکۆشەرە، لە دادگای شۆڕشی تاران، کەمپینی تا هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری لەسێدراەدانی شیرین عەلەم هولی لەلایەن کۆمەڵێك چالاکوانی مافی مرۆڤەوە دامەزرا. ئەو کەمپینە بە کۆکردنەوەی واژۆ هەرچەند نەیتوانی پێشی ئێعدامی شیرین بگرێ بەڵام توانی دەنگی شیرین بگەیەنێتە رای گشتیی جیهان.

پاش ئەوەی کە کەمپەینەکە بەشێوەیەکی بەرفراوان دەنگی ناو بەندیخانەی ئەوینی تارانی دەگواستەوە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەوەیان پێ قبوڵ نەکراو وێبلاگی کەمپەینەکەیان فیلتەر کردو لەناوەوەی ئێران وێبلاگەکەی شەهید شیرینیش نەدەکرایەوە، بەڵام سەرباری ئەوەش ئەو کەمپنە لەپێناو ئازادیی شەهید شیریندا دەستبەرداری ئەرك‌و چالاکییەکانی نەبوو.

لەماوەی زینداندا شیرین توانیی دوو نامە بۆ رای گشتی جیهان بنووسێت‌و لەو دوو نامەیەدا زۆر وردەکاریی



ئەشکەنجەو زوڵمی لێکۆڵەرەوەکان‌و کرداری دژە مرۆییانەی کاربەدەستانی ئاشکرا کرد.

دەربارەی چۆنیەتی باسکردنی شەهید شیرین لەناو خەڵك‌و ناسراوەکانیدا، جێگەی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە تاکوو ئەو چرکە ساتە هەموو کەس‌و دۆست‌و خزم‌و ناسراوەکان وەك کچێکی تێکۆشەری رێگای رزگاریی گەلی کورد باسیان کردووە، چونکە بۆ هەموو لایەك روون بوو کە شیرین لەپێناوی چ ئامانجێکدا چووەتە سەر شاخەکانی کوردستان‌و لەپێناوی ئەو ئامانجەدا ژیانی خۆی کردە دیاریەك بۆ کوردستان.

لەبەرەبەیانی نۆزدەی گوڵانی ١٣٨٩ لەزیندانی ئێوینی تاران لەگەڵ چوار تێکۆشەری دیکە (فەرزاد کەمانگەر، عەلی حەیدەریان، فەرهاد وەکیلی، مەهدی ئیسلامیان) کە سێیانیان کوردو یەکێکی دیکەیان فارس بوو لەسێدارە دران. ئەو رۆڵە تێکۆشەرانەی کوردستان بەدەم خوێندنەوەی سروودی ئەی رەقیب ژیانیان پێشکەشی رێگای ئازادی کوردستان کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گەڕان بەدوای هەناسەکانی ژیان لە نێو دووکەڵی کوورەکانی مەرگ دا

عەلی بداغی



کوورەخانە لای خەڵکی کوردستان هەم بە واتای دۆزەخەو هەم بەواتای هیواو هومێد. دۆزەخ بەو مانایەی تێیدا هەڵ دەقرچێیو لەتاو ئێش و سەختی و ماندوویی تاقەت پڕووکێنی دا بە هەزاران جار ئاواتی مردن دەکەی و، هیوا و هومێدیش بەو مانایە کە بەشێکی زۆر لە خەڵکی بێکار و بێدەرەتان و داماوی کوردستان کوورەخانە وەك تاکە هیواو کلاورۆژنەیەك دەبینن کە دەتوانن بەکارکردن تێیدا درێژە بە ژیانی کۆڵەمەرگیی خۆیان بدەن و ئەو پاڕادۆکسە واتا دۆزەخ بوون و لە هەمان کات دا تاکە هیوا بوونی کوورەخانە بۆ مرۆڤی کورد، یەکێك لەو واقعە تاڵانەی ژیانی کوردانە.

بزە و دڵخۆشیی ئەو پیاوە دەست قەڵشیوەی هێشتا ماندوویەتیی ٦مانگ کاری شەوو ڕۆژی لە لەش دەرنەچووە و لە زستان دا جێی کاری لە کوورەخانەیەکی مەشهەد و تاکستان و تەورێز گرتۆتەوە و ڕوخساری ماتەمبار و دڵ پڕ لەخەمی ئەو پیرە پیاوەی هەموو کوورەخانەکانی هەمەدان و شەبەستەرو تاران و مەلایری پشکنیوە و جێی دەست نەکەوتوە و، ئەژنۆی ماتەمی لەباوەش گرتوە، لە تراژیدی یەکانی دیکەی میللەتی کوردن.

ئێستاش کە مانگی جۆزەردانە و خەڵکی کوورەخانە بارگە و بنەیان پێچاوەتەوەو لە کوورەخانەکانی شارەکانی عەجەمستان دا بەعەرزیان داداوە و" مەیدان" یان خاوێن کردۆتەوە و فەرغوون و پێمەڕە و شیلانگ و لایلۆن و قالب و سەرەند و مەیدانکێشیان وەرگرتوە و، وەرزێکی دیکەیان لە ژیانی کۆڵەمەرگییان دەست پێ کردوە، جێی خۆیەتی ئاوڕێك لە ژیانی تاقەت پڕۆکێنی ئەو خەڵکە بەتایبەت ژنان و منداڵان بدەینەوە کە لەشی شلك و ناسکیان لە قرچەی گەرمای هاوین و سەختیی کاردا دەبێتە خەڵووز.

کوورەخانە شوێنێکە کە تێیدا ژن و پیاو، کچ و کوڕ، پیر ولاو و منداڵی کەم تەمەن و ساواش پڕ بە جەستەیان و زیاتر لە زەرفیەتی دەروونیان و تێکڕا و وێکڕا ماندوو دەبن و دادەهێزرێن.

باسکردن لە هێندێ لە تایبەتمەندییەکان و سروشتی کاری کوورەخانە بەرچاوڕوونیی زیاترمان لە شێوەی ژیان و چۆن کارکردن و ماندووبونی ئەو خەڵکە پێ دەدا.

کاری کوورەخانە بە تایبەت کاری قالبداری و خشت بڕی کە بەگشتی بنەماڵەکان ڕووی تێ دەکەن کارێکی قۆنتەراتی و گشتی یە. واتە بە ڕادەی بەرهەمهێنان و کاری خۆت دەتوانی داهاتت هەبێ، کەواتە لە نێو خێزانێك دا کار بۆ هەمووان هەیە و تەنانەت منداڵی ٥ساڵەش هەر هیچ نەبێ دەبێ ئاگای لە "پاستاو"ەکان بێ و پڕیان بکا لە ئاو و بیان گوازێتەوە.

کار لە کوورەخانە تابعی ڕێککەوتن و پرەنسیپە دیاریکراوەکانی "کات" نیە. زۆر پێش لە مەلا بانگدان دەبێ لە خەو هەستی بچی بۆ سەر کار و، دوای سەعاتیك کارکردن و ئارەقە ڕشتن لە فێنکایی بەرەبەیان دا تازە دەبینی خەریکە ڕۆژ دەبێتەوە و دەبێ تا بڕێك لە تاریکانی ئێوارێ بکوتی و لەکارکردن بەردەوام بێ. لە خۆڕا نیە کە لە ڕۆژێك دا ٥ ژەم نان و چا دەخورێ، بەڵام سەری هەموو ژەمەکان لەبەر برسێتی و بێوازی بەلادادێی.کاری کوورەخانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



**نەخۆش کەوتن لە کوورەخانەدا بڤەیە، چونکی تا نەیە حاڵەتی جاو، کەس بڕوات پێناکاو پێیان وایە لە ترسی کارە خۆت مراندوە و مرۆڤەکان لە ڕووی عەتف و بەزەییەوە، زۆر ویشک و داتەپیو دەبن**

جگە لە ماوە زەمەنییە دوورودرێژەکەی لە رووی کاتەوە، کارێکی قورسیشە. بەتایبەت کە ئەو کارە بۆ ژنان و منداڵان و بەتایبەت ژنانی دووگیان یەکجار قورس و مەترسیدارە.

کووڕەخانەکان ناوەندیی دەرمانی و بێهداشتی یان تێدا نیە. شوێنی کاروحاوانەوە و ژیانی کرێکارەکانیش نەك بێهداشتی وپاك و خاوێن نیە،بەڵکوو زۆر زۆر پیس و پڕ لە جێی سەرهەڵدانی نەخۆشییە.

لە کوورەخانەکان دا هیچ شوێنێك بۆ سەرقاڵی و سەرگەرمی منداڵان دەست ناکەوێ، منداڵان دەبێ بێنە مەیدان و ئەگەر توانای خشت بڕینیان بوو کە باشە، دەنا دەبێ خشت کۆکەنەوە، ماسە دابێژن و ئاو لە پاستاو بکەن و کەرسەگ و سندە فڕێ بدەن و مەیدانەکان مەیدانکێش بکەن.

ژنان جیا لە کاری مەیدان و خشت بڕی کاری نان و چایی سازکردنی ژەمەکانو نان کردن و پاکووخاوێنی ماڵ و پێڕاگەیشتن بە منداڵەکانیشیان لەسەرشانە و، تازە لە روانگەی زۆر لە پیاوانیشەوە ئەو کارانە بە جۆرێ حەسانەوە بۆ ژنان حیساب دەکرێ. نەخۆش کەوتن لە کوورەخانەدا بڤەیە، چونکی تا نەیە حاڵەتی جاو، کەس بڕوات پێناکاو پێیان وایە لە ترسی کارە خۆت مراندوە و مرۆڤەکان لە ڕووی عەتف و بەزەییەوە، زۆر ویشك و داتەپیو دەبن.لەو نێوەدا ژنانی دووگیان بەدەم ئازاری زیاترەوە دەناڵێنن. ژنانی کرێکار لە کوورەخانە تا پێومانگی خۆیان ناچارن مەیدانی کار جێنەهێڵن و دوای حەوتوویەك لە منداڵبوونەکەیان دەبێ لەگەڵ خۆیان لانکە و کۆرپەی ساوایان بێنە مەیدان و جارجار قالبەکانیان فڕێ بدەن و لە پەنای سێبەری" فەنەرەکان" چۆڕە شیرێ بە گەرووی ساواکەیان دا بکەن.

خۆ باسی درێژماوەیی کاری کوورەخانە و بەردەوامبوونی هەتا مانگێك پاییزو بیمە نەکرانی لەلایەن خاوەن کار و پێنەدانی حەقدەستەکانیان تا نیوەی زستان و بەهاری ساڵی داهاتووش لە جێی خۆی، کە بەشێك لە سروشتی کاری کوورەخانە لە سەردەمی چەوساندنەوەی کرێکارن لەلایەن خاوەن کارەوەیە.

لێرەدا خاڵی جێی سرنج ئەوەیە کە لە کوورەخانەدا، خاوەن کار بۆ زۆریی کار و ماوەی کار، و لەبەر قۆنتەرات بوونی زۆربەی کارەکان زۆری لە کرێکار ناکا، بەڵام بە هۆی ئەوەی حەقدەستی کارەکە کەمە، ئەوە خودی کرێکارەکەیە کە زەخت لە خۆی و ئەندامانی بنەماڵەکەی دەکا تا بەشی چەند مانگ پاییز و زستان بڕە پارەیەك پاشکەوت بکا و هۆکاری هەموو ئەوانەش بۆ هەژاری و بێکاری زۆر لە کوردستان دا دەگەڕێتەوە کە مرۆڤی کورد ناچار دەکا وەك زاڵمێك بۆ خۆی زوڵم لە خۆی بکا و بەدەستی خۆی دۆزەخێك بۆ خۆی و ماڵ و منداڵی دروست بکا.




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنان و دێموکڕاسی

**بەشی چوارەم وکۆتایی**

**وەرگێڕان بە هێندێک دەستکارییەوە: سەید جەلالی ساڵحی**

jalalsalehi@yahoo.com




بزووتنەوەی ژنان لە زۆر بوارەوە بەرهەمی ڕاستەوخۆی ئەزموونی بووە کە چالاکوانانی بزووتنەوەی دژی کۆیلەداری بوویان. تەواوی لایەنگرانی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەداری ڕازی بە بەشداری کردنی ژنان لە کاروباری سیاسیدا، تەنانەت بە قازانجی ئامانجی دژی کۆیلەداریش نەبوون. ئەو ژنانەی کە بە مەبەستی بەشداری کردن لە "کۆڕی جیهانی دژی کۆیلەداری" لە ساڵی ١٨٤٠دا چوونە لەندەن، وەکوو نوێنەری بەشداربووان وەریان نەگرتن. هەرچەند شاندی نوێنەری ئەمریکا پشتیوانی لە ئامادەبوون و بەشداری کردنی وان کرد، بەڵام "مات" کە قەشەیەك لە تاقمی کۆئیکرەکان و ڕیفۆڕمخوازێکی کۆمەڵایەتی بوو و، "ئیستانتۆن" لە یەکەم لایەنگرانی مافەکانی ژنان و هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەداری و باقی ژنەکانی دیکەشیان لە شوێنی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکە کردنە دەرەوە، تاکوو کۆڕەکە کۆتایی بە کارەکانی خۆی بێنێ. ئەم دوو ئافرەتە بڕیاری خۆیان بۆ بەڕێوەچوونی کۆڕی مافەکانی ژنان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دابوو. هەشت ساڵ دواتر، لە ژوئیەی ١٨٤٨دا، یەکەم "کۆڕی مافەکانی ژنان" بۆ باس لەسەر مافە کۆمەڵایەتی، مەدەنی و ئایینییەکانی ژنان لە "سنیکافالز"ی نیۆیۆرك، بەڕێوەچوو. لەم کۆڕەدا "جاڕنامەی مافە سۆزداریەکان" کە بناغەی یەکسانی خوازانەی "ڕاگەیەندراوی سەربەخۆیی" ژنانیشی لەخۆ دەگرت، بە کۆی دەنگ وەرگیرا: "تەواوی پیاوان و ژنان وەکوو یەك خوڵقێندراون و هاتوونەتە دونیا". بەڵام بە دوای باس و مشتومڕێکی دووروودرێژدا بوو کە نوێنەرەکان تەنیا بڕیارنامەی "ئیستانتۆن" کە پێدانی مافی دەنگدان بە ژنانی لەخۆ دەگرت، قەبووڵ کرد. لە گەڵ نزیك بوونەوە لە شەڕی نێوخۆ، ژنانیش دەستیان لە خەباتی خۆیان کێشاوە تا هەموو شتێکی خۆیان لە ڕێگای هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتیدا بەکار ببەن. لە ساڵی ١٨٦٣دا "ئیستانتۆن" و "سۆزان ـــ ئانتۆنی"، "ئەنجومەنی ژنانی بەئەمەگیان" دامەزراند تا تۆمارو داخوازی کۆ بکەنەوەو بینێرنە کۆنگرەی ئامریکا و خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی بە تەواوی کۆیلەداری بن. ئەم ئەنجومەنە دوای هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەداری و پەسندکرانی "هەموارکردنی سێزدەیەمی یاسای بنەڕەتی"(١٨٦٥)، هەڵوەشایەوە.

## خەبات بە دوای شەڕی نێوخۆدا

بە دوای شەڕدا، ژنان سەرلەنوێ هەوڵەکانیان بۆ وەدەست هێنانی مافی دەنگدان وەگەڕ خستەوە، بەڵام هەروەك هەموارکراوەکانی دوای شەڕی ناوخۆ نیشانیان دا ــ میللەت ئامادەیی قەبووڵ کردنی مافی دەنگدانی ژنانیان نەبوو. "هەموارکراوی چواردەیەم" کە لە ساڵی ١٨٦٨ی زایینیدا پەسند کرا، لەمپەرێکی گەورەی بەردەم پێدانی مافەکانی ژنان بوو. وشەی ناوبراو بۆ یەکەم جار بە یاسای بنەڕەتییەوە زیاد کراو هەموارکراوەکەی سزاگەلێکی بۆ سەرپێچی ویلایەتەکان لە مافی دەنگدانی هاووڵاتییە ناوبراوەکان، زیاتر لە ٢١ ساڵی دیاری کردوە. دەرهاویشتنی ژنان لەم هەموارکراوەدا، "ئیستانتۆن"، "ئانتۆنی" و "سوجێرنر تڕۆت"ی تووشی سەرسامی کرد. بەڵام "لوسی ستۆن"، "هێنڕی بلك وێڵ" و "فرێدریك داگڵاس" سوور بوون لەسەر ئەوەی کە مافی ڕەش پێستەکان لە سەرووی هەموو کاروبارێکەوەیە و دەبێ مافی دەنگدانی ژنان بخرێتە دواوە. دوو ساڵ دواتر، بۆ جارێکیتر مافەکانی ژنان چاوپۆشی لێ کرا، چونکە "هەموارکراوی پازدەیەم" هەڵاواردن لە دەنگدانی لەسەر بنەمای ڕەگەز، ڕەنگ یان بارودۆخی پێشووی کەسەکە لە ڕوانگەی کۆیلایەتییەوە قەدەغە دەکرد، چاوپۆشی لە مافی ژنان کرد. ئەم جیاوازیی بۆچوونە سەبارەت بە فەوری بوونی مافی دەنگدانی ژنان، بووە هۆی دوو دەستەیی لە بزووتنەوەی مافەکانی ژنان کە زیاتر لە دوو دەیە درێژەی کێشا. ئەم لێك بڵاوبوونەوە لە ئاکامی خەباتێك کە لە "کانزاس" لە سەر ڕاپرسی-یەکانی دوو ویلایەت لەمەڕ مافی دەنگدانی ڕەش پێستەکان و ژنان لە گۆڕێدا بوو، توندو توندتر بۆوە. هەرچەند، ئیستانتۆن، ئانتۆنی، ئەستۆن و بلك وێڵ خەباتیان بۆ هەر دووك گرووپەکە دەکرد، بەڵام لە گەڵ دژایەتییەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو کۆماریخوازانەی کە هەوڵەکانی ئەوانیان لە ڕێگای دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان بە گاڵتە دەگرت و پێ-یان پێ دەکەنین، ڕووبەڕوو بوون.

"ئیستانتۆن" و "ئانتۆنی" پێیان خۆش نەبوو لە گەڵ حیزبی کۆماریخواز کە دژی مافی دەنگدانی ژنان بوو، ڕێك بکەون و درێژە بە یەکیەتییەکەیان بدەن. "ئەستۆن" و "بلك وێل"یش ڕازی بە قەبووڵ کردنی ئەم مەترسییە نەبوون کە مافی دەنگدانی ڕەش پێستەکان بە هۆی پێوەندییان لە گەڵ مافی دەنگدانی ژنان لە دەست بدەن. بە زمانێکی ساکارتر ژنانیان فیدای ڕەش پێستەکان کرد. هەروەها لەوەش نیگەران بوون و مەترسی ئەوەیان دەکرد کە نەکا ئیستانتۆن و ئانتۆنی حازر بە قەبووڵ کردنی یارمەتی ئەو دێموکڕاتانە بن کە بە باوەڕی وان هۆی پشتگیرییان لە مافی دەنگدانی ژنان ئەوە بووە کە ئاوەکە قووڕاو بکەن و مافی دەنگدانی ڕەش پێستەکان پێشێل و بخەنە ژێر پێ. لە گەرمەی خەبات لە سەر پشتگیری لە هەموارکراوەکانی چواردەو پازدەیەم، لە ساڵی ١٨٦٩ی زایینی دوو ڕێکخراوی ڕکەبەر لە بواری مافی دەنگدانی ژنان دامەزران. ئیستانتۆن و ئانتۆنی "ئەنجومەنی نەتەوەیی مافی دەنگدانی ژنان"یان دامەزراندو ئەستۆن و بیچێریش "ئەنجومەنی ئامریکایی مافی دەنگدانی ژنان". لە ئاکامدا ناکۆکی-یەکانی نێوان دوو گرووپی ناوبراو کەم بۆوەو لە ساڵی ١٨٩٠ی زایینی بوونە یەك و "ئەنجومەنی نەتەوەیی مافی دەنگدانی ژنانی ئامریکا"یان دامەزراند. ئیستانتۆن تاکوو ساڵی ١٨٩٢ سەرۆکی ئەم ئەنجومەنە بوو و دوایەش ئانتۆنی چووە جێگاکەی و تا ساڵی ١٩٠٠ لەم پۆستەدا کاری کرد.

مەسەلەی مافی دەنگدان لە ساڵی ١٨٧٥، لە پەروەندەی "ماینێر" بە دژی "هاپێرسێت" بردیانە دادگای بەرزی وڵات. سێ ساڵ بەر لەم مەسەلەیە، "ویرجینیا ماینێر" شکایەتی لە کارگێڕێکی ناونووسی دەنگدان، بە ناوی "ڕیس هاپێرسێت" لە "سێن لوویی" هەڵکەوتوو لە "میزۆری" بە تۆمەتی پێشگیری لە ناونووسی کردنی بۆ دەنگدان، کرد. "ماینێر" دوای شکست خواردنی لە دادگای بەرزی میزۆریدا، داوای لە دادگای بەرزی ویلایەتە یەکگرتووەکان کرد بە حوکمەکەیدا بچنەوەو داوای لە دادگاش کرد کە مافی دەنگدان لە قازانجەکانی هاووڵاتییەکە کە بە هۆی "هەموارکراوی چوارده"یەمەوە بە هیچ شێوەیەك لە ویلایەتەکاندا پێشێل ناکرێ. بە پێی حوکمی دادگای بەرزی وڵات، کە وەبیرخەرەوەی دەنگی ئەم دادگایە لە پەروەندەی "ئیسکات" بە دژی "ستەنفۆرد"ەوە بوو و، بە پێی ئەویش، دادگای باڵا ڕەش پێستەکانی وەك هاووڵاتییەك وەرنەدەگرت، داواکاری "ماینێر"یش ڕەد کرایەوە. دادگای باڵا نکۆڵی لە پێدانی ئیمتیازگەلێکی نوێ بە هاووڵاتییان بە پێی "هەموارکراوی چواردەیەم" دەکردو ئەوەش بۆچوونی بوو کە ئەم هەموارکراوە تەنیا پشتگیری لە مافەکانی ئێستایان زامن دەکا. "موریسۆن وێیت"، قازی باڵادەس، بە جێگری لە لایەن دادگای باڵاوە ڕوونی کردەوە کە چۆن "هەموارکراوی چواردەیەم" مافی دەنگدان نادا، "ماینێر"یش تەنیا لە کاتێکدا دەتوانێ داوای ڕزگاربوون(فرجام) بکا کە ژنانیش لە کاتی پەسندکردنی یاسای بنەڕەتیدا خاوەن مافی دەنگدان بن. لە گەڵ دەرکردنی ئەم ڕایە ئاشکرا بوو کە دەستەبەربوونی مافی دەنگدانی ژنان لە دەست فریشتەی عەداڵەتیش نایە.

## داواکاریەکانی ژنان بۆ دەستەبەربوونی مافی دەنگدان

ئەو دوو ڕێکخراوەی کە بۆ مافی دەنگدانی ژنان کاریان دەکرد، لە سەر باشترین ڕێکارەکانی دەستەبەربوونی مافی دەنگدان جیاوازی بۆچوونیان بوو. "ئەنجومەنی نەتەوەیی مافی دەنگدانی ژن" کە لایەنگری ڕوانگەی نەتەوەیی و پەسندکردنی هەموارکراوێك بە سەر یاساکانی فیدراڵدا بوو، توانی گەڵاڵەی "هەموارکراوی ئانتۆنی" بباتە کۆنگرە. ئەم هەموارکراوە چەندین ساڵی بەردەوام لە کۆنگرەدا وەردیان دەداوەو دەهاتە گۆڕێ تا لە ئاکامدا پەسند کرا.

"ئەنجومەنی ئامریکایی مافی دەنگدانی ژنان" داکۆکی لە ڕوانگەی ویلایەت بە ویلایەت بۆ مافی دەنگدانی ژنان بوو، هەرچەند سەرکەوتنگەلێکیشی وەدەست هێنا، بەڵام زۆر بە نالەبار و هێواشی چووە پێش. لە ساڵی ١٨٣٨ی زایینی ژنان لە مافی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی بەڕێوەبەریی قوتابخانەکان لە چەند ویلایەتدا بەهرەمەند بوون کە لە ویلایەتی "کۆنتاکی"یەوە دەستی پێ کرد. نیشتمانی "وایۆمینگ" مافی دەنگدانی ژنانی بە تەواوی لە ساڵی ١٨٦٢دا قەبووڵ کرد. "وایۆمینگ" یەکەم ویلایەتێك بوو کە بە دوای وەرگێرانی لە فیدراسیۆن لە ساڵی ١٨٩٠ ئیزنی بە ژنان دا کە بە ئازادی دەنگی خۆیان بدەن. سێ ساڵ دواتر ویلایەتی "کلۆڕادۆ"ش بە "وایۆمینگ"ەوە پەیوەست بوو و، لە ساڵی ١٨٩٦ی زایینی دوو ویلایەتی "یووتا" و "ئایداهۆ"ش بە قەبووڵ کردنی مافی دەنگدانی ژنان، لە چوارچێوەی خۆیاندا دەنگدانیان دێموکڕاتیك کردەوە. بەو حاڵەش تا بەر لە ساڵی ١٩١٠ی زایینی، لە گەڵ بوونی سەدان تێکۆشان و خەبات لە ویلایەتە جۆراوجۆرەکاندا، هیچ سەرکەوتنێکیتر لە بواری مافی دەنگدانی ژنانەوە وەدەست نەهات. لە سەرەتای ساڵی ١٩٠٠دا لە گەڵ دەست لە کار کێشانەوەی ئانتۆنی لە پۆستی سەرۆکی "ئەنجومەنی نەتەوەیی مافی دەنگدانی ژنانی ئامریکایی" کە سەرلەنوێ بووژایەوە، چالاکییەکانی خۆی لە گۆڕەپانی سیاسەتی نەتەوەییدا بە ڕێبەری "کێری چەپمەن کات" دەست پێ کردەوە. بە دوای خانەنشین بوونی "کێری چەپمەن کات" لە سەرۆکی ئەنجومەنی ناوبراو لە ساڵی ١٩٠٢دا، "ئانا هاوێرد شا" بوو بە جێنشینی. "ئانا" قەشەیەکی "متۆدیست" و دوکتوریش بوو و لە هەمان کاتدا ڕێبەری "یەکیەتیی ژنانی مەسیحی بۆ میانەڕەوی لە بەکارهێنانی مەشرووباتی ئەلکۆلی" لە سەر شان بوو. بۆ جارێکیتر "کێری چەپمەن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کات" لە ساڵی ١٩١٥دا سەرۆکی ئەنجومەنەکەی وەدەست گرتەوەو سەرەنجام بەرپرسی هاوئاهەنگ کردنی چالاکییەکانی ئەندامانی سەربە ویلایەتەکان بە گوێرەی هەموارکراوی ئانتۆنی بۆوە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، داواکاریەکانی ژنان بۆ دەستەبەربوونی مافی دەنگدان دەربڕینێکی نوێی بەخۆوە گرت. یان بە واتایەکیتر فۆرمێکی نوێی بەخۆوە گرت. بەر لەمە، لایەنگرانی مافی دەنگدان دەیان گوت کە وەها مافێك پەیدابوو لە مافی نەگوازراوی یەکسانیی سیاسی ئەوان لە پۆستی هاوولاتی بوون دایە. پێداگرتنی ئەوان لە پێشدا بە پێی بەرژەوەندی هاوبەشیان لە گەڵ پیاواندا بوون و بەڵگەشیان ئەوە بوو کە مەرجی دێموکراسی وەك هەڵس و کەوت یەکسانە و ئێستاکە تاقمێك لە لایەنگرانی مافی دەنگدان دەستیان دایە ئەم بۆچوونە کە ژن لە گەڵ پیاو جیاوازەو شیاوی مافی دەنگدانە، چونکە لە پیاو مەزنترە. بۆچوونی ئەوان ئەوە بوو کە زیادبوونی ژنان بە دەنگدەرانەوە، دەبێتە هۆی چاکسازی سیستمی سیاسی و هەروەها چاکسازییە کۆمەلایەتییە پێویستیەکانی دیکەش. سەرەڕای ئەوەش، دەیان گوت کە هاوولاتییەك لە سەرترە کە دەچێ بۆ دەنگدان، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە کە ژنان منداڵەکانیان وەك هاوولاتییەکی بەرپرس باربێنن و بۆخۆشیان هاوسەرانێکی هۆگرتر بن. لەوەها کاتێکدا، بەڵگەی زۆرێك لە لایەنگرانی مافی دەنگدان ئەوە بوو کە ژنان لە ڕووی توێژ و ڕەگەزەوە، لە بەرامبەر دەنگدەرانی ناهاوولاتی و کرێکارە غەیرە سپی پێستەکاندا، سەلاحییەتی دەنگدانیان هەیە. هەوڵی ئەوان ئەوە بوو کە ڕێبەرانی سیاسی بەوە ڕازی بکەن کە ژنان سەلاحییەتێکی زیاتریان بۆ دەنگدان هەیە تاکوو ئەم جۆرە پیاوانە.

لە ساڵی ١٩١٠ی زایینیدا، "ئەنجومەنی نەتەوەیی مافی دەنگدانی ژنانی ئامریکایی" وردە وردە هەموو هەوڵ و توانایی خۆیان بۆ چالاکییەکانی سەربە کاروباری سەرەکی خەڵکی خستە گەڕ و، ڕاپرسیگەلێکیشیان لە ویلایەتەکانی واشینگتۆن و کالیفۆرنیا(١٩١١) بەڕێوەبرد کە بە دوای ئەواندا لە کانزاس، ئۆرێگێن و ئاریزۆنا(١٩١٢)ش بەڕێوەچوو. لەم ویلایەتانەدا، ژنان بە هۆی بەرەکەتی ئەو سەرکەوتنانەی کە لە ڕاپرسییەکاندا وەدەستیان هێنابوو، توانیان هەموارکراوگەلێك بە یاسای ویلایەتەکانەوە پەیوەست بکەن و بە هۆی ئەوانەوە بەهرەمەند لە مافی دەنگدان بن، واتە بتوانن دەنگ بدەن. لە "ئیلینۆی" ژنان دەیانتوانی بە بەکاربردنی دەسەلات لە پارلمانی یاسادانانی ئەم ویلایەتەدا، مافی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆمار وەدەست بێنن. شکستی ڕاپرسییەکان لە زۆربەی ویلایەتەکانی ڕۆژئاوای نێوەڕاست و هەروەها لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەلاتی ولات، مەسەلەی چاکسازی یاساکانی فیدراڵ کە هیوا و ئاواتی لەمێژینەی ئانتۆنی و ئێستانتۆن بوو، بۆ جارێکی دیکە هێنایانەوە گۆڕێ.

**بەدەست هێنانی مافی دەنگدان:**

لە ساڵی ١٩١٣ی زایینیدا ڕێکخراوێکی نوێ لە بواری دەستەبەربوونی مافی ژن بە ناوی "یەکیەتیی کۆنگرە بۆ مافی دەنگدانی ژنان" بە ویست و ئیرادەی بەهێزی "ئالیس باڵ" کە یاریدەدەری کۆمەلایەتی و لە کۆئیکەرەکان بوو، دامەزرا. ئەم یەکیەتییە خۆنیشاندانێکی بەربڵاوی کە هاوکات بوو لە گەڵ ڕۆژی سوێندخواردنی "وێدرۆ ویلسۆن"، ساز کرد. "یەکیەتیی کۆنگرە" کە شێوەیەکی توندڕەوتری لە چاو "ئەنجومەنی نەتەوەیی مافی دەنگدانی ژنانی ئامریکایی" گرتە بەر و، دواتر بووە "حیزبی نەتەوەیی ژنان"، کە "حیزبی دێموکراتی" بە بەرپرسی شکستی پێدانی مافی دەنگدان بە ژنانی دەزانی. ئەم یەکیەتییە، کە هەرچی زیاتر کەوتە ژێر کاریگەریی ڕێکارو تاکتیکییە شەڕاوییەکانی لایەنگرانی مافی دەنگدانی ژن لە بریتانیا بە ڕێبەری "ئیمیلین پەنکرێست"، و دەستیان دایە تێك شکاندنی پاڵێوراوانی حیزبی دێموکرات کە مافی دەنگدانی ژنان لە بەرنامەی کاریاندا نەبوو. لە ژانویەی ١٩١٧ی زایینیدا، "حیزبی نەتەوەیی ژنان" هاوکات لە گەڵ کۆمەڵی مانگرتووان چوونە بەردەم کۆشکی سپی، لە حاڵێکدا داواکاریەکانیان سەبارەت بە پەسەندکردنی فەوری هەموارکراوی مافی دەنگدانی ژنانیان لەسەر تابلۆ و پلاکارد ڕاگەیاندبوو.

لایەنگرانی مافی دەنگدانی ژن، کە بە هەوڵ و تێکۆشانی "ئەنجومەنی نەتەوەیی مافی دەنگدانی ژنانی ئامریکا" پێکهاتبوو، هەم لە بەرامبەر ئەنجومەنی "حیزبی کۆماریخواز" و هەمیش لە بەرامبەر ئەنجومەنی "حیزبی دێموکرات" لە ساڵی ١٩١٦ی زایینیدا خۆپیشاندانیان وەڕێخست و خوازیاری پشتگیری لە هەموارکراوی ئانتۆنی بوون. یانی پشتگیری-یان لە هەموارکراوی ئانتۆنی دەکرد. هەر لەم نێوانەدا، "ئەنجومەنی نەتەوەیی مافی دەنگدانی ژنانی ئامریکا" خەباتگەلێکی بە مەبەستی بەڕێوەبردنی ڕاپرسییەکانی ویلایەتی و بۆ بەشداری ژنان لە سیاسەتەکانی حیزبیدا، ڕێکخست. سەرەڕای تێڕوانینە ئاشتی خوازییەکانی تاقمێك لە ڕێبەرەکانی، بەرگریکارانی مافی دەنگدان پشتیوانییان لە هەوڵە شەڕاوییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە شەڕی یەکەمی جیهانیشدا کرد. لە ئاکامدا لایەنگرانی مافی دەنگدان کاتێك توانیان مافی دەنگدان وەدەست بێنن کە سی و شەشەمین ویلایەتی ولات، واتە "تێنسی"ش لە ڕێکەوتی ١٩٢٠/٨/٢٦ی زایینی "هەموارکراوی نۆزدەیەمی" پەسند کرد.

لەم هەموارکراوەدا هاتووە کە:

"نابێ هاوولاتییانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە هۆی ڕەگەزی خۆیانەوە لە مافی دەنگدان، جا چ لە لایەن دەوڵەتی فیدراڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بێ یان هەر ویلایەتێکی دیکەوە"، قەدەغە یان بێبەش بکرێن.

سەرچاوە:

دایرە المعارفی دمکراسی، بەرگی ٢.




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەمن ژنێکی کرێکارم، ئەوەیە تاوانی من!

تارا بنیاد

و: خاڵی کانی



ئێمە چۆن و بە کام چاو لە ژنانی کرێکار دەڕوانین، لەو ژنانەی دەستیان قەڵەشی بەستوە، فرمێسک لە چاوەکانیاندا ویشک هەڵاتوە، بەڵام سەری خۆیان بەرز راگرتوە و بە هێزی شان و پیلی خۆیان بژیوی خۆیان و خێزانەکانیان دابین دەکەن!

یازدەی بانەمەڕ، ١ی مانگی مای رۆژی جیهانیی کرێکار بوو، بە راست لەو رۆژەدا چەندەها کەس بیریان لە ژنانی کرێکار کردەوە؟ ئەو ژنانەی مۆمی تەمەنیان و جوانییان دەسوتێنن، بۆ ئەوەی پاشە رۆژی منداڵەکانیان رووناک ببینن! خۆزگە لەو رۆژەدا بە خەمساردی لە تەنیشت کرێکارانی ژن لە وێستگەی ئوتوبووسەکان و ئەو ژنانە تێنەپەڕین کە لە ریستوران و خواردنگەکان دا مێزەکانمان بۆ خاوێن دەکەنەوەو خواردنمان بۆ ریز دەکەن، یان ئەو کچ و ژنانەی بۆ کاری نێو ماڵ و خزمەتی ماڵ و منداڵ رامان گرتوون.

خۆزگە لەو رۆژەدا بە بزەیەک وەڵامی سڵاوی خزمەتکاری ئیدارەکەمان دەدایەوە، خۆزگە لەو رۆژەدا ئەو ژنەمان دەهاتەوە بیر کە بە سەرهاتەکەیمان لە رۆژنامەکان دا خوێندبۆوە، کە گوتبووی: هەر لە منداڵی را کەس نەیدەویستم، کەس خۆشی نەدەویستم، باوکم و دایکم کە مردن، ئیدی من ئاوارەی ئەو ماڵ و ئەم ماڵ بووم، هەمووو دەیانگوت ئەگەر کوڕ بووایە شتێکی لەگەڵ دەکرا، بەڵام خۆ کچەو بە زیاد نەبێ بە کەڵکی هیچ نایە.

خۆزگە وەبیر ئەو ژنە ١٦ ساڵەیە دەکەوتینەوە کە تەنیا لە بەر بێکەسی شووی کردوەو ئێستاش هەر لە بەر ئەوە لە مێردە موعتادەکەی جیا نابێتەوە کە سێبەری پیاوێکی بە سەرەوە بێ، ئەو ژنەی شەوو رۆژ لفکە دەچنێ و موروو پێوە دەکا، بۆ ئەوەی منداڵەکانی لە خوێندن جێ نەمێنن، ئەو ژنەی شەوو رۆژ دروومان دەکا بۆ ئەوەی مێردە نالەبارەکەی لێی رازی بێ و نەیداتە بەر مست و پێلاقە.

ژنێک کە دەیگوت تا بەر لەوەی دوو گیان ببم تەنیا ورکە نانم دەخوارد. کاتێک کە کوڕەکەم چاوی بە دنیا کردەوەو گەورە بوو، منداڵی دیکەش بە دوای دا هات، ئەوەندەم وردەواڵە فرۆشی کردبوو، ماندوو ببووم، رۆژێکیان چەند کیلۆ سەوزیم کڕی و جوان پاکم کردن و بردمە قوتابخانەیەکی کچانەو هەر بەستەی بە ٢٠٠ تمەن بە مامۆستاکانم فرۆشت، زۆر لەمێژ بوو چێشتی گەرممان نەخواردبوو، ئەو شەوە بە چەند کیلۆ تەماتە و ٦ـ٧ هێلکەوە چوومەوە ماڵێ، ئەو کاتەی چێشتەکەم لێ دەنا، گریان ئەوکی گرتبووم، سفرەکەم راخست و بانگی منداڵەکانم کرد، تریقەی پێکەنین و روخساری گەشی منداڵەکان نەیهێشت تا بەیانی خەو بێتە چاوانمەوە.

ئەو ژنە ئیدی دەست لە سەوزی پاک کردن هەڵ ناگرێ و ئەوەندە مشتەریی زۆر دەبن کە بتوانێ ژیانی رۆژانەی پێ هەڵ سووڕێنێ، ئەو ئێستا ٤ ساڵە بەردەوام ئەو کارە دەکا، رۆژێکیان یەکێک لە مشتەرییەکانی دیارییان بۆ دەهێنێ، دیارییەک بۆ خۆی و منداڵەکانی، ژنە بۆ خۆی دەگێڕایەوە: کاتێک دیارییەکانم کردەوە، بینیم جلوبەرگی تازەن، مانتۆ، شەلوار، لەچکەو کەوش، بۆ خۆم و بۆ منداڵەکانم، بە جێی ئەوەی لیباسەکان لە بەر بکەم، لە باوەشم گرتبوون و بۆنم پێوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکردن، چونکی ئەمن تا ئەو کات قەتم بۆنی لیباسی نوێ نەکردبوو، ئەوە بۆ یەکەم جاریش بوو کە دەمتوانی لیباسی تازە لە بەر بکەم.

ژنە وردە وردە توانیبووی فەرش و یەخچالی دەستی دوو بکڕێ، کاتێک چارشێوەکەی لادا، بینیم ددان لە دەمی دا نیە، ئاوای بۆ گێڕامەوە: ڕۆژێکیان کە سەوزی پاکراوم بۆ ماڵی یەکێک لە مشتەرییەکانم بردبوو، لە سەر پلیکانەکان بەربوومەوەو ٤ ددانم شکا، ئێستا ئیدی ناتوانم بیر لەوەش بکەمەوە کە تێیان بکەمەوە، دیارە ئێستا ئیدی ئەوەندەم داهات هەیە کە بۆ تێرکردنی سگی منداڵەکانم ناچار نەبم وەدوای کۆکردنەوەی ورکەنان بکەوم، بەڵام ئەوەندەشم دەست ناکەوێ کە بتوانم ددانەکانمی پێ تێ بکەمەوە.

لەو تێ دەپەڕم، لەو ژنەی دوای ٤ ساڵ سەوزی پاک کردن دەستەکانی ڕەنگی سەوزییان گرتبوو و بۆنی سەوزییان لێ دەهات، ئەمن تا ئەو کات قەت بیرم لەوە نەکردبۆوە کە ئەو سەوزییە پاکراوو خاوێنکراوەی من لە تاوەدا سوورم دەکردنەوەو هێلکەم تێ دەشڵەقاندو دڵم بەوە خۆش بوو کابانیم کردوە، چ جۆرە کەسێک لە پشت ئەو کارانە هەڵ دەقرچا، یان ئەو کاتەی دەرکی یەخچاڵم دەکردەوە تا کەوچکێک پیوازو ڕۆنی ئامادە لە چێشتەکەم بکەم، قەت هەستم بەوە نەکردبوو کە لەوانەیە چیها ژن ئاوی چاویان لە سەر ئەو ڕۆن و پیوازانە ویشک کردبێ، ژنێک کە منداڵەکەی نەقوستانە یان مێردەکەی لە سەر قەرەچێوە بەربۆتەوەو لە سەر گازەرەی پشت کەوتووەو پوولی دەواو دەرمانەکەی لە فرمێسکی چاو، و بۆنی پیوازو ڕۆن دا دابین دەکا، قەتم بیر لەوە نەکردبۆوە کاتێک ماندوو و شەکەت دێمەوە ماڵێ و کەلاکی تێک تەپیوم لە سەر فەرشی نێو ماڵ درێژ دەکەم، دەبێ کامە ژنی ماندوو لە ژیان، لە پشت کامە دارەتەون خەون و خولیاکانی لە تان و پۆی فەرشەکەدا هاڵاندبێ، ژنێک کە لە هاوسەرە کراکییەکەی جودا بۆتەوە، بەڵام دوای ١٠ ساڵ هێشتا کەس نازانێ کە ئەو تەنیایە، چونکی جووتێک کەوشی پیاوانەی پشت دەرگا، دەرکەی زاری دەرو جیرانی بەستوە کە ئەویش سێبەری پیاوێکی لە سەرە.

چاو لە هەر سووچێک دەکەی کۆمەڵێک کرێکارت دێتە بەر چاو کە بە کاری شەوو ڕۆژیان ئاسوودەیی ژیانی ئێمە دابین دەکەن، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە بەشێک لەو کرێکارانە ژنن، کەچی نەک هەر نایەنە بەر چاو، بگرە زۆریش غەدریان لێ دەکرێ و مافەکانیان پێشێل دەکرێ.

**قەتم بیر لەوە نەکردبۆوە کاتێک ماندوو و شەکەت دێمەوە ماڵێ وکەلاکی تێک تەپیوم لە سەر فەرشی نێو ماڵ درێژ دەکەم، دەبێ کامە ژنی ماندوو لە ژیان، لە پشت کامە دارەتەون خەون و خولیاکانی لە تان و پۆی فەرشەکەدا هاڵاندبێ، ژنێک کە لە هاوسەرە کراکییەکەی جودا بۆتەوە، بەڵام دوای ١٠ ساڵ هێشتا کەس نازانێ کە ئەو تەنیایە، چونکی جووتێک کەوشی پیاوانەی پشت دەرگا، دەرکەی زاری دەرو جیرانی بەستوە کە ئەویش سێبەری پیاوێکی لە سەرە**

لە کارگەو شوێنی کاری پیاوانە و لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالاردا دەکرێ بیر لەوە بکرێتەوە کە دەبێ وەزعی ئەوان چۆن بێ؟.

ژنێک کە کارمەندی ئیدارەیەکی دەوڵەتییە دەڵێ نیزیک بە تەواوی هاوکارەکانی من پیاون، ئەوان دەزانن کە من لە مێردەکەم جیا بوومەتەوە، نیگاو تێڕوانینی ئەوان زۆر قورسە، لاتاو و پێشنیاری سووک و چروکی ئەوان زیاتر لە کاری ڕۆژانە ماندووم دەکەن و بێزار، وای لێ هاتوە کە نەوێرم وەڵامی سڵاوەکانیشیان بدەوە، لە لایەکی دیکەش خۆ ئەگەر پێ بە پێی پیاوان و زیاتر لە ئەوانیش کار بکەی و ماندوو ببی، دیسان خۆت و کارو ماندوو بوونەکەت نابیندرێ، چونکە تۆ ژنی، چونکی لە لایەک پیاوەکان ئەوەندە زۆرن کە نۆرەت ناگاتێ و لە لایەکی دیکەش خاوەن کار لە ترسی ئەوەی قسەی بۆ هەڵ نەبەسترێ و چی وای نەیەتەوە سەر، ناوێری پلەو پایەت بەرێتە سەرێ.

ژنێکی دیکە کە لە کارخانەیەکی دەرمان دروستکردن کاری دەکردو خوێندەوارتر لەو ژنانە بوو کە چاوم پێیان کەوتبوو، دەڵێ ئەمن لە شوێنی کارەکەم کێشەیەکی ئەوتۆم نیە. کێشەی سەرەکیی من ئەو یاساو ڕێسایە کە لە لایەن وەزارەتی کارەوە بەردەوام ئاڵوگۆڕیان بە سەر دا دێ. ئێستاش کەوا بڕیارە ساعەتی کاری ژنان کەم بکرێتەوە ئەگەر ئەو یاسایە کاری پێ بکرێ ئێمە هەموو کارەکانمان لە دەست دەدەین، چونکە سروشتییە و خاوەن کاریش مافی خۆیەتی. ئەمنیش لە جێی ئەو بایەم ئەو کارەم دەکرد، بۆ دەبێ بۆ بڕە پارەیەکی دیاریکراو دوو ساعەت کەمتر کاری بۆ بکرێ.

ئێمە هەموومان لە ژیانمان دا کێشەو دڵەراوکێمان هەیە. بەڵام کاتێک لەگەڵ ئەو ژنانە قسە دەکەی و فەرمێسکەکانیان دەبینی وئەو بە سەرهاتیانت گوێ لێ دەبێ، تازە دەبینی کە چەندە کوێری، کاتێک دەبینی ژنێک بە فەڕغوونێک سەوزییەوە دێت و بە لات دا ڕادەبڕێ، بە جێی ئەوەی پێی بڵێی ماندوو نەبی، دەڵێی چا چ سەوزییەکەی جوان و خاوێنی پێیە ....



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دەروونناسی بەشداری و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەدا

✍ د. ناسر سیمایی

دەروونناسی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی پەسندکراو
کەسایەتی و پەروەردەی خێزانی

**پێناسە بۆ پیاوسالاری**

: پرۆسە و دیاردەی مێژوویی زاڵبوونی چەمك و بایەخە ڕەگەزییەکانی نێرینەیە لە توانای جەستە و دەروون و دەسەڵاتداری کۆمەڵایەتی، و هەروەها لە دابینکردنی بژیو، ساماندار و دامەزراندنی گروپ ، چین و ئۆمەت.. هتد.

_جێگرانی باوانی وەکوو خوشکی باوك، مام، شاژن (مەلەکە) و جێگرانی هێمایی پیاو، وەکوو: ئەمیری(حکوومەت)، سیستەمی پەروەردە،بازاڕ، ئایین، سوپا (بەگشتی پەروەردە، وەستا، مامۆستا، بازرگان، پیاوی ئایینی و فەرماندەی سوپا ) نوێنەر و جێگری ئەم هێمایەن.

دەروونناسی کۆمەڵایەتی ڕەفتاری پەسندکراو ( اوکاری – بەزەیی – ئیشی خۆبەخش.........)

Eagly ١٩٩٢ ژنان بەگشتی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی پەسندکراویان لە پیاو زۆرترە.— هەر لە منداڵیەوە.

بایبی ١٩٩٨: هەست بە تاوانباریان زۆرترە( ئەم هەستەلە ٢–١٠ساڵان گەشەی خێراترە) .توانای جینسی، ئەرکەکان.

لە دەستێوەردانی کاتی لێقەوماندا، ڕێژەی ناوەندی بەشداریی پیاوان زۆرترە.(ترسی سروشتی لە نەپارێزراوی منداڵەکان؟ )

یەکەم پێشاندەر: بەهۆی شیاوی زەینیەوەیە.( ورەبەرزی)

..فاکتەری نیشاندەر بۆ ڕەفتاری یارمەتیدان

پێکهێنەرەکانی شیاوی ( ورەبەرزی ) بۆ یارمەتیدان

تەمەن ڕەگەز ماوەی فێرکاری ڕادەی فێرکاری

شیاوی زەینی ( لە هەر دوو ڕەگەزدا ) کاریگەری لە سەر شیاوی ڕاستەقینە زۆرتر بوو لە سەر ڕادەی یارمەتیدان.

بیرهۆف–١٩٩٠

کەسایەتی

دەروون شیکاری–یونگ: کەسایەتی هەموو تاکێك ژنانە–پیاوانەیە.

هەر تاکێك ڕەگەزەکەی دیکەی لە ناخی خۆیدایە.

" کەسایەتی ژەنگاوێنەیی" فیمینیزمی دەروونشیکارانە.–هۆکارەکانی قووڵیی کەسایەتی لە منداڵیدا: بە دڵدار گرتنی دایك یان باب وخۆساغکردنەوە و بەشداری لە گەڵیان:( نەهرۆ–(ایندیرا) گاندی، فرۆید، تۆلستۆی، البرایت..)

**خێزان و پەروەردە**

زیانی پەروەردەی کوڕ خۆشەویست. و سیاسەتی پیاوسالار؟

بۆ کوڕ و پیاوان و هەموان.

بۆ کوڕانی بەنازپەروەردە زۆرترە، ئاستی خواستی باڵا و بە بێ دەستکەوت و بەرهەم.

و بۆ کچێك کە دایکی نزمەورە و کەمجووڵەی هەیە.....

**دەروونناسی بەشداری لە پەروەردەدا**

١– پۆل و خوێندنگای دێموکراتی ( خوێندنگای کچان؟ یان تێکەڵاو؟ ) و بەڕێوەبەری خوێندنگای کچانە؟

٢–بایەخدان بە زانستی روت و روناکیدەر: زیندەوەرناسی و کۆمەڵناسی و هتد.

مامۆستای بوێر و زانا باسی جەستە و توانا و تایبەتیەکانی جینس بە راشکاوی بکات.

...لە دێموکراسی و دەروونساغی Community Based

چالاك کردنەوە و بەهێزکردنەوەی پەیوەندی جەماوەری، ڕێکخراوەیی، گەڕەکەکان و گرووپە لێقەوماوەکان. پلانی گەڕەکی بێبەش و پەراوێز.

بەشداریی گرووپ و شوناسی کۆمەڵایەتی

متمانەبەخۆ: باوەڕە کۆمەڵایەتیەکان

بنەمای بەرپرسیێتی "خود" لە شکست و سەرکەوتندا :

بەشداریی جەماوەری ڕێژەیی ( وەکوو: ژنان لە چوارچێوەی گروپێکدا شیاوی مامەڵەی کۆمەڵایەتی باشترن ).

شوناسی ڕەگەزی : ( نم : کاتێك لەگەڵ ژنانی تردام هەست بە بەهێزی دەکەم ).

کارتێکەری سیاسی لە بەرانبەر ناتوانایی: ( نم : هەر تاکێك دەتوانێت کاریگەری لەسەر پرۆسەی سیاسی هەبێت ).

>> بەشداری بەتاك وگرووپ لە هەمانکاتدا <<

**پێشنیار و کۆتایی**

وەکوو دەڵێن: ژنانی تاوانبار( یان لادراو لە دەسەڵات) ئاکامی هەبوونی پیاوانی بەرەڵا و خۆفرۆشن، هەر بۆیە:

" بڕوا نەبوون بە خۆ و کەم دەسەڵاتی ژنان ئاوێنە و بەرهەمی پیاوانی کەم دەسەڵات و بێورە و ئاکامی سیستەمێکە کە پارێزگاری تەنها بەهرەی سەرمایەیە، نەك تەنانەت بەرژەوەندیەکان یان خودی تەواو لایەنی سەرمایە"– (خوێندنگای منداڵەکەی).

لە روانگەیەکی دەروونشیکاریەوە: پیاوێك وا زۆر کات چاوەڕێیە ژن (بەتاك یان گرووپ) داواکاریێکی لێبکات و سووکایەتی یان دەستدرێژی بخاتە بەر ڕێگای، کەم بەرهەم و ژەنگاوێنەیترین کەسایەتی پیاوانەیە.

ژنێك کە بەم هۆیەوە ببێتە ملکەچی چارەنووسی خۆی و تەنها خۆی بپارێزێت و لە دوورەوە ڕەخنە و کەسەری خۆی لە مافخوراوی دەرببڕێت، لاوازترین کەسایەتی ژنانە و ئاوێنەی ژەنگاوی جۆرە پیاوانەکەی خۆیەتی.

بڕوام وایە.

هەندێك لە سەرچاوەکان:

بیرهۆف، هانس "رفتارهای اجتماعی مگلوب" ، ترجمه: رجوان صدقی نژاد، نشر گل ازین.تاران ٢٠٠٤.

تونسن، وێرنێر " زنان در جستجوی ازادی" ، ترجمه: شهلا لاهیجی فریده عصارپور. انتشارات: پوونکەرەوەکان و لێکۆڵینەوەکانی ژنان.تاران ٢٠٠٣.

یونگ، کارل گوستاو، "روح و زندگی" ، ترجمه:صدقیانی" تاران١٩٩٨

دەروونناسی تەواوکاری مرۆڤ ، " ئیوانس،جەی "



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەو ژیانەی پەردەی کچێنی لە بەر یەکی برد

## "چیرۆکی راستەقینەی ژیانی خەزاڵ ناوێک"

ب. نیان

– ئەلۆ، سڵاو، هیوا بۆخۆتی؟

* بەڵێ بۆخۆمم، جەنابتان؟

– ئەمنم خەزاڵ!

– خەزاڵ؟! کام خەزاڵ؟

– خەزاڵی کۆنە عیشقی ئاواتی هاورێت، چ زوو منتان لەبیر کرد، یانی ئێستا نامناسییەوە؟

ئەو زووەی خەزاڵ باسی دەکرد زەمەنێکی زیاتر لە ١٠ ساڵەی لێک دابڕان بوو. ئەو ١٠ ساڵ لەوە پێش هەموو هیواکانی ئاواتی هاورێمی هەڵ پڕووکاند و خەونی خۆشەویستییەکانی لێ کردە کابووس و هێلانەی هومێدی ئاواتی کردە کاولاشی خەم و حەسرەت.

ئاوات و خەزاڵ دراوسێی یەکتر بوون و یەکتریان زۆر خۆش دەویست. چیرۆکی خۆشەویستیی ئەوان لەسەر زار و زمانی گەورە و بچووکی گەڕەک بوو. خۆشەویستی پاک و بێگەردی ئەو جووتە ئیلهامی بە زۆر لە عاشقۆلەکانی گەڕەک بەخشیبوو. ئەمن کە هاورێی نزیکی ئاوات بووم، دەمدی کە ئاواتی دڵ پڕ لە خۆزیا چەندەی دڵ بەو گراوە و ئەوینەی خۆش کردوە.

بنەماڵەی ئاوات بە خزمایەتیی ماڵی خەزاڵ رازی بوون، بەڵام ماڵی خەزاڵ بەرزەفڕ و ئاواتیان شایانی زاوایەتیی خۆیان نەدەدی. هەوڵەکانی خەزاڵ و مانگرتنەکەشی نەیتوانی بنەماڵەکەی قایل بەو زەماوەندە بکا. وەڵامی"نا" بەو خوازبێنییە ئاواتی ناهومێد و تەمابڕاو کرد. ئەوەشم لە زمانی ئاوات بیست کە خەزاڵ چەند جارێک داوای لێ کردوە تا هەڵێ گرێ و پێکەوە ماڵۆچکەیەک لەو دوور دوورانە پێکەوە بنێن و ژیانێکی ساکار بەڵام هاوبەش و پڕ لە خۆشەویستaی دروست بکەن. کەچی ئاوات بەوە قایل نەبوو کە خەزاڵ هەڵ گرێ و کێشە بۆ بنەماڵەکەی بنێتەوە.

ئاوات خەزاڵی لەبیر نەبردەوە بەڵام لێی دابڕا و چەند ساڵ دواتر بوو بە پێشمەرگە، ٥ ساڵێکیش دەبێ کە چۆتە دەرەوەی وڵات و لەوێ وەک پەنابەر دەژی.

خەزاڵ داوای لێ کردم لە شوێنێک یەکتر ببینین، ئەو کوتی کە حەتمەن دەبێ یەکتر ببینین، چونکە تووشی گرفت و چەرمەسەرییەکی سەیر بۆتەوە.

دوو رۆژ دواتر لە شوێنێک لە پارکی گشتیی شار بەرامبەر بە یەک دانیشتبووین. دوای ١٥ ساڵ هەروا شۆخ و شەنگ بەڵام ماندوو و شەکەت. لە من و ئاواتی پرسی و منیش کورتەیەکم لە ژیانی خۆم و باس و خواسی ئاواتم بۆ باس کرد و هۆی داوا کردنی ئەو چاوپێکەوتنەم لێ پرسی.

خەزاڵ دوای کەمێک بێدەنگی کوتی بۆخۆشم نازانم کە بۆ دەمەوێ چیرۆکی ژیانی پڕ مەرگەساتم بۆتۆ بگێڕمەوە، رەنگبێ هەر ئەوەی کە رۆژنامەنووسی و ئەمە دەتوانێ سووژەیەک بۆ نووسینێکی تۆ بێ، یان ئەوەی هاورێی نزیکی ئاواتی کە قەت ناتوانم لە بیر خۆمی بەرمەوە و شایەدیش هەر دووکیان. بەڵام گرینگ ئەوەیە تۆ دەتەوێ گوێبیستی قسەکانم بی یان نا؟

ڕێکۆردێرەکەم کە هەمیشە و بۆ هەموو شوێنێکم لە گەڵ خۆمم دەبرد هەڵ کرد و لەبەر دەمیم دانا. خەزاڵ کوژاندییەوە و گوتی، زەبتی مەکە بەس گوێم بدەیە...

هێشتا ئاوات نەڕۆیشتبوو، خوازبێنیم بۆ هات، ماڵەکەیان ٦-٧ ماڵ لە خوار ماڵی خۆمان بوو. رەسووڵ تازە لە سەربازی گەڕابۆوە. سەنعەتکار بوو. سەیر ئەوەی بە خۆشەویستی نێوان من و ئاواتیشی دەزانی. بڕێکیش دۆستایەتیی لەگەڵ کەریمی برام هەبوو. بە رواڵەت کوڕێکی کراوە بوو. هەر ئەوشەوەی خوازبێنییەکە بە راشکاوی هەموو شتێکم بۆ باس کرد. پێم کوت کە لە دڵی مندا تەنیا کەسێک جێی هەیە و ئەویش ئاواتە. پێم گوت کە پاشگەز بێتەوە، چونکی نەخۆشم دەوێ و نە بە تەمام لە ئاوات جیا ببمەوە. ئەو بە زەردە خەنەیەکەوە گوتی: تازە بەینی تۆ و ئاوات شێوا و تەواو بوو. قسەی یەکجاریشم لەگەڵ باوکت و کاکە کەریمت بڕیوەتەوە. ئەوەندەش بە تەنگی ئەو هەتیوە بەڕەڵایەش مەبە، ئەمن بەختەوەرت دەکەم، ئەمن هەموو خەونەکانت دێنمە دی، چیت هیوایە بۆتی دابین دەکەم.

زۆرم پێ گوت، کەمی وەرگرت. بۆم لە بنی کوولەکەکە دا و کوتم لە ژیانی مندا تەنیا پیاوێک دەتوانێ بوونی هەبێ، ئەویش ئاواتە. بەو قسەیەی من سوور هەڵ گەڕا، بەڵام بزەیەکی رواڵەتی هێنا و گوتی: چ نییە، لەو قسەیەشت پاشگەز دەبییەوە و زۆر شتی دیکەشت لەبیر دەچێتەوە...

ئەوشەو باوکم و کاکم کە تەواو لە من و لە ئاوات بە رەقدا چوون، گفتی ئایان بە رەسووڵ و بنەماڵەکەی دا و حەوتووی داهاتوویان بۆ مارەبڕین دیاری کرد. هەر بەیانیی ئەوشەوە لە ئاواتم راسپارد. تا ئەوشەوەی بە زۆر لە رەسووڵیان مارە کردم، سێ جاری دیکەم بە شوێن ئاوات دا نارد، تەنانەت لەبەری پاڕامەوە کە نەهێڵێ خۆشەویستیی چەند ساڵەمان فیدای سات و سەودای دوو بنەماڵە و نەزانکاریی دەور و بەرمان بێ، بەڵام ئاوات ملی نەدا، ئەو دیگوت نامەوێ چارەنووسی وەک دایکم و هەموو ئەو ژنانە بێ کە رەدوو دەکەون و بنەماڵەکانیان بێبەرییان دەکەن. لەمن ئەخت و چار و لە ئاواتیش مل بادان، لەمن پاڕانەوە و لەویش هەڵگەڕانەوە.

قسەم بە خەزاڵ بڕی.

– نا خەزاڵ وا مەڵێ، ئەو ئێستاش لەبیری نەکردووی. ئەو بێ ئینسافییە کە دەڵێی ئاوات لێم هەڵگەڕابۆوە، ئەو نەیدەویست دوژمنایەتی لە نێوان دوو بنەماڵە دا ساز بکا.

– هەرچی تۆ لە سەری بڕۆی شتیکە و راستییەکان شتێکی دیکەن. گرینگ ئەوەیە چارەنووسی من بە پشت تێکردنی ئاوات لە خۆشەویستییەکەمان گۆڕا. ئەمن بە نابەدڵی و بە زۆر لە رەسووڵ مارە کرام. قۆناغی دەزگیرانەتیمان سارد و سڕ بوو. بۆ تاقە یەکجاریش بە دەمی پێنەکەنیم، لەگەڵی بۆ هیچ کوێ نەچووم، تەنانەت جلی بوکێنیش دایکم و خوشکەکانم بۆیان هەڵگرتم، دەمگووت بەشکم رەسووڵ لێم بەڕق دا بچێ و پەشیمان بێتەوە. رۆژی زەماوەندەکەشمان هەر لەخۆڕا چاوەڕێی رووداوێک و گۆڕانێک و تێکچوونی شایی و بەزمی ئەو رۆژە بووم، بەڵام هیچ شتێکی نائاسایی نەهاتە پێش. بووک دابەزی و گەڕی شایی گەرم بوو، یەک دوو دەوریش بە زۆری هەڵیان پەڕاندم، ئێوارە داهات میوانەکان رۆیشتنەوە، دەوروبەر چۆڵیان کرد و تەنیا ئەمن و رەسووڵ ماینەوە. رەسووڵ وەک ئەوەی حەوت مێشی لە کونێک دا دیتبێتەوە، مەست و سەرخۆش لەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرکەوتنە هاتە سەر ئەو جێیەی بۆیان راخستبووین و ئەمنیشی راکێشی جێخەو کرد. پێم گوت رەسوول، راستە تا ئێستا نەک خۆشم نەویستووی، بگرە رەقیشم لێت بوو، بەڵام بەڵێن بێ پێت وەفادار بم و هەوڵیش دەدەم خۆشم بوێی. رەسوول گەرم دا هاتبوو، پەیتا پەیتا ماچی دەکردم و بە شێنەیی جلەکانی لەبەر دادەکەندم. گڵۆپی ژوورەکەمان کوژابۆوە و لە ژێر رووناکایی مانگەشەو کە لە پەنجەرەی ژوورەکەوە خزا بوە جێ خەوەکە، دیتم کە رەسوول چەند بە ئیشتیاوە لێم دێتە پێش و منیش بێ هیچ ناز و بەرگرییەک خۆم بە دەستەوەدا...

خەزاڵ بێدەنگ بوو. لێوەکانی دەلەرزین، فرمێسک لەسەر کولمە گەشەکانی لێزمەیان بەست. لێی گەڕام تا تێر تێر گریا و دڵی فێنک کردەوە. هەناسەیەکی هەڵ کێشا و درێژەی بە قسەکانی دا...

نەک بۆ رەسوول، بۆخۆشم زۆر سەیر بوو. خوێنم نەهات! دنیا لەبەر چاوم تاریک بوو، پشووم سوار ببوو. رەسوول گێژ ببوو، بەملا و ئەولا دا هەڵ دەسووڕا. هەر سات چاوەڕوانی ئەوە بووم کە رەسوول بە چەقۆیەک بێ و ورگم هەڵ دڕێ. شەپ و زللەکانی رەسوول ئێش و ژانیان نەبوو، بەڵام یەک بە یەکی قسەکانی وەک نەشتەرێک لە دڵم رۆ دەچوون. "تۆ ناپاکی"، "عیشقی تۆ و ئاوات گلاو و چەپەڵ بووە"، "تۆ دۆڕاندووتە خانم"، تۆ هەر قابیل بەو چەپەڵەی".

کەوتمە پاڕانەوە، زۆر لالامەوە کە بڕیاری بەپەلە نەدا، کەوتمە بەرپێی و گوتم کە ئەمن پاکم و خۆشەویستی من و ئاواتیش پاک بووە، ئەو کارە حەتمەن دەبێ هۆکاری پزیشکی هەبێ، دەمزانی کە رەسوول کوڕێکی موسڵمان و بەدینە، قورئانم هێنا تکا و دەستم بەسەردا دا کە ئەمن پاک و بێ خەوش بووم، جارێک و دوو جار نا، زیاتر لە٢٠ جار و ئەوەندە گریام هەتا فرمێسکم لێ بڕا. بەیانی بۆ معاینەی پزیشکی چووینە نەخۆشخانە. رووسووری من بۆ رەسوول ئاشکرا بوو.

بۆ دڵنیایی دوو نەخۆشخانەی دیکەشم لە شارەکانی دراوسێ پێ کرد. ماڵی خەزوورم پێیان وابوو ئەوە بۆ مانگی هەنگوینە شارەوشار دەکەین. رەسوول



ئەهوەن ببۆوە، بەڵام ئەمن رووخابووم. ئەوە دەسپێکی ژیانی هاوبەشیم بوو. وردە وردە گۆڕدرام. مانگ هات و مانگ رۆی. هەوڵم دا عاشقی بم و هاوسەرێکی دڵسۆز بۆ ئەو و دایکێکی ئەویندار بۆ ئەو منداڵە بم کە رۆژ بە رۆژ لە زگم دا گەورەتر دەبوو. ساڵ هات و ساڵ رۆیی. کەژاڵی کچم روح سووک و لەبەر دڵان بوو. لەگەڵ ژیانی نوێم سازابووم، رەسوول تەواو بەکاری دووکانەوە خافڵا بوو، کەمتر گرینگی بە من دەدا، ئەمن ببوومە کابانێکی بێسەر و زمان ئەویش تەنیا نان و چا و پێڕاگەیشتن بە کەژاڵی لێم دەویست. رەسوول قەت شەوی بووکێنی و زاوایەتیمانی لەبیر نەچوو، بەڵام قەتی بەچاودا نەدامەوە. بەڵام زۆرجار دەمدی کە بە زۆر بە وردی لە کەژاڵ ورد دەبێتەوە بۆ ئەوەی بزانێ خاڵ و شوێنی هاوبەشیان هەیە و هیچ لە ئەوە دەچێ یا نا؟......

خەزاڵ تاوێک بێدەنگ بوو و چاوی لە کاتژمێرەکەی دەستی کرد و دەستی پێ کردەوە:

رۆژی رەشی من لەو کاتەوە دەستی پێ کرد کە رەسوول لە رووی بیر و بۆچوونی ئایینی یەوە تەواو گۆڕدرا. ریشی زۆری دەهێشتەوە، پاتۆڵی قولەی لەبەر دەکرد، سەری چووبا نوێژی نەدەچوو. ماوەیەکیش کت و پڕ ون بوو. زیاتر لە ٤ مانگی پێ چوو. دوایە لە زمان براکەیەوە بیستم کە چۆتە پاکستان و سەردانی ئەفغانستانیشی کردوە. بەڵێ، رەسوول ببووە موجاهیدی تاڵیبان و بن لادەن. کە هاتەوە ماڵێ هەمووشتێک گۆڕدرا، نە گرینگی بە ژیان دەدا و نە تەنانەت کەژاڵیشی وەخۆ دەگرت. تەواو لە ئێمە دابڕا بوو. رۆژێکیان بە رێکەوت لە نێو بازار مەستانەی خوشکی ئاواتم دی، زۆر بە دیتنی یەکتر خۆشحاڵ بووین. چووینە ئاومیوە فرۆشییەک و پێکەوە دەستمان کرد بە قسە و باس و ورددانەوەی بیرەوەریی ساڵانی رابردوو. مەستانە کەژاڵی لە ئامێز گرتبوو و پەیتا پەیتا ماچی دەکرد. بە هەموویەوە نیوسەعاتێک پێکەوە بووین و دوو سێ جاریش ناوی ئاوات و باس و خواسی هاتو گۆڕێ. ئەوشەوە تاڵترین شەوی ژیانم بوو. لەسەر سفرەی شام کەژاڵ زاری کردەوە و هەموو رووداوەکانی ئەو چوونە بازارەی بۆ باوکی گێڕاوە و گوتی کە مەستانە مان دیوە و ئاو میوەمان پێکەوە خواردۆتەوە. رەسوول گڕی گرت و کەژاڵی بە دیواردا دا، رق و قینێکی سەیر لە رووخساری دەباری. هیچ قسەیەکی ناشیرین نەما نەی کا. گوتی کە لەمێژە چاو لە کەژاڵ دەکەم و دەبینم لەمن ناچێ و دیسان رووداوەکەی شەوی بووکێنیمی زیندوو کردەوە کە تۆ پاک نەبووی و کەژاڵیش زۆڵ و بەچکەی حەرامی ئاواتە. هەر ئەوەندەم کوت کە ئێمە سەردانی سێ دوکتورمان کرد و ئەدی بەڵگەی پاکیی ئەمنیان نەدایە دەستت؟ ئەویش بە تووڕەییەوە گوڕاندی کە دوکتوری چی و عیلمی پزیشکی چی؟ ئەوانە هەموو عیلمی شەیتانن.. پاشان خۆی کرد بە چێشتخانەکەدا و ئەمن و کەژاڵیش بەپەلە لە هاڵەکە هاتینە دەر و دەرگامان لە پشتەوە لێ داخست، رەسوول چەقۆیەکی گەورەی بە دەستەوە بوو و دەیویست دەرگای هاڵەکە بکاتەوە. لەگەڵ کەژاڵ بەپەلە هاتینە کووچە و خۆمان بە ماڵی جیرانێکمان دا کرد. لەوێوە تەلەفونم بۆ کەریمی برام کرد، ئەویش هات و چووینە ماڵی باوکم.. حەوتوویەک دوای ئەوە ئێمە لە دادگا بووین. ئەو زۆر بە بێشەرمی تاوانی خەیانەتی خستە پاڵ من و کەژاڵیشی بە میوەی حەرامی خۆشەویستی من و ئاوات لە قەڵەم دا.. سەرت نەیەشێنم، زۆر بە ئاسانی تەڵاقی دام و لەگەڵ کەژاڵ چووینەوە ماڵی بابم ئێستا سێ چوار مانگە ئاغا ژنی هێناوەتەوە و ژنەکەشی خوشکی یەکێک لە هاوبیرەکانی خۆیەتی...

خەزاڵ ماوەیەک بێدەنگ بوو. منیش هیچم پێ نەدەگوترا . پاش ماوەیەک چاوی لە سەعاتەکەی کرد و هەستایە سەر پێ. هەناسەیەکی قووڵی هەڵ کێشا. پێکەوە لە پارکەکە وەدەر کەوتین. هیچمان قسەمان نەدەکرد. لام وایە خەزاڵ بیر لە هەموو ئەو رۆژانە دەکاتەوە کە چۆن وەک گەڵای پاییز لە تەمەنی ژیانی وەریوون و منیش لە بیری دارشتنەوەی ئەم بەسەرهاتە تاڵەی ژیانی خەزاڵ دا بووم، خەزاڵ ئەو کیژەی کە میراتگری خۆشەویستییەکی پاک و دوا رۆژی لێڵ و نادیار بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بۆ شیرین سەمبولی خۆڕاگری

**وەرگێڕان لە فارسییەوە: مینا سوڵتانزادە**

**رۆژی ١٩ی بانەمەڕ ٥ تێکۆشەری رێگای ئازادی لەلایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە ئێعدام کران. یەکێك لەو ٥ کەسە شیرین عەلەم هولی بوو خەمی لە دەستدانی کچێکی خەباتکاری کورد بۆ هاوبەندییەکانی شیرین بوو بەهەوێنی نووسنی ئەوان لە سەر کەسایەتی شیرین. لێرەدا ئەو چەند نووسراوەیە کە لەسەر شیرین کە وەك سەمبولی خۆڕاگری ژنێك چاویان لێ کردوە بە زمانی فارسی نووسراون و وەرگێڕدراونەتەوە سەر زمانی کوردی...**

**پەریسا دانیشوەر:**

قەڵەم قورسایی خستۆتە سەر قامکەکانم و توانای نووسینیم نیە. شاڵاوی فرمێسك نەخش و وێنەی وشەکانی شێواندوە.

لە خەودا ماینەوە و "با" دەنگی دوایین هەناسەکانیانی نەچەپاندە گوێمان.

لە خەودا ماینەوە و نەمان دیت بینینی دوا ماڵئاوایی باوکێك لە منداڵەکانی.

لە خەودا مایینەوە و نەمان بیست پەیڤەنەگوتراوەکانی ئەو ژنەی لەگەڵ خۆی بردنی بۆ ژێر پەتی سێدارە.

ئاگامان لێ نەبوو کە چۆن وەڵامی هاواری بوغزە خنکێندراوەکانی رۆڵەکانی نیشتمانەکەمانیان بە ئاگرو ئاسن و خەنجەر دایەوە.


چ بێ ئاگا کە سی ساڵ بۆ دواوە گەڕاینەوەو دیسان لە سێدارەدانەکانی شەوانەی تاوانبارانی بێ تاوانمان بە چاوی خۆمان بینی.

ئیدی تەواو بوو

ئەمشەو ئاسوودە بنوون و کۆرپەکانتان بە خوێنی شیرین و فەرزاد تێر ژەم بکەن. ئاسوودە بنوون و خوانە حەوت رەنگەکانتان بە گەرووی هەڵدر هەڵدرو سینگی شەلاڵی خوێنی رۆڵەکانمان برازێننەوە.

ئاسوودە چاوەکانتان لەسەر یەك بنێن و خەونە رەنگاڵەکانتان بەو دوایین روانین و بینینانە برازێننەوە کە بێ شەرمانە کورسی‌یەکانتان لەژێر پێی خاوەنەکانیان فڕێ دا.

ئاسوودە بنوون هەتا مۆسیقای خەونەکانتان زایەڵەی هەنگاوە چیایی‌یەکانیان بێ.



ئیدی تەواو بوو

بەهەر جار چاولێکردنی دایکانتان وەبیر بێننەوە ئەو دایکە جەرگسووتاو و کفن لەبەرانەی پێوشوێنی خوێنی رۆڵەکانیان کەوتوون.

پێنج ناو بە شەجەرەنامەی خوێناوی ئەو خێڵەوە زیاد بوو. فەرزاد کەمانگەر، عەلی حەیدریان، شیرین عەلەم هوولی، فەرهاد وەکیلی و مەهدی ئیسلامیان.

***

## شیرین نەی دەویست کە بڕوا

**فریشتە قازی:**

داب وایە کاتێك کە دەیانهەوێ کەسێك لە سێدارە بدەن، شەوی پێشتر ئاگاداری دەکەنەوە تاکوو وەسیەت بکاو دوا ماڵئاوایی لە بنەماڵەکەی بخوازێ، بەڵام کاتژمێر ١٠ی شەو کاتێك چوونە لای شیرین و پێیان گوت:" وەرە دەرێ ناوی باوکت بە هەڵە بە ئێمە گوتووە"، شیرین شکی کردبوو، بەڵام هەر کە لە بەندەکە چووە دەرێ دەرگایان لەسەر داخست و بە راکێش راکێش بردیان. شیرین نەی دەویست بڕوا. دەیویست لانیکەم پێی بڵێن کە بۆچی و بۆ کوێی دەبەن؟ بۆچی ئیزن و دەرفەتی ئەوەی پێ نادەن کە سەرپۆشەکەی لە سەر بنێ؟ بۆچی بە بلۆزو شاڵوارو بێ مانتۆو سەرپۆش دەیبەن؟...

رۆژدوایی زیندانییەکانی بەندی خوارێ، باسی شین و لاڵانەوەی ژنێکیان دەکرد کە دەیزریکاند: " خۆ ئەمن لە بەر دەستی ئێوە دام لانیکەم با دواماڵئاوایی لە هاورێکانم بکەم."خۆ من ناتوانم را بکەم، تکاتان لێدەکەم با بۆ دواجار گوێم لە دەنگی دایکم بێ‌و...

حوکمی لە سێدارەدانیان نە بە شیرین راگەیاندبوو نە بە پارێزەرەکەی. ئەویان لە حاڵێك دا بە درۆو دەهۆ لە بەندەکە بردە دەرێ کە خەریکی خۆ ئامادە کردن بۆ تاقیکردنەوەی دەرسەکانی بوو ئاخر دوو رۆژی دیکە تاقیکردنەوەی دەرسی بیرکاری ساڵی پێنجەمی گەورەساڵانی هەبوو. ئەو لە نێو زیندان دا دەرسی دەخوێند، چونکە بریاری دابوو بچێتە زانکۆو یاسا بخوێنێ و رۆژێك ببێتە پارێزەرو دیفاع لە مافی منداڵانی نیشتمانەکەی بکا.

هاوبەندەکانی شیرین کە تا بەیانیی ئەو شەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی بوون، رۆژی دوایی کاتێك بەرپرسانی زیندان شتومەکانی شیرینیان برد، دڵنیا بوون کە شیرین چیدی دڵی لێ نادا.

شیرینی زیندانی ئێڤین لە حاڵێك دا تەرمی بێگیانی بە دارەوە سەمای دەکرد کە هاوبەندەکانی وەکوو هێمای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوین و ئازادیخواز ناوی دەبەن، باس لە خۆڕاگری و شەوە ژانەکانی بەردەوامی دەکەن، ئازارێك كە بەرهەمی ئەشكەنجەی سەدەکانی نێوە راستی ئەو شێوە مرۆڤانەی کە شیرینی ئێرانیان بە تیرۆریست و خۆیان بە نوێنەری خودا لە سەر زەوی دادەنا.

هاوبەندەکانی باسی ژنێك دەکەن کە لەگەڵ هاتنی بۆ بەندی ژنانی ئێڤین، پارەو جلەکانی لەگەڵ ئەوان دابەش دەکردو لە کاتی تەلەفونەکەی دەگوزەرا تاکوو تەنیا ئیمتیازو داراییەکەی پێشکەشی ئەو زیندانیانە کردبێ کە پێویستییان پێ بوو. شیرین هاوڕێ لەگەڵ فەرزاد، مێهدی، عەلی و فەرهاد تەنافی رامووسی و حاکمیەتی ئیسلامی یان لەگەڵ ترس و تۆقانی لە پێنج تەرمی بێگیان هێشتەوە.

مافی یاسایی رۆڵەکانی ئەو ئاوو خاکە بۆ ماڵئاوایی لە هاوبەندو بنەماڵەکانیان پێ شێل کراو ئێستاش تەرمی بێ گیانیان بە بنەماڵەکانیان نادرێتەوە. دەوڵەتێك کە ئیدیعای ئەوە دەکا کە نوێنەری خودا لەسەر زەوییە و لەو تەرمانە زراوی چووە کە ناجوامێرانەو لەوپەڕی دڵڕەقی دا گیانیان لێ ئەستاندن، ئەو ئەستێرانەی کە لە ئاسمان را هێنایانە سەر زەوی.

بەڵێ، ئەو رێژیمە دەبێ بترسێ، ئەوە نیە دەنگی رووخانی کۆشکەکانی پاشایەتییان گوێ لێ بووەو هەموو شەڕەکان و لە سێدارەدانی هەموو شیرینەکان، فەرزادەکان بۆ مانەوەیانە، تەنانەت ئەگەر دوو رۆژی دیکەش لە تەمەنیان نەمابێ، بەسەرهاتێکی تاڵی هەیە نیشتمانە ئازار چێشتووەکەمان بەسەرهاتی زووحاك کە لە قوتابخانەکانی کۆماری ئیسلامی دا چەند جارمان خوێندوە لەبەریشمان کردوە زووحاکی ئەو نیشتمانە ئەوجار، بە جلی دین و ئایینەوە لەسەر کورسی پاڵ کەوتووە. ئەوجارە بە رشتنی خوێنی پاکترین و ئازادیخوازترین لاوانی نیشتمانەکەمان بیر لە تەمەن درێژی و مانەوەی دەکاتەوە بێ خەبەر لەوەی کە ئەوجار ئێمە رێگە نادەین ئەو لە سێدارە دانانە بەرەبەیانییەکی تر و لە سێدارەدانی چەند کوردێکی دیکەی لێ بکەوێ. چەند کوردێك کە رێژیم ناوی تیرۆریستی لەسەر دانان. ئێمە باسی لە سێدارەکانی شیرین و فەرزادی ئێران دەکەین، باس لە سێدارە دانی رۆڵەکانی کوردی ئێران دەکەین، و هەموو ئەو شیرین و فەرهادانە کە بە پۆل لە سێدارە دراون. لە تورك و لورو کوردو فارس و سەگزی.

ئەمرۆ فەرزادی منیان لە دار دا

شیرین و فەرهادی منیان لە دار دا

کورد و لور سەگزی/ جنوبی، ئازەری

ئێرانی ئازادی منیان لە دار دا

***

**داب وایە کاتێك کە دەیانهەوێ کەسێك لە سێدارە بدەن، شەوی پێشتر ئاگاداری دەکەنەوە تاکوو وەسیەت بکاو دوا ماڵئاوایی لە بنەماڵەکەی بخوازێ، بەڵام کاتژمێر ١٠ی شەو کاتێك چوونە لای شیرین و پێیان گوت: " وەرە دەرێ ناوی باوکت بە هەڵە بە ئێمە گوتووە"**

## هەستەوە شیرین

**دلارام عەلی:**

(هاوبەندی شیرین عەلەم هولی)

**هەستەوە شیرین!** خەونێکی ناخۆشت دیوە، وەکوو من کە ئەو شەوە بەرە بەیان، خەونی ناخۆشم دەدی و شتێك گەرووی دەگوشیم. هەستەوە شیرین! دەست بنێ سەر گەرووت و هەناسە هەڵ کێشە و بزانە کە زیندووی. دوایی وەکوو من کە ئەو شەوە بەرەبەیان سەرم نایەوە سەر سەرینەکەم، سەرت لە سەر سەرینەکەت دانێ و بنوو.

هەستەوە! دەنگی گریانی ئەبولو لە پشتی دەرگای دیوەکەمان دێ و تەنیا بە دیتنی تۆ نەبێ بزە و خەندە ناگەڕێتەوە سەر لێوەکانی. هەستەوە! خۆ تۆ دەزانی ئەگەر دیسان دەست بکاتەوە بە گریان، دەنگی ئەوانی دیکە دەر دێ. هەستەوە! شەقایەق دیسان قژی وەکوو کلکی مشك بەستوەو لە نێو حەوشە چوکەکەی بەندی ژنان دا بە دوای هەنگاوە گەورەکانی تۆدا را دەکاو بە دەنگی منداڵانەیەوە دەڵی "ئازیزەکەم" دەزانێ کە ئەگەر وا بڵێ تۆ پێ دەکەنی و لە باوەشی دەگری.

هەستەوە! هەتاوی ئەمڕۆ بەهارییە و گیان دەدا بۆ چەند کاتژمێر دانیشتن لە حەوشەو پیاسە کردن لە چوار بستی ئەو حەوشەیەی کە دنیای ئەم رۆژانەیە.

دە هەستەوە شیرین! خەونت بە پەتەوە بینیوە، دەست و لاقت لە خۆڕا لە خەودا هەر رادەتلەکێن و تۆ هەر وەخەبەر نایەی

هەستەوە شیرین! کات بۆ خەوتن هەمیشە هەیە.

لە بیرتە بێ ئەوەی کە پێشتر فەرزادت بینیبێ لێت دەپرسی و ئەمن دەمگوت حوکمەکەی شکاوەو تۆ چاوت پڕ دەبوون لە فرمێسك. ئێستا فەرزادیش بانگ دەکەم کەچی ئەویش هەڵناسێ.

دەڵێی ئەمشەو کۆتایی نایە، دەڵێی ئەو یەکشەمەیە پڕ لە خەون و کاموسکە.

هەستەوە شیرین! ئەو یەکشەممەیە دەبێ کۆتایی پێ بێ و ئەگەر وەخەبەر نەیەی. ئەو یەکشەمەیە هەروا دەمێنێتەوە،و پەتی سێدارە دەبێتە هەموو بیرەوەرییەکان و ئەو کامۆسکە هەر دەمێنێتەوە.

ئەگەر تۆ هەڵ نەستی، دنیا لە شوێنێك لە نزیك چۆمی ئاراز کۆتایی دێو زەوی چەق دەوەستێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنان و قەیرانی تووشبوون به مادده هۆشبەرەکان

وەرگێڕان: سروە فەتاحی

بە پێی دوایین لێکۆلینەوەکان دەرکەوتوە کە تەمەنی ئێعتیادی ژنان لە ئێران دا بۆ ٢٥ ساڵ و پیاوان بۆ ٢٢ ساڵ دابەزیوە و ئەوە دەتوانێ ببێتە هۆی زیاد بوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگادا.

بە پێی راپۆرتی هەواڵنێری کۆمەڵایەتی "فردا"، کارناسانی بواری کۆمەڵایەتی لەسەر ئەو باوەڕەن کە ریشەی زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێ لە بەکارهێنانی سیگار و مادده هۆشبەرەکان دا تاوتوێ بکرێ. ئەو کەسانەی کە مادده هۆشبەرەکان بەکاردێنن زیاتر تووشی تاوان دەبن، هەر بەو پێیە دەتوانین بڵێین کە هەرچی تەمەنی ئێعتیاد بێتە خوارێ کێشە کۆمەڵایەتییەکان روو لە زیاد بوونن.

هاتنەخواری تەمەنی ئێعتیاد لە ژنان دا زۆرتر دەبێتە هۆی نیگەرانی،چونکە ژن هەستی ناسکترە هەر بۆیە ئەو کێشانە دەتوانێ کاریگەری زۆرتری هەبێ لەسەر دەروونی ژنان.

محەممەد مەسعوود زاهدیان، بەرپرسی گشتیی بنکەی دژ بە مادده هۆشبەرەکان لەبارەی دوایین بارودۆخی تەمەنی ئێعتیاد لە وڵات دا دەڵێ: "بە پێی دوایین توێژینەوەو ئامارەکان، ئێستا رادەی تەمەنی ئێعتیاد لە وڵات دا بۆ ٢٥ ساڵ هاتۆتە خوارێ بەڵام ئەو رادەیە لە زۆربەی ناوچەکانی وڵات لە تەمەنی ٢٠ ساڵ هاتۆتە خوارێ".

یەکێك لە هۆکارەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە ژنان دا، لێك-هەڵوەشانەوەی بنەماڵەیە. بە چاولێکردنێك لە پەروەندەکانی تەڵاق لە دادگاکانی بنەماڵەدا





بۆمان دەردەکەوێ کە زۆربەی ئەو تەڵاقانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هاوسەرانەی کە کەمتر لە ٥ ساڵە ژیانی هاوبەشییان پێك هێناوە.

ئەگەرچی ئێعتیادی دایك و باوك هەر دوو دەبێتە هۆی هەڵوەشانی بنەماڵە بەڵام ئێعتیادی دایك کاریگەری زۆرتری هەیە لە تێکچوونی بنەماڵەدا، ئەوە لە حاڵێك دایە کە تەمەنی ئێعتیاد لە ژنان ٦ ساڵ زووتر لە پیاوانە، بە جۆرێك کە دەتوانین بڵێین نێوانی کاتی یەکەمین بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر تا کاتی تەزریق لە ژنان ٢ ساڵ و لە پیاوان دا ٨ ساڵە و بەو پێیە ژنان ٦ ساڵ زووتر لە پیاوان دەکەونە نێو داوی ئێعتیادەوە.

جەواد سادقی، بەرپرسی سازمانی قەزایی ژمارە دووی بنەماڵە دەڵێ: "٦ میلیون ژن لە ئێران دا هەیە کە تەڵاقیان وەرگرتوە و دوور لە هاوسەر ژیان بەسەر دەبەن، بەداخەوە لە ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێمەدا بناغەی بنەماڵە زۆر بە لەقی دادەندرێ و زۆر زوو لەگەڵ کێشە رووبەروو دەبێتەوە".

دوکتور رەزا مەهدی زادە، خەسارناسی کۆمەڵایەتی لەو بارەیەوە دەڵێ: تاقەتی ژنان بە نیسبەت پیاوان لە بەرانبەر مادده هۆشبەرەکان زۆر لە خوارترە، ناوبراو ئاماژە بەوە دەکا کە: "لێکۆڵینەوەکان نیشانی داوە کە منداڵانی دایکانی تووش بوو بە مادده هۆشبەرەکان، پێش لە دایکبوون تووشی ئەو مادده هۆشبەرە دەبن کە دایکیان بەکارەهێناوە".

نەبوونی ئیمکاناتی ڕاهێنان و پەروەردە، نەبوونی هیوا بە ئامانجی داهاتوو، لێك-هەڵوەشانەوەی بنەماڵەکان، کەم بوونی هەلومەرجی خۆپێگەیاندن لە ژیانی کۆمەڵایەتی، کەم بوونی ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی و نەبوونی ئیمکانات بۆ تێپەرکردنی کاتی بێکاری،جیاوازی بۆچوونی دوو نەسڵ لەگەڵ یەکتر (گەنجان و پیران)، پشت بەستنی لاوان بە بنەماڵەکانیان لە بواری ئابووری دا و... کاریگەرییان هەیە لەسەر تووشبوونی لاوان بە مادده هۆشبەرەکان .

زۆربەی خەڵکانی کۆمەڵگای ئێرانی لەبارەی ئێعتیاد باوەڕیان ئەوەیە کە ماددەی هۆشبەرو بەکارهێنانی زۆری ئەو ماددەیە کارێکی پیاوانەیە. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ژنان زۆر کەمتر لە پیاوان تووشی مادده هۆشبەرەکان دەبن، بەتایبەت لە ئێران دا تەنانەت سیگار کێشانی کچان و ژنان جێگای سەرسوورمانە، رەنگە بەو هۆیە بێ کە ئێعتیاد لەگەڵ رۆڵی هاوسەرو دایکێکی دڵسۆز لە کۆمەڵگاکانی ئێران دا یەك ناگرێتەوە. بەڵام بە پێی دوایین توێژینەوەکان، ٩/٦٪ تووشبوو بە مادده هۆشبەرەکان لە ئێران دا لە ژنانن. زۆربەی راپۆرتەکان ئەو راستییە دەردەخەن کە لە بەرانبەر هەر ١٠٠ پیاوی موعتاد، ٧ ژنی موعتاد لە ئێران دا هەیە.

لە لایەکی دیکەوە بە وتەی بەرپرسانی زیندانەکانی ئێران هەنووکە ٥٠٪ زیندانیانی ژن لە پێوەندی لەگەڵ ماددەی هۆشبەرو ئێعتیاد لە زیندانن کە بە وتەی ئەو بەرپرسانە ئەو رێژەیە لەو ساڵانەی دوایی دا روو لە زیادبوونە. بە پێی توێژینەوەیەك کە بەدەست هاتوە زۆربەی ئەو ژنانە لە سێ پارێزگای کرمان، خوراسان و تاران دا دەژین.

سەرچاوە: ماڵپەری lemonpress



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنانی نێو کۆڕی خەبات

**دیمانە: "ژنان"**

**گۆڤاری ژنان ئەم جارەیان بۆ گۆشەی "ژنانی ناو کۆڕی خەبات"خاتوو شنۆی مەحەممەد پەنای بەسەر کردەوەو چەند پرسیارێکی لە سەر ژیانی خۆیو هاوسەرکەی لێ کرد.**

**خاتوو شنۆ مەحەممەد پەنا کچی نەمر مەحەممەد پەنایە لە ساڵی ١٣٥٣ بە هۆی باری سیاسی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە باشووری ڕۆژهەڵات بووە لە شاری کۆیە لە دایک بووە وهەروەها خێزانی نەمر جەعفەر زەمانیە کە لە ١٠/١٠/ ١٣٦٩ ژیانی هاوسەریان پێک هێناوە.بەرهەمی ئەم ژیانە سێ منداڵی چاو گەشە کچەکانی بەناوەکانی : ڕێناسو بەنازو کوڕەکەشی شەهریارە.**

سەرەتا باسێکمان لەسەر نەمر جەعفەر زەمانی کە ئەو سەرەڕای ئەوەی کە کورد نەبوو لە نەتەوەی ئازەری بوو، بەڵام لە گەڵ ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە سەنگەر دابوو هێنایە گۆڕێ : خاتوو شنۆ گوتی : بەڵێ ڕاست بوو ئەو ئازەر زمان بوو بەڵام پێی وابوو خزمەت کردن هەر خزمەت کردنە بە وڵات، چونکە ئەم وڵاتە پڕە لە نەتەوەی جۆراو جۆر، ئەم نەتەوانەش هەموویان بران ، ئەم برایانەش لە هەر شوێنێك خزمەت بکەن هەر بران . گرنگ ئەوەیە وڵات ئازاد بێ.ئەو ئەوەندەی لە سەنگەریش دابوو لە گەڵ هاوسەرنگەرەکانی زۆر دڵسۆزانە خزمەتی کرد.

دواتر لە سەرئەوەی کە چۆن لەگەڵ نەمر زەمانی یەکتریان ناسی ؟ وڵامی داینەوە: " بە هۆی ئەوەی کە من کچە پێشمەرگە بوومو جەعفەریش پێشمەرگە بوو لە هێزی کێلە شین ئاشنایەتیمان پەیدا کردودلە ١٠/١٠/ ١٣٦٩ ژیانی هاوبەشمان پێك هێنا.ئەو کات لە مامە خەتیب بووین.

هەروەها پرسیاری دیکەشمان لێ کرد.

**پ: هاوسەرەکەت کەی لە کوێ لەدایك ببوو؟**

ئەو کوڕی فەتعەلییەو لە ساڵی ١٣٤٣ لە شاری نەغەدە لە دایك ببوو.

**پ: بەو پێیە جیاوازی تەمەنتان ڕێك ١٠ ساڵ بوو، ئایا ئەو ڕادەیە لە تەمەنتان توانی بوو کێشەتان بۆ دروست بکا؟ لە هەڵسووکەوتی ڕۆژانەی دا لەگەڵ تۆو منداڵەکان چۆن بوو؟**

و: نەخێر زەمانی زۆرهاوسەرێکی لەسەر خۆو بە دەرك بوو. ژیان کردن لەگەڵ ئەو زۆر بە بایەخ بوو، ئەو هاوسەرێکی واقعی بوو. ئەرزشی بۆ خۆمو منداڵەکانی دادەناو لەژیانی ڕۆژانەش دا زۆر ئارامو لەسەرخۆ بوو.



نەمر جەعفەر زەمانی



بەناز   خاتوو شنۆ و شەهریار   ڕێناس

**پ: ناوی و تەمەنی منداڵەکانو پلەی خوێندنیان چیە؟**

و: ڕێناس کچە گەورەکەم لە ١/١/ ١٣٧١ لە مامە خەتیب لە دایك بووە ، ئێستا لە قۆناغی ئامادەییە بەنازیشم لە ٤/٢٣/ ١٣٧٧ لە شاری هەولێر لەدایك بووەو ئەویش لە قۆناغی ناوەندیە.شەهریاریش لە ١٣٨٣/٦/٢٨ لە شاری کۆیە لەدایك بووەو ئەمساڵ دەچێ بۆ قوتابخانە.

پرسیار: منداڵەکان تا چەندە باوەڕیان بە ڕێبازی باوکیان هەیەوتۆش چەندە توانیوتە بیری کوردایەتیان بە گوێ دا بچەپێنی؟

و : بە هۆی ئەوەی کە باوکیان لەو ڕێبازە دابووو منداڵەکانیش لە تەنیشت باوکیان گەورە بوون بۆ خۆیان لەگەڵ ڕێبازەکەی ئاشنا بوونو جگە لەمەش ئەوان لە شۆڕشدا لە دایك بوون بۆ خۆشم بە پێی توانا توانیمە باسی کوردایەتیو حیزبە خۆشەویستەکەمیان بۆ بکەم بۆ ئەوەی درێژەدەری ڕێبازی باوکیان بن.

**پ: چۆن پێوەندیت بە یەکیەتیی ژنانەوە گرتووەو بوویە ئەندام؟**

و: بەهۆی ئەوەی من کچی پێشمەرگە بووم، لە ناو ریزەکانی حیزبدا لە دایك ببوومو ژیاوم، هەر لە نزیکەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ یەکیەتیی ژناندا پەیدا کردو لە ساڵی ١٣٦٩دا بوومە ئەندامی یەکیەتیی ژنان.

**پ: ئایا هەرگیز لە ژیانی ناو شۆڕش پەشیمان بوویەوە، یان ناهومێد بووی؟**

و :نەخێر هەرگیزاو هەرگیز پەشیمان نەبوومەوەوپەشیمانیش نابمەوە چونکە خۆم بە درێژەدەری ئەو ڕێبازە دەزانم. ئەو ڕێبازەش ڕێبازی باوکی خۆشەویستمو ڕێبازی هاوسەرە بەوەفایەکەشمە.

**پ: خۆشترینو ناخۆشترین بیرەوەریت ٍلەگەڵ هاوسەرەکەت دا چیە؟**

و : بوونی ئەوو ژیان لەگەڵ ئەو گەورەترینو خۆشترین بیرەوەریم بووە.بەڵام بەداخەوە ئەم خۆشەویستیە بەردەوام نەبوو بە هۆی لە دەستدانی هاوسەرەکەم.ناخۆشیم ئەو کاتە دیت کە ئەوم لە دەست دا.

**پ: چ پێشنیار یان ڕەخنەیەکت هەیە بۆ گۆڤارەکەمان؟**

و : تەنیا دەست خۆشیتان پێ دەڵێم و هیوادارم کە هەردەم سەرکەوتوو بنو زۆر سوپاسی ئەو بەسەرکردنەوەتان دەکەموهیوای بەردەوامی بۆ گۆڤارەکەش دەخوازم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژن ئەستێرە

# ئەنووشە ئەنساری یەکەم ژنی کەشپێو

وەرگێڕان: دایکی یەسنا



ئەنووشە ئەنساری لە ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی لە دایك بووە، تا تەمەنی ١٦ ساڵی لە ئێران بوو، پاشان بۆ درێژەدان بە ژیان بنەماڵەکەی ئێرانیان بەجێهێشت و چوونە ئەمریکا، دوایین ساڵەکانی دواناوەندی لەو وڵاتە تەواو کردو دواتر بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی کارناسی لە بەشی ئەندازیاری ئێلێکترۆنیك و زانستی کۆمپیوتێر دا رۆیشتە زانکۆی جۆرج میسۆن. ناوبراو پاش تێپەڕکردنی ئەو قۆناغە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی بەکاریوس رۆیشتە زانکۆی جۆرج واشینگتۆن و درێژەی بە خوێندن دا. پاش وەرگرتنی ئەو بڕوانامەیە ئەنووشە بۆ کارکردن رووی کردە کۆمپانیایەکی MCT و COM SAT و لەوێش هێندێك پرۆژەی زۆر سەرکەوتووانەی جێبەجێ کرد.

ئەنووشە ئەنساری ساڵی ٢٠٠٠ زایینی خەڵاتی یەکەمی داهێنانی نەتەوەیی، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایی پێ بەخشرا، ساڵی ٢٠٠١ گۆڤاری "فورجیون" ئەنووشەی وەك بازرگانێکی سەرکەوتوو ناساند. ئەنووشە هەر لە سەردەمی لاوێتییەوە ئۆگری رۆیشتن بۆ دەرەوەی زەوی بوو. ئەو ئاواتەی ئەنووشە وەدیهات و چالاکییە ئابوورییەکانی ئەو و هاوسەرەکەی بوو بە هۆی دەوڵەمەند بوونیان ساڵی ٢٠٠٤ی زایینی ئەو شەوەوە بنەماڵەکەی بڕی ١٠ میلیۆن دۆلاریان خەڵات بۆ یەکەمین رۆیشتن بەرەو ئاسمان بە شێوەی غەیرە دەوڵەتی تەرخان کرد. ئەنووشە بەردەوام خەیاڵی سەفەر بەرەو ئاسمانی بێ سنووری لە مێشك دا دەهێناو دەبرد. مەیلی دیتنی گۆی زەوی لە ئاسمانەوە وای کرد کە ئەنووشە یەکەم هەواڵی میدیاکانی جیهان بە خۆی تەرخان بکا، ئەو بۆ ئەم مەبەستە رۆیشت و لە وێستگەی نێونەتەوەیی ئاسمانی ناونووسی کرد. سەفەری ئەو خاتوونە ٢٠ میلیۆن دۆلاری خەرج هەبوو. رێکخراوی ئاسمانی رووسیە بە شێوەی فەرمی رای گەیاند کە ئەنساری وەك یەکەمین توریستی ئاسمانی لە یەکێك لە هەڵفڕینەکانی ئاسمان پێوی "سایۆزدا" کە بۆ بەهاری ١٣٨٦ ئامادە کرابوو بەرەو مەداری زەوی سەفەر دەکا. بەڵام ئەنووشە زۆر زووتر لەو رێکەوتە بە ئاواتەکەی گەیشت، سەفەری ئەنووشە ٦ مانگ هاتە پێشێ، ئەو ٢٣ی خەرمانانی ١٣٨٥ی هەتاوی بەرەو وێستگەی نێونەتەوەیی (ISS) وەرێ کەوت.

ئەنووشە یەکەمین ژنی کەش پێو، چوارەمین توریستی ئاسمانی دونیایە. ئەو لە بارودۆخێك دا بەرەو کەشی زەوی رۆیشت کە لە ماوەی چل و پێنج ساڵی رابردوودا سەفەر بەرەو فەزا تەنیا لە پاوانی شۆڕەوی کۆن (رووسیە)، ئەمریکاو لەو دواییانەش دا لە چین دا بوو، ئەو خاتوونە بەر لە رۆیشتنی بەردەوام دەیگوت زۆرم پێ خۆشە لە زەوی بچمە دەرێ و بە چاوی خۆم جیهانی راستییەکان ببینم.

ئەنووشە لە پاش گەڕانەوەی بۆ زەوی لە وتووێژێك دا گوتی کە کاتێك لە فەزاوە دەڕوانییە زەوی تێدەگەی کە زەوی لە بەرامبەر ئەو جیهانە رەشەی کە لە بەری گرتوە چەندە بچووکە ئەو کاتەیە کە مرۆڤ روانگەی لە سەر ژیان دەگۆڕدرێ. تێدەگەین کە ئێمە چەندە بچووکین، لە سەر پرسگەلێکی ساکار پێکەوە شەڕ دەکەین و لێك بێزار دەبین کە بایەخیان لە بەرامبەر ئەو جیهانە بەرینەدا بە راستی هیچە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org







# بەشی ئەدەبی












کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


سیمین بێهبەهانی شاعیری ناوداری ئێرانی بە نارەزایەتی دەربڕین دژی ئیعدامی ٥ تێکۆشەری ڕێگای ئازادی کە لە ١٩ی بانەمەڕدا لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ئێعدام کران ئەم پارچە شیعرەی وتوە؛



بگو چگونه بنویسم یکی نه پنج تن بودند
نه پنج، بلکه پنجاهان به خاطرات من بودند
بگو چگونه بنویسم کەدار از درخت امد
درخت ان درختانی که خود تبرشکن بودند
بگو چگونه بنویسم که چوب دارها روزی
فشرده پای ازادی به فرق هر چمن بودند
نسیم در درختستان به شاخه‌های چو می پیوست
پیام هایش دست افشان به سوی مرد و زن بودند
کنون سری به هر داری شکسته گردنی دارد
که روز و روزگاری یلان تهمتن بودند
چه پای در هوا مانده چه لال و بی صدا مانده
معطل اند این سرها که دفتری سخن بودند
مگر ببارد از ابری بر این جنازه‌ها اشکی
که مادران جدا مانده ز پاره‌های تن بودند
ز داوران بی ایمان چه جای شکوه ام کاینان
نه خصم ظلم و ظلممت ها که خصم ژوالمنن بودند

# قەسیدەی زریکە

کەژاڵ ئادەمی



پێشکەشە بە خونچە لە سێدارە دراوەکانی ڕۆژهەڵاتەکەم
لەم سەردەمە تەزیوەدا کە وەرزی وێژدانە
زەمەن تەفسیری تاریکی سەربە دارانە
زایەڵەی دەنگی لە قورگا کپ کراوم
دەئاڵێنمە کفنی خوێناوی بڕواکان و لەگەڵتان ئەدوێم
لەگەڵتان ئەدوێم ئەی ڕێبوارانی شەقامەکانی ئاسمان
ئەی چرۆ تازە پشکووتووەکانی دارستانە سووتاوەکانی وڵاتەکەم
ئێوە لە سێدارە دران
ئێوە لە سێدارە دران و
هەنسکی ئاگرینی کازیوە هەواڵی مەرگی خۆمی بۆ هێنام
ئێوە لەوا، ئەمن لێرە، هەموو لە سێدارە دراین
ئێوە لەسەر باڵی هیوا لە وەرزی عەشق و شەیدایی
ئەمن لە غوربەتی خەمبار، لە نێو شەوانی تەنیایی
ئێوە لە قوژبنی شەودا، بە سەد مەکرو ریا کوژران
ئەمن مات و عەبەسترا، بەبا شەرم و حەیا کوژرام
ئێوەیان لە گوندو شار و لە کێوو لە بیابان کوشت
منیشیان لە غەریبیدا دوور لە ماڵ و لە دیار کوشت
ئێوەیان لە خۆزگەی دوێنێی ئاواتەکاندا هەڵواسی
ئەمنیان لە خەونی جوانی هیوای سبەیدا هەڵواسی
ئێوەو ئێمە و هەموومانیان
لە پانتایی مێژووی ئەم هەوارگە وێرانەدا
وێران کردو هەڵیانواسین
سەدان حەیف و هەزاران ئۆف
ئێوە لەوا، من لێرە
دوورو جودا لە یەک کوژراین
نازانم خەیاڵی خاوی جەللادی با رەحمی زەمان
لە کوانووی خەونی خۆی دا سبەینا چۆن تەفسیر دەکات؟
ڕێگای پڕ ڕێبواری ئێوە بە دەستی کام تەقدیر ئەدات؟
هاوارەکانتان کپ دەکات بەڵام نازانم، نازانم
زایەڵەی دەنگ و هاوارتان چۆن کپ دەکاو چی لێدەکات؟
لەم گڕینگە با دەنگەدا پیرۆزو بە هاوارێک دەکەم
قەسیدەی زریکەیەک ساز دەکەم بۆ گوێی کەڕی دنیای با دەنگ
داهاتووی خەباتتان دەنووسمەوە
داهاتوویەک بە بەرزی ورەی هەتاهەتاییتان و
بە گەشی دوایین دڵۆپی ئەسرینی ڕژاو
درێژترین چیرۆکی مانەوەتان دادەرێژم
چیرۆکێک بە درێژایی مێژووی هاوارەکانمان و
بە رووناکی مۆمی هەڵوێستی هەردەم گڕاوتان


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# رۆزە ئاوسلندرو ژنە شاعیری ئەڵمانی

وەرگێڕان: حەلیمە رەسووڵی

رۆزە ئاوسلندرو (Rose Auslander) شاعیری ئەڵمانیایی یازدەی مانگی جولای ساڵی ١٩٠١ی میلادی لە شاری "چرتویتس" (ئێستاکە بەشێکە لە خاکی ئوکراین) لە بنەماڵەیەکی جوولەکە هاتە سەر دونیا. لەو سەردەمەدا دانیشتوانی شارە کە لە کەمایەتییەکانی وەك رووس، ئوکراینی، رۆمانیایی و ئەڵمانیایی پێك هاتبوو بە بەشێك لە ئیمپراتووری ئۆتریش ـ مەجار دەژمێردراو لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بە شارێکی چەند زمانە و چەند کلتووری دادەنرا.

رۆزە ئاوسلندرو لە وەها ژینگەیەك دا سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵی خۆی تێپەڕ دەکرد.

ناوی راستی ئەو "رۆزالی بەئەتریس رووت ئرتسر" بوو. ئەو ژیانێکی پڕ لە کەندوکۆسپی هەبوو. بەشی سەرەکیی ژیانی ئەو لە سەردەمی سامناکی شەڕی جیهانی یەکەم و دووهەم و لەوپەڕی هەژاری و ماڵوێرانی دا بە سەر برد.

یەکەمین کۆمەڵە شێعری ئەو ساڵی ١٩٣٩ لە ژێر ناوی "کۆلکەزێڕینە"دا بڵاو بۆوە. بەڵام بە دوای ئەودا هێندێك لە هۆنراوەکانی خۆی لە گۆڤارە ئەدەبییەکان دا بڵاو کردەوە. بێگومان لە دایك بوونی ئەو لە بنەماڵەیەکی جوولەکەدا رۆڵی سەرەکی لە ژیان و بەرهەمەکانی ئەودا گێڕا. لە شێعرەکانی رۆزەدا هێماگەل و ئاماژەگەلێکی زۆر بە رووداوەکان دەبینرێ، کە دەکرێ ئەمانە بە بەشێك لە ژیاننامەی شاعیری و نووسینەوەی رووداوەکانی سەردەمی ئەو دابنێن. شایانی باسە کە رۆزە ئاوسلندرو بە هۆی گیرسانەوەی درێژخایەنی لە ئەمریکاو سەفەری زۆر بۆ ئەو وڵاتە لە قۆناغێك دا بڕیاری دا کە بە زمانی ئینگلیزی شێعرەکانی خۆی بنووسێتەوەو بۆ ماوەیەکیش لە ساڵی ١٩٤٨ تا ١٩٥٦ شێعرەکانی خۆی تەنیا بە زمانی ئینگلیزی نووسییەوە. هەڵبەت وردە وردە وازی لەم شێوە نووسینەش هێناوە، سەرلەنوێ شێعرەکانی خۆی تا کۆتایی ژیانی بە زمانی ئەڵمانیایی هۆنیەوە.

رۆزە ئاوسلندرو لە سەردەمی ژیانی خۆی دا بە گشتی حەوت دەفتەرە شێعری بڵاو کردەوە. سەرەڕای ئەوەی بابەتگەلێکی زۆری لە گۆڤارە ئەدەبییەکان دا بڵاو کردۆتەوە. ئەو شاعیرێکی ناسراوەو بە هۆی ئەو چالاکییانەیەوە چەندەها خەڵاتی گرینگی ئەدەبی پێ بەخشراوە.

ئەو شاعیرە رێکەوتی ٣ی ژانوییەی ١٩٨٨ دوای تێپەڕکردنی نەخۆشییەکی زۆر قورس لە ئاسایشگایەکی شاری دۆسلدورف لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد.

رۆزە ئاوسلندرو یەکێکە لە شاعیرە ناسراوەکانی زمانی ئەڵمانیە.



١ ـ مانگی سوور

دوێنێ شەو ئەو کاتەی کە

خەو لە چاوانم تۆرابوو

خەنجەرێکم بەرەودڵی

مانگ فڕێ دا

هەر بۆیەشە مانگ

فرمێسکی خوێنین

بۆ تاسەکانم دەڕێژێ

٢ ـ مانگ

مانگ خەوتووە لە شەوی

بەختەوەری دا

ئەو خەون دەبینێ

لە سەر گۆناکانم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



سواره قەڵادزەیی

من........ دایکی........شەریفزادەم...........

هاورێیان.......؟!

کە مەمکەکانم .... ئاوەژێی

دڵۆپێن.... ئۆقرەی لەبە دەبرا

ئەرخەوانێکی باغی..."میکایل" لە ئامێز دەگرم

تا تێر... تێر..... لوژەوی شیری مەمکەکانمی

وەسەر دەگێڕم....؟!

ئەو کاتە وەک هەناسەکانی

ساتی مەستی.........

وەک دوا خەونی دەمی ئاویلکەدان....!!

وەنەوزی ورێنەیەک دەمباتەوە.....

بۆ دەستەملانی ئەو ماچانەی

ڕۆژگاری بوو لە لێوی فەریکە گوێزەکانی

خەیاڵدانم..... دەڕنین....؟!

جاران بەو ماچە خوێناویانە

چاوە کەسکەکانی

"تاقەدار" م پا پڕ لە سورمە دەکرد.....

جاران خونچەی...... زەردەخەنەم

وەک شەکراو بۆ شۆرە سوارەکەی

"دارێنە" م.....!!

دەکردە گەرووی شۆخە کچەکانی ساباڵاغەوە.....!!

جاران لە کۆڵانە تەنگ و

"شەوە" لێدراوەکانی شاری

موعینەکان و مەلا ئاوارەوە......

کەژیەکانم.....

بۆ لاوژەکەم دەکرد بە چارشێو....

ئایەتەلکورسی و سروتەکانی "مەحوی" م......

بە چوار دەوردا کوفدەکرد

بۆ ئەوەی بەژن و باڵا و دیدە

قەرسیلیەکانی

لە چاوی بەدکارانی بە دوور بگرم...!!

لەوەتەی دالی چرنوک ژاراوی

قولابی لە دڵ و جگەرم گیر کردووە.....!!

لەو وەرزە تۆفانەی

(لاوکۆ) عاشقەکەی ئازادیم

لە سەنگەری نەبەردیدا

منی کردە قوربانی دایکی گەورەی

"کوردستان"....؟!

پەیمانەکەی گەیاندە سەر.......

لە ناو بڵێسەی ئاگردا......

بوو بە رووناکبیرترین شەهید



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو بە جوانترین "جیوارا".....؟!

بە تاک بلێسە

لە سەنگەری بەجێماوی.. "دارێنە"دا..؟!

دوا نامەی ماڵئاوایی

لە تویی ئیمێلێکدا بۆ کردم بە دیاری

وامنیش پێچاوەتە ناو پرێسکەی

پیرۆزی دڵخوازانی عیشق و ئازادی

کە تەنیا منم ئەو برایمەی...!!

وەک "کەتوار" نەک" ئەفسانە"

لە شاری شەهیدستانەوە "مەهاباد:

دەستم لەسەر "دڵم" دارنی

سمایلە ئازدارەکەم

کردە قوربانی

بۆ سەربەستی کوردستان

بۆیە... لە سالیادی

کۆچی ماڵئاوایی شەریفزادەدا

شانازی بە دایکایەتیمەوە دەکەم...!!

هاوڕێی شەهید

# پەیامی دایکی فەرزاد کەمانگەر بۆ خەڵکی ئازادیخوازی ئێران

دایە سەڵتەنە، دایکی فەرزاد کەمانگەر لە پەیامێکدا سپاسی خۆی ئاراستەی هەموو خەڵکی ئازادیخواز، رێکخراوەکان و حیزبە سیاسییەکان کردوە کە بۆ داکۆکی لە گیانی فەرزاد هەوڵیان داوە و دوای ئێعدامکرانی رۆڵەکەشی دەستیان بە دەربڕینی نارەزایەتی کردوە و ئەو جینایەتەیان مەحکووم کردوە.

لە بەشێک لەم پەیامەدا هاتوە کە وەکیلی سڵاوی من بن بۆ هەموو ئەو رێکخراو و مرۆڤە ئازادیخواز و هەموو ئەو ئازیزانەی کە لە سەرانسەری جیهاندا چ بەر لە گیان بەختکردنی فەرزاد و بۆ رزگارکردنی ئەو لە ئیعدام



زەحمەتیان کێشاو واژۆیان کۆ کردەوەو چ ئەو ئازیزانەی کە دوای گیان بەختکردنی لە دوورو نزیکەوە لە گەڵمان بوون و هاوسۆزییان لە گەڵ کردووین.

من ئەو چاوەڕوانییەم لە هەموو ئەو ئازیزانە هەیە کە رێگەی فەرزاد درێژە پێبدەن. ئەمن ئێستا هەزاران فەرزادم هەیە. من زۆر جار گوتوومە کە فەرزاد تەنیا رۆڵەی من نەبوو، بەڵکوو فەرزاد رۆلەی هەموو خەڵک و هەموو ئەو بنەماڵانەیە کە ئازیزەکانیان لە دەست داوە.

دوایین قسەم ئەوەیە کە فەرزاد دەستەگوڵێک بوو کە من پێشکەشی هەموو مرۆڤە ئازادیخوازەکانی کوردستان و ئێرانم کرد.




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org









# راپۆرت و هەواڵەکانی ئێران














کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٨٨% ی ژنانی خوێندەواری خاوەن بڕوانامەی بەرزی ئێران بێكارن

٨٨% ی ژنانی خوێندەواری خاوەن بڕوانامەی بەرزی ئێران لە ئاستی شار و گوندەكان دا بێكارن و بە دوای هەلی كارەوە سەرگەردانن.

لە حاڵێک دا كە نرخی بێكاری لە ئێراندا بەردەوام روو لە زیاد بوونە، نرخی بێكاریی ژنانی خاوەن بڕوانامەی بەرزی خوێندنیش بەردەوام روو لە هەڵكشان دا بووە.

بە پێی نوێترین ئاماری ناوەندی ئاماری ئێران كە لە ماڵپەری رەسمیی ئەو ناوەندە دا بڵاو بۆتەوە ٨٨.٧% ی ژنان لە كۆمەڵگای شاری و ٥٩.٤% ژنان لە كۆمەڵگای گوندەكانی ئێران دا بێكارن.

هەر بە پێی ئەو ئامارە رەسمییانە هەر ئێستا زیاتر لە ٨٢٠ هەزار كەسی بێكار تەنیا لە شاری تاران دا لە پێوشوێنی پەیداكردنی هەلی كار دان كە ژنان بەشێكی بەرچاو لەو حەشیمەتە پێک دێنن.

## تەمەنی تاوان و ئیعتیاد لە ئێران دا تا ئاستی تەمەنی منداڵی دابەزیوە

ئەندامێكی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ناوەندی داكۆكی لە منداڵانی ئێران ئاشكرای كرد كە ئامارەكانی پێوەندیدار بە تەمەنی ئیعتیاد، تاوانكاری، لەشفرۆشی و بەشوودانە زۆرەملییەكان لە كۆمەڵگادا نیگەرانیی زۆری بۆ خەڵک دروست كردو، بە جۆرێک كە تەمەنی ئیعتیاد و تاوانكاری لە ئێراندا خەریكە بە تەمەنی منداڵی دەگا.

جاوید سوبحانی، ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ناوەندی داكۆكی لە منداڵانی ئێران بە ئاماژە بە پەرەسەندنی خەسارە كۆمەڵایەتییەكانی پێوەندیدار بە منداڵان و مێردمنداڵان ئاشكرای كرد كە رێژەی توندوتیژی دژی منداڵان، وەبەركارنانی منداڵان و ئاستی خەسارە كۆمەڵایەتییەكانی دیكەی منداڵان لە كۆمەڵگای ئێراندا نەک دانەبەزیوە، بەڵكوو پەرەشیان گرتوە.

ناوبراو لە درێژەی قسەكانیدا بە رەخنەگرتن لە دەنگ و رەنگی ئێران دەڵێ كە دەنگ و رەنگی ئێران تەنیا هەواڵەكانی پێوەندیدار بەو كێشانە ئەویش لە ئاستێكی نزم دا بڵاو دەكاتەوە و لە ئەركی سەرەكیی خۆی كە ئاموزش و فێركردن و هەوڵەكان بۆ پێشگیری لە پەرەسەندنی ئەو دیاردەیانە، خۆ دەدزێتەوە و بەلاشی دا ناچێ.

## زیادبوونی تەڵاق و دابەزینی پێكهێنانی ژیانی هاوبەش لە ئێراندا

لە حاڵێک دا كە رادەی تەڵاق لە ساڵی رابردوودا لە چاو ساڵی پێشتری خۆی ٢% زیادی كردوە هاوكات پێكهێنانی ژیانی هاوبەشیش ٢% دابەزیوە.

بەپێی دوایین ئامارەكانی رێكخراوی "سەبت و ئەحواڵ"ی ئێران ساڵی ١٣٨٨ لە بەرانبەر هەر ١٠٠ بابەت پێكهێنانی ژیانی هاوبەشدا ١٤ بابەتی تەڵاقیش رووی داوە.

بەپێی ئەم ئامارە كە ١١ مانگ لە ساڵی رابردوو لە خۆ دەگرێ ١١٤ هەزار و ٦٧٤ بابەتی تەڵاق رووی داوە كە لە بەراورد لەگەڵ ساڵی پێشووتردا ٢/١٣% زیادی كردوە.

هەروەها ٨٥ لە سەدەی تەڵاقەكان لە شارەكان و ١٥ لە سەدی دیكە لە دێهاتەكاندا روویان داوە. لەم نێوەدا تاران بە ٣١ هەزارو ٤٤٩ بابەتی تەڵاق لە هەموو ئێران لە پێشتر بووەو دوای تاران پارێزگای خوراسانی رەزەوی و ئیسفەهان لە پلەی دووهەم و سێهەمدا بوون.

كەمترین رادەی تەڵاقیش لە پارێزگای خوراسانی باشوور بە ٥٤٤ بابەت و كەهكیلویەو بویرئەحمەد ٦١٨ و چوار مەحاڵ و بەختیاری بە ٧٨٩ بابەت بووە.

هەروەها جگە لە خوراسانی باشوور هەموو پارێزگاكانی دیكەی ئێران رادەی تەڵاق لە زیادبووندا بووە كە پارێزگای یەزد لە هەمووان زیاتر بووە.

زۆربەی تەڵاقەكان لە ئێراندا بۆ تەمەنی ٢٥ تا ٢٩ ساڵ دەگەڕێتەوە.

زیادكردنی تەڵاق لە حاڵێک دایە كە ساڵی رابردوو رادەی پێكهێنانی ژیانی هاوبەشیش رووی لە كەمی كردوە.

شایانی باسە كە كۆمەڵناسەكان پێشتریش بەرپرسانی كۆماری ئیسلامییان لەمەڕ پەرەسەندنی خەسارە كۆمەڵایەتییەكان لە كۆمەڵگای ئێراندا وریا كردبۆوە.







كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## نرخی بێکاری لە ئێراندا لە سەرووی(25%) ە

لە حاڵێک دا بەرپرسانی دەوڵەتی دەڵێن کە نرخی بێکاری لە ئێرانیان تا ئاستی 11% دابەزاندوە کە ئابووریزانە سەربەخۆکان دەڵێن نرخی بێکاری لە ئێران سەروو 25 لەسەدە.

رەزا شیخولئیسلامی، وەزیری کار و کاروباری کۆمەلایەتیی دەوڵەتی دەیەم رایگەیاندوە کە وەزارەتەکەی نێونجی نرخی بێکاری لە ولاتی بۆ ئاستی 11.3% دابەزاندوە.

لە حالێک دا کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە ئامارانە دەیانەوێ وا بنوێنن کە وەزعی ئابوریی ئێران باش و روو لە گەشەیە، کە زۆربەی کارناسە ئابوورییەکان لە سەر ئەو باوەڕەن کە بەرپرسانی حکوومەتی پێیان وایە بەو جوانکارییە لە ئامارەکان دا دەتوانن لایەنە کارەساتبارەکانی ئابووریی داتەپیوی ئێران دابپۆشن، دەنا ئەوە شتێکی دیار و ئاشکرایە کە نرخی بێکاری لە ئێران لە سەروو 25% و لە رادەی تەمەنیی 18 ساڵی تا 30 ساڵ لە سەروو 40 لە سەدیشە.

مەحموود ئەحمەدی نژاد، سەرۆک کۆماری رێژیمی کۆماری ئیسلامیش رۆژی پێنجشەممە باسی کردنەوەی 5000 بونگای قازانج خێرای کردبوو، بەلام چالاکانی کرێکاری دەڵێن کە ئەو پرۆژانە هەمووی فەشەڵی هێناوە و ئەو جۆرە ئاخاوتن و لێدوانانەی ئەحمەدی نژاد و بەرپرسانی دیکەی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەیە کە بەر بە پەیوەستبوونی کرێکارانی ناڕازی لە حکوومەت بە جووڵانەوەی سەوز بگرن.

## 80% ی مووچەخۆرانی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین

قسەکانی ئەحمەدی نژاد لە مەڕ هاندانی بنەماڵەکان بۆ بوونی منداڵی زیاتر کاردانەوەی زۆری لێ کەوتۆتەوە.

محەممەد مێهدی شەهریاری، ئەندامی کۆمیسیۆنی ئەمنیەتی میللی و سیاسەتی دەرەوەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی رایگەیاندوە کە ئەحمەدی نژاد چۆن باس لە مندالی زۆر دەکا، لە حالێک دا لە مالێکی 50 میتری دا منداڵێکیش بە حاڵەحال دەحاوێتەوە.

ناوبراو گوتی کە لە سەرەتای شۆڕش دا وەها داوایەک کرا، بەلام ئەو کات هەم بەڵێنی زەوی و یارمەتیی دەوڵەتی و کۆپێن بە خەڵکی درا، هەمیش ئەوەی ئێستا دەیزانین ئەو کات نەماندەزانی و بۆمان گرینگ نەبوو.

شەهریاری گوتی بەس سیاسەت و لێدوانە نابەرپرسانەیە کۆمەڵگا تووشی قەیرانێکی زیاتر لە ئێستا دەبێ، بەلام ئەو کات ئەحمەدی نژاد بۆ خۆی لە سەر کار نابێ کە وەلامدەری ئەو سیاسەتانەی بێ.

ناوبراو دەڵێ بەشی زۆری گرفتەکانی ئێمە لە بواری نیشتەجێ کردن و پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لاوانمان ریشەی لەو سیاسەتە غەڵەت و چەوتە دا بووە کە لە 15 ساڵی یەکەمی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا گرتمانە بەر، تا ئەوەی ناچار بووین دروشمی منداڵی کەمتر و ژیانی باشتر بدەین.

شەهریاری گوتی کە ئێستا زۆربەی خەڵک و 80% ی کارمەندو مووچەخۆرانی دەوڵەت لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین و بنەماڵەیەکی 3 تا 4 کەسی بە هەزار کوێرەوەری دەژین، بەلام ئەحمەدی نژاد ناڵێ کە بنەماڵەیەکی 7–8 کەسی چۆن دەتوانن لەوەها بارودۆخێک دا بژین؟

## ساڵانە ٢٠٠ هەزار کرێکاری ئێران بێکار دەبن

عەلیرەزا مەحجووب سکرتێری گشتی "خانەی کارگر" رایگەیاند کە دوو هەزار ناوەندی بەرهەم هێنان لەگەڵ قەیرانی ماڵیدا رووبەڕوون و ساڵانە ٢٠٠ هەزارکرێکار لە ئێراندا بێکار دەبن .

بە پێ راپورتی هەواڵدەری"ئیلنا" "مەحجووب" کە لە بەرەبەری حەوتووی کرێکاردا قسەی دەکردسەبارەت بە بەڕێوەبردنی گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی یارانەکان هۆشداریی دا. ناوبراو بە هەواڵنێر گوت: گومانیشتان لەوە نەبێ کە ساڵانە ٥٠٠ ناوەندی گەورە و نێوەنجی لە ئێران قەیران دەخولقێنن. مەحجوب وێڕای رخنە لە دابەزینی رێژەی کرێکارانی ساختمان گوتی کە لە سەتا چلی ئەم کرێکارانە نێوخۆیی و باقیەکەی لە دەرەوە هاتوون.

ناوبراو هەروەها لە سەر چاکسازی لە یاسای کاردا کە ماوەیەکە وەزیری کار رایگەیاندوە کە گەڵاڵە پێشنیارەکەی دەراوەتە مەجلیس گوتی تا ئێستا من شتێکم لەم بارەوە نەدیوە وهیچ شتێك بۆئێمە نەنێردراوە.

لە لایەکی دیکە چالاکێکی کرێکاری خەڵکی ئیلام رایگەیاندووە کەلە دوو ساڵی رابردوودا زیاتر لە هەزار کرێکار لە ئیلام کارەکەیان لە دەست داوە و زیاتر لە ٢٠ ناوەندی پیشەیش لەم پارێزگایەدا داخراون.

عەلی غیاس لە دەریژەی قسەکانیدا ئاماژەی بە هەڵسوکەوتی ناشیاوی خاونکار لەگەڵ کرێکاران کرد وگوتی لە ئیلام هیچ شێوە ئەمنییەتێکی کاری نیە و خاوەن کار هەر کاتێك بێهەوێ کرێکار دەردەکا.

ناوبراو بە ئاماژە بە کەمی حەقدەستەکان و هەروەها زوڵمی شیرکەتە پەیمانکارییەکان لە کرێکارەکان گوتی : کرێکاریك بە بروانامەی لیسانسەوە مانگانە ٣٢٠ هەزارتمەن حەقدەست وەردەگرێ وئەو کرێکارەش ئەگەر نارەزایەتی دەربڕێ خاوەن کار بە ئاسانی دەری دەکا.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئێران دوو میلیۆن منداڵی جێماو لە خوێندنی تێدایە

ئەنـدامێکی دەسـتەی بەڕێـوەبەریی ئەنجـومەنی پشتیوانی لە مافەکانی منداڵان گوتی: بەپێی دوایـین زانیارییەکـان ئێـران دوو میلیـون منـداڵ بەجێمـاو لە خوێندنی تێدایەو ڕێژەی تەلاقیش ١٣% زیادی کردوە.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی "آفتاب" لەیلا ئەرشـەد بە ئامـاژە بە قسـەکانی ئەحـمەدینـژاد لەسـەر هانـدانی بنەماڵەکـان بـۆ زیـادکردنی منـداڵ لە ئێرانـدا گـوتی زیادکردنی منداڵ لە ئێراندا کارێکی دروست نیەو دەبێ بە زیادکردنی منداڵ بەڕێوەبەری و سیاسەتێکی وردو دروست دابڕێژرێ.

ناوبراو بە ئاماژە بە هێڵی هەژاری لە ئێراندا گوتی سیاسەتی زیادکردنی منداڵ دەبێتە هـۆی پەرەسـەندنی هەژاری.

لەیلا ئەرشەد بە ئاماژە بە زیادکردنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی تونـدوتیژی لە بنەماڵەکـان و کوشـتن لە بنەماڵەکانـدا گـوتی ئایـا باشـتر نـیە کە بەر لە خستەڕووی ئەم ڕوانگانە لەسەر زیادکردنی منداڵ لە ئێراندا یارمەتیی ئەو منداڵە هەژارانە بدەین هەتا نەوەی ئێستا بە سلامەت و لە خۆشیدا پەروەردە بکرێ؟

# نرخی بێکاری لەساڵی ١٣٨٩ ١٣% دەچێتە سەرێ

بەشی زانیارییەکانی ئێکۆنۆمیست ڕایگەیاندوە کە لە ساڵی ٨٩ ی هەتاوی دا نرخی بیکاری لە ئێراندا ١٣.٢% دەچتە سەرێ.

بەشـی زانیـاریی ئـابووریی ئێکۆنۆمیسـت لـە ڕاپـۆرتی مـانگی خاکەلێوەی خۆی دا هێزی کاری ئێرانی لە ساڵی ٨٨ ی هەتاوی دا بە ٢٥ میلیۆن کەس و نرخی بێکاریی لە ئێرانی بە نیزیک ١٢.٩% ڕاگەیاندبوو و هاوکات لە گەڵ ئەوەش پێشبینیی ئەوەی کردبوو کە هێزی کاری ئێران لە ساڵی ٨٩ ی هەتاوی دا بە ٢٥ میلیۆن و ٧٠٠ هەزار کەس بگا.

هەر لەو ڕاپۆرتەدا پێشبینی ئەوە کراوە کە هێزی کاری ئێران لـة ٣ ساڵی داهاتوو بە ٢٧ میلیۆن و ٧٠٠ هەزار نەفەر و بەو پێیەش نرخی بێکاری بە ١٥.٥% بگا.

شایانی باسە کە نرخی بێکاری لە ئێران لە هەموو شوێنەکان وەک یەک نیە و کارناسانی ئابووری پێیان وایە نرخی بێکاری ئەگەر لە پارێزگای تاران و زۆربەی پارێزگاکانی ئێران نیزیک بە ٢٥% ڕاگەیەندراوە، بەڵام لە کوردستان نرخی بێکاری سەرووی ٣٠% و تەنانەت لە وەرزەکانی پاییز و زستاندا بە ٤٠% دەگا.

شایانی باسە کە بەشی هەرە زۆری هێزی کار لە کوردستان لە کرێکارانی ڕۆژانە و وەرزی و کۆڵبەرانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان پێک دێن کە کەمترین مافی کرێکاری و سینفیی خۆیان بۆ لەبەر چاو نەگیراوە.

# بوونی یەک میلیۆن و نیو منداڵی کار لە ئێراندا

ئەنجومەنی داکۆکی لە مافی منداڵان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی کرێکارەوە داوای لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی ئێران کردوە کە سەبارەت بە چالاکییەکانی خۆی بۆ پێشگرتن لە کارپێکردن بە منداڵان لە ئێران ڕاپۆرتێک پێشکەش بکا و بیروڕای گشتیی لێ ڕوون بکاتەوە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕادیۆ فەردا و ئەو ئامارانەی کە لە بەردەستدان ، نیزیکەی ١ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار منداڵی کار لە ئێراندا بوونی هەیە و زیاتر لە ٣ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار منداڵیش لە تەمەنی ٧ ساڵی بەرەو سەر، لە خوێندن بێبەشن و لە مەترسیی ئەوەدان کە وەبەر کاری قورس بنرێن.

ئەنجومەنی داکۆکی لە مافی منداڵان وێڕای دەربڕینی نیگەرانیی خۆی لە نەبوونی شەفافییەت لە ئامارەکانی پەیوەندیدار بە منداڵان نووسیویەتی کە بە پێی ئامارەکان ، باشبوونێکی ئەوتۆ لە پێشگرتن لە کارکردنی منداڵان لە ئێران وەبەرچاو ناکەوێ.

ئەنجومەنی ناوبراو خوازیاری ئەوە بووە کە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی پێش لە کار کردن بە منداڵان بگرێ.

# ئێران زۆرترین ماددەی هۆشبەر لە دنیادا بەکار دێنێ

بەرپرسانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی دانیان بەوە داناوە کە ئێران زۆرترین ماددەی هۆشبەر لە دنیادا بەکار دێنێ.

سەرۆکی ئیدارەی فێرکردنی هێزە ئینتزامییەکانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات گوتویەتی کە ئێران بە پێی حەشیمەتەکەی و ئەو برە ماددە زۆرە هۆشبەرەی تێیدا بە کار دەهێندرێ، لە دنیا دا لە ڕووی بەکارهێنانی مەوادی موخەدیرەوە لە پلەی یەکەم دایە.

سەرگورد محەممەد شیری، سەرۆکی ئیدارەی فێرکردنی هێزە ئینتزامییەکانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات لە کۆبوونەوەی کردنەوەی پیشانگای وێنەی هەژاری و جیاوازیدانان لە شاری تەورێز ئاشکرای کردوە کە لە سەر ڕێ بوونی ئێران بۆ ترانزیتی مادەی هۆشبەر بۆ دنیای دەرەوە، کۆمەڵگای لاوی ئێرانی لە گەڵ قەیران بەرەوڕوو کردۆتەوە.

ناوبراو ئەوەشی ئاشکرا کردوە کە مافیاکانی قاچاغی مەوادی موخەددیر بەردەوام پێشنیاریان بە کۆماری ئیسلامی کردوە کە لە بەرامبەر وەرگرتنی پووڵێکی زۆر و زەوەند دا ڕێگە بدا مەوادی موخەدیر ئاسانتر لە ئێستا بۆ وڵاتانی دیکە ترانزیت بکرێ.

شایانی باسە لە حاڵێک دا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئیدیعای بەربەرەکانی لەگەڵ تۆڕەکانی قاچاغی مەوادی موخەدیر دەکەن کە دەبینین کە تەمەنی تووشبووان بە ماددە هۆشبەرەکان لە ئێراندا بۆ خوار ١٤ ساڵ دابەزیوە و زیاتر لە ٦ میلیۆن کەسیش گیرۆدەی ئەو بەڵاماڵوێرانکەرە بوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بازرگانیی سێکسی بە کچان و لاوانی ئێرانی پەرەی سەندوە

بە پێ ڕاپۆرتێک کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سالانە لە سەر قاچاخی مروڤ بڵاوی دەکاتەوە، ئێران بە هۆی نەبوونی پرەنسیپە یاساییەکان و نەبوونی کەمترین هەوڵ بۆ پێشگیری لە کۆیلایەتیی مۆدێرن، زۆرترین ڕەخنەی لێ گیراوە.

لەو ڕاپۆرتەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دا کە رادیۆ فەردا بڵاوی کردۆتەوە، هاتوە کە ئێران هەم سەرچاوەو هەم شوێنی هێنان وبردن وهەم شوێنی مانەوەی ئەو ژن وپیاو و منداڵانەیە کە بە شێوەی نایاسایی و لە ڕێگەی قاچاخاوە بازرگانیی پۆرنۆیان پێ دەکرێ و بەتایبەت شوێنی بازرگانیکردن بەو کەسانەیە کە بۆ لەشفرۆشی و کاری زورە ملی هاتوچۆیان پێ دەکرێ .

لەو ڕاپۆرتەدا هاتوە کە ژنانی ئێرانی بە ئامانجی شووکردنی زۆرەملی و تەنانەت لەشفرۆشی زۆرە ملی بەکار دەهێندرێن و لە منداڵانی ئێرانی و ئەفغانیش بۆ ئامانجی بازرگانی وهێندێک جار لەشفرۆشی کەڵک وەردەگیرێ.

لە درێژەی ئەم ڕاپۆرتەدا باس لەوە کراوە کە ، پیاوان و کوڕانی ئێرانی و ئەفغانی لە ناوەندەکانی لەشفرۆشی باشووری ئێران لەشفرۆشیان پێ دەکرێ و کچان و ژنانی تازە پێگەیشتووی ئێرانیش بۆ وڵاتانی پاکستان و عێراق ودوبەیی وهەروەها فەرانسە وئاڵمان و بریتانیا ، بۆ مەبەستی لەشفرۆشی وبازرگانی هاتوچۆیان پێ دەکرێ.

ئەم ڕاپۆرتە بە درێژی باس لە هێڵی ترانزیتی ئێران بۆ گواستنەوەی ژنان و کچانی وڵاتانی جۆراوجۆر بۆ کاری بازرگانی لەشفرۆشی بەرەو وڵاتانی عەرەبی کردوە.

ئەم ڕاپۆرتە زۆرترین ڕەخنەی بەرەورووی ئێران کردۆتەوە کە تا ئێستا هیچ رێوشوێنێکی گونجاوی بۆ پێشگیری لە قاچاخ و بازرگانی کردن بە ئینسان نەگرتوتە پێش، تەنانەت ئێران هیچ زانیاری و راپۆرتێکی لەسەر ئەرکەکانی لەو پێوەندیەدا بە دامەزراوەو بونیادە نێودەولەتیەکانی پێشگیری لە بازرگانی بە ئینسان نەداوەتەوە.

لەم راپۆرتەدا ئاماژە بەوە کراوە کە خودی دەزگای قەزایی ئێران لە سەر قاچاخی ئینسان کێشە خولقێنە. دەزگای قەزایی ئێران لەباتی سزادانیی ئەو کەسانەی بازرگانی بە مرۆڤ دەکەن، خودی قوربانییەکەی سزا داوە.

# ئێعدامەکان لە سەردەمی ئەحمەدی نژاد دا چوار بەرابەر زیادی کردوە

لە سەردەمی سەرکۆماریی ئەحمەدی نژاد دا ژمارەی ئێعدامکراوان لە ئێراندا ٤ بەرابەری زیادی کردوە.

بە پێی زانیارییەکانی دەزگای هەواڵگریی ئاڵمان ژمارەی ئێعدامکراوان لە ئێران لە ساڵی ٢٠٠٩ ی زایینی لە چاو ساڵی ٢٠٠٨ لە نێوان ١٠ تا ١٦% زیادی کردوە.

ئیدارەی چاپەمەنیی مەجلیسی فێدراڵی ئاڵمان لە راگەیەندراوێک دا کە رۆژی پێنجشەممە، ٦ ی جۆزەردان لە میدیاکانی ئەو وڵاتەدا بڵاو بۆوە، ئاشکرای کردوە کە دەوڵەتی ئاڵمان لە وەڵامی حیزبی چەپی ئەو وڵاتەدا درکاندوویەتی کە دەزگای هەواڵگریی ئەو وڵاتە لە ساڵی ٢٠٠٩ ی زایینی دا ناونیشانی ٢٧٠ کەسی زانیوە کە لەو ساڵەدا سێدارە دراون.

ئیدارەی چاپەمەنیی مەجلیسی فێدراڵی ئاڵمان بە ئاماژە بەوەی کە ئاماری دەقیق و روونی لە سێدارەدراوانی ئێران بۆ کەس روون نیە، ئەوەشی گوتوە کە ناوەندەکانی مافی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠٠٩ ی زایینی دا لە ئێراندا ئاماری ٢٧٠ تا ٣٨٨ کەسیان تۆمار کردوە کە لەو ساڵەدا لە سێدارە دراون.

لە راگەیەندراوی ئیدارەی چاپەمەنیی مەجلیسی فێدراڵی ئاڵمان ئەوەش هاتوە کە لە سەردەمی دەسپێکی سەرۆک کۆماری ئەحمەدی نژاد را تا ئێستا ئاماری ئێعدامەکان لە ئێران ٤ هێندەی جاران بووە.

***

# ١٠ میلیۆن کەس لە ئێراندا لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین

سەرۆکی ناوەندی ئاماری ئێران دەڵێ ئاشکرای کردوە کە زیاتر لە ١٠ میلیۆن کەس لە حەشیمەتی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریی موتڵەق و زیاتر لە ٣٠ میلیۆن کەسیش لە ژێر هێڵی هەژاریی رێژەیی دا دەژین.

سەرۆکی ناوەندی ئاماری ئێران ، عادڵ ئازەر بە هەواڵدەریی ئیسنای راگەیاندوە کە سیستەمی بەرنامەڕێژیی بودجەی ئێران لەگەڵ سیستەمی بودجەی زانستیی باو لە جیهاندا یەک ناگرنەوە.

ئەو مامۆستایەی زانکۆی "تەربییەت مەدەریس"ی تاران خەرجکردنی داهاتی نەوتی لە تێچووەکانی رۆژی وڵاتی وەکوو "کارەساتێکی گەورە و قەرەبوونەکراو" لە قەڵەم دا و گوتی : داهاتی نەوت لە ئێران بە شێوەی نازانستیيانە خەرج دەکرێ.

بە وتەی ناوبراو ٧٨ % ی بەرهەمهێنانی ناخالسی نێوخۆیی ، بەرهەمی فرۆشتنی سەرچاوە نێوخۆییەکان بە تایبەت نەوتە و تەنیا ٢٢ % ی پەیوەندی بە سەرچاوەکانی تایبەت بە زانست هەیە.

لە لایەکی دیکەشەوە عیسا کەماڵی، سەرۆکی ماڵی کرێکاری بووشێهر لە وتووێژێکدا لەگەڵ هەواڵدەریی "ئیلنا" راگەیاندوە کە نیزیکەی ٥٢ هەزار کەس لە کرێکارانی ناوچەی پێشەیی گاز و پاڵاوتنی "عەسەلوویە" لە باشووری ئێران لە ٤ ساڵی رابردوو دا بێکار کراون.

بە وتەی ناوبراو لە ٦٠ هەزار کرێکارێک کە لەو ناوچەیە دا کاریان کردوە ، تەنیا ٨ هەزار کەسیان ئێستا خەریکی کارن و ئەو ناوچە ئابوورییە لەگەڵ قەیرانی بێکاری و داخرانی یەکەکیان بەرۆروو بۆتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بێکاری لە کرماشان لە هەموو جێیەکی ئێران زیاترە



پارێزگاری کرماشان دەڵێ بێکاری لە هیچ کوێی ئێران بە قەت کرماشان نیە.

سەید دادوش هاشمی، پارێزگاری کرماشان لە کۆبوونەوەی تاوتوێکردنی کێشەکانی پارێزگای کرماشان دا رایگەیاند کە پارێزگای کرماشان ماوەی ٨ ساڵ گۆڕەپانی شەڕی ئێران و عێراق بووە و ئەوەی ئێستا بۆ ئەو پارێزگایە دەکرێ شایانی ئەو خەڵکە نیە، چونکی کرماشان لەو ٨ ساڵەدا هیچ کە هەنگاوێک گەشەی نەکرد و ژێر ساختە ئابوورییەکانیشی تێك رووخا، سەرمایەی مرۆیی زۆریشی لەو پێناوەدا لە دەست دا.

ناوبراو دەڵێ پێڕاگەیشتنی باشتر بەو پارێزگایە دەبێ لەوە دەست پێ بکا کە روانینەکان بۆ ئەو پارێزگا سنوورییە ئاڵوگۆڕی بە سەر دابێ و هەر ئەو سنووری بوونەی وەک ئیمتیازێک بۆ لەبەر چاو بگیردرێ.

شایانی باسە ناوبراو لە حاڵێک دا باس لە بێکاریی زۆر لە پارێزگای کرماشان دەکا کە ئەو پارێزگایە لە چاو پارێزگاکانی دیکەی کوردستان بە هۆی کۆمەڵە فاکتەرێک گەشەی ئابووریی و پێڕاگەیشتنێکی نسبیی بووە.

# 99% ی تووشبوون بە ئیدز لە ئێران لە رێگای پێوەندییە جینسییەکانەوەیە







یەکێک لە بەرپرسانی وەزارەتی بێهداشتی ئێران ئاشکرای کرد کە پێوەندیی جینسیی ناشەرعی هۆکاری سەرەکیی تووشبوونی 99% ی ئەو کەسانەن کە نەخۆشیی ئەیدزیان گرتوە.

مینو موحریز، بەرپرسی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی ئیدز لە وەزارەتی بێهداشتی ئێران رۆژی دووشەممە، 17 ی جۆزەردان بۆ فارس نیوزی ئاشکرا کردوە کە "کە ئەگەر نەڵێم سەداسەد، بەڵام 99% ی ئەو کەسانەی بەوزووانە تووشی نەخۆشیی ئیدز هاتوون، بە هۆی پێوەندیی جینسیی و نەپاراستنی رێوشوێنەکانی پارێزگاری کردن لە خۆیان ئەو نەخۆشییەیان گرتوە.

مینو موحریز رەوشی پەرەسەندن و راگوێزرانی نەخۆشیی ئیدز لە ئێرانی زۆر بە پڕ مەترسی باس کردوە و ئاماژەی بەوە کرد کە بە هۆی لاو بوونی حەشیمەتی ئێران پێویستە فێرکردن و روونکردنەوەی زیاتر لە پێوەندی لە گەڵ تێکەڵاوییە جینسییەکان بە لاوان بدرێ.

بەرپرسی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی ئیدز لە وەزارەتی بێهداشتی ئێران دەڵێ کە گواستنەوەی ویروسی نەخۆشیی ئیدز لە رێگەی سۆرەنگی هاوبەش لە نێو خێڵی موعتادەکانی ئێران دا بە پلەی دووهەم دێ، ئەوش لە حاڵێک دایە کە دوو مانگ لەوە پێش وەزارەتی بێهداشت و دەرمانی ئێران بە بڵاوکردنەوەی ئامارێک وای پیشان دابوو کە گواستنەوەی نەخۆشیی ئیدز لە رێگەی سۆرەنگی هاوبەشەوە هۆکاری سەرەکیی بڵاو بوونەوەی ئەو نەخۆشییە لە کۆمەڵگای ئێرانە و پێوەندییە جینسییەکان لە پلەی دووهەمی ئەو هۆکارانەن، بەڵام مینو موحریز، بەرپرسی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی ئیدز لە وەزارەتی بێهداشتی ئێران ئێستا رێک پێچەوانەی ئەوە روونکردنەوەی داوە.

بە پێی ئامارە رەسمییەکانی کۆماری ئیسلامی تا خاکەلێوەی ئەوساڵ نیزیک بە 21 هەزار کەسی توشبوو بە نەخۆشیی ئیدز لە ئێران دا شناسایی کراون، بەڵام لێکۆڵەرە کۆمەڵایەتییەکان پێیان وایە رێژەی توشبووان بەو نەخۆشییە لە ئێران دا زۆر لەوە زیاتر کە راگەیەندراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕێبەرانی ئایینیی ئێران سەر رووتیی ژنان بە هۆکاری بوومەلەرزە دەزانن






ڕێبەرانی ئایینیی ئێران پێیان وایە کە دوورکەوتنەوە لە ڕێوشوێنە ئایینییەکان و ئەوەی کە بە بەدحیجابی ناسراوە، دەبنە هۆی ڕوودانی بوومەلەرزە و بەڵا سرووشتییەکان.

ئایەتووڵڵا جەننەتی، پێشنوێژی کاتیی نوێژی هەینیی تاران ڕوودانی بوومەلەرزەی لە شاری تاران بە دوور نەزانی، بەڵام گوتی کە دەکرێ بە خێر و خێرات و نزا و پارانەوە بەر بە ڕوودانی وەها کارەساتێک بگیردرێ.

پێشنوێژی نوێژی هەینیی تاران لە خوتبەکانی نوێژی هەینیی ئەو شارەدا داوای لە خەڵک کردوە کە بە شەو و بە ڕۆژ سەدەقە بدەن و خێر و خێرات بکەن، تا لە مەترسییەکانی بوومەلەرزە دوور بکەونەوە.

پێشتریش ئایەتووڵا سدیقی، پێشنوێژی حەوتووی پێشووی نوێژی هەینیی تاران ڕایگەیاندبوو کە کردەوەی ناحەزی زیناحە کە دەبێتە هۆی ڕوودانی بوومەلەرزە.

لە هەڵوێستێکی دیکە دا ئایەتوڵڵا ئەحمەد خاتەمی، ئەندامی سەرۆکایەتیی مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری بەرپرسانی ئینتزامیی ڕێژیمی وریا کردبۆوە کە بە بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژتر لە ئێستا بەر بە ڕەفتارە نائایینییەکان بگرن تا بەڵا و موسیبەتی سروشتی لە سەر خەڵک کەم ببنەوە.

شایانی باسە کە ڕێبەرانی ئایینیی کۆماری ئیسلامی کە هەر کام بە جیا باس لە هۆکارەکانی ئەگەری بوومەلەرزە لە ئێران دەکەن و لەبەرچاو نەگرتنی حیجابی ئیسلامی بە هۆکاری ئەوە دێننەوە، باسی ئەوە ناکەن کە هۆکاری بەڵاکانی دیکەی خەڵکی ئێران چین کە گرانی، بێکاری، خۆکوژی، تەڵاق و ئێعتیاد ژیانی لە خەڵکی تاڵ کردوە؟

---

# پەروەردە کردنی ٥٠ هەزار بەسیجیی ژن بۆ پەرەپێدانی کلتوری حیجاب و عیففەتی ئیسلامی



دەزگای بەسیجی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ٨٨ ی هەتاوی دا ٥٠هەزار بەسیجیی ژنی بۆ پەرەپێدانی کلتووری حیجابی ئیسلامی پەروەردە کردوە و ناردوویەتیە سەر شەقامەکان.

مینوو ئەسلانی، بەرپرسی لقی ژنانی ڕێکخراوی بەسیج وێڕای ڕاگەیاندنی ئەو هەواڵە باسی ئەوەی کردوە کە هەوڵەکان لەو پێناوەدا ئێستاش درێژەی هەیە و دەرچوانی ئەو خولانە بڕوانامەی مامۆستایانی پەروەردەیان پێ دەدرێ و ئەوان بە کردنەوەی کارگە و کۆبوونەوە و سمینار و بانگهێشتکردنی لاوان بۆ ئەو کۆڕ و کۆمەڵانە کلتووری حیجاب و عیففەتی ئیسلامی لە کۆمەڵگادا برەو پێ دەدەن.

ناوبراو لە وەڵامی پرسیارێکی هەواڵنێری "ئیلنا" لەمەڕ سەڵاحەتی ئەوان بۆ پێشگرتن بە کچان و ژنان لە سەر شەقام و شوێنە گشتییەکان بە بیانووی ئەمر بە چاکە کردن و نەهی لە خراپە گوتی کە ئەو پێرسێنۆلەی ژنانی بەسیجی تەنیا لە کارگە و کلاسەکان دا لە سەر پەروەردەی ژنان کار دەکەن، بەڵام بە پێی لێدوانی بەرپرسانی هێزە ئینتزامییەکان ئەو کەسانە لە ژێر ناوی تەرحی ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی دا نەک هەر بۆیان هەیە بەڵکوو ئەرکی سەرشانیانە کە لە سەر شەقام و شوێنە گشتییەکان بەرەنگاری ژنانی بە ناو بەدحیجاب ببنەوە.

شایانی باسە کە لە جێبەجێ کردنی تەرحی ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی دا هەڵسوکەوتی گەشتەکانی ئیرشاد کێشە و گرفتی زۆری بۆ خەڵکی نایەوە و دوای وەرێخرانی نارەزایەتیی زۆر وا بڕیارە کە ئەمساڵ گەشتەکانی ئیرشاد جموجۆڵەکانی خۆیان بوەستێنن.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مەحکووم کردنی هەڵسووکەوتە ئەمنییەتییەکانی کاربەدەستانی ڕێژیم لە لایەن ئەنجومەنی ڕۆژنامەنووسانی ژنی ئێرانەوە



ئەنجومەنی ڕۆژنامەنووسانی ژنی ئێران بە دەرکردنی بەیاننامەیەک لە ژێر ناوی "پێویستیی پاراستنی ناوەندە مەدەنییەکان و بەردەوام بوونیان"، هەڵسووکەوتە ئەمنیەتییەکانی دەسەڵاتدرانی کۆماری ئیسلامییان لە ئێراندا مەحکووم کردوە و بڕیاری ئەم دواییانەی کۆمیسیۆنی مادده ١٠ی حیزبەکان لە پەیوەندی لەگەڵ قەدەغەکردنی دوو ڕێکخراوی ریفۆرمخوازی "موجاهیدینی خەڵق" و "بەرەی موشاریکەت"ی بە نایاسایی لە قەڵەم داوە.

بە گوێرەی هەواڵیکی ماڵپەڕی "جەرەس"، ئەو ڕێکخراوە مەدەنییە سەربەخۆیە لە بەیاننامەکەیدا وێڕای ئاماژەکردن بەوە کە نیهاد و بنیاتی مەدەنی لە دنیای ئەمڕۆکەدا گرینگترین پێگەی بۆ گواستنەوەی چاوەدێریی کۆمەڵایەتی لەسەر هەڵسووکەوتەکانی دەوڵەتە و حیزبە سیاسییەکانیش وەکوو بەشێک لەو نیهادە مەدەنییە، ئەرکی درێژەدان بە چاوەدێریی کۆمەڵایەتییان لەسەر شانە، هەر جۆرە فشارهێنان و خەسارلێدانێک لەوان، بوار بۆ نەبوونی هاوئاهەنگیی کۆمەڵایەتیی خۆش دەکا.

ئەنجومەنی ڕۆژنامەنووسانی ژنی ئێران بڕیاری ئەم دواییانەی کۆمیسیۆنی مادده ١٠ی کە چالاکیی دوو حیزبی ریفۆرمخوازی وڵاتی قەدەغە کردبوو، مەحکووم کردوە و ڕایگەیاندوە کە ئەو بڕیارە وانیشان دەدا کە ڕەوتی دەسەڵاتبەدەستی ئێران، یاسای وڵات ناناسێ و هەوڵی گۆڕینی ئەو یاسایانە دەدا.

ئەنجومەنی ناوبراو وێڕای ڕەخنەگرتن لە ڕەوتی سڕینەوەی ڕەوتە سیاسییەکانی نێو ئێران، داوای کردوە کە کۆمیسیۆنی مادده ١٠ چاو بەو بڕیارەیدا بخشێنێتەوە.

پێویستە بگوترێ کە ئەنجومەنی ڕۆژنامەنووسانی ژنی ئێران پێکهاتوو لە ژنانی چالاک لە بواری ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیەنەکانە و چەند کەسایەتی وەکوو جەمیلە کەدیوەر، زارا نژاد بەهرام، و فرشتە ڕەفیعی، بەشێک لە ئەندامانی شووڕای ناوەندیی ئەو ئەنجومەنەن.

# بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی ئیدز لە گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامی دا




بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی ئەیدز لە گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامی نیگەرانیی زۆری ناوەتەوە.

بەڕێوەبەریی گشتیی بێهداشت و دەرمانی ڕێکخراوی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ئاسکرای کردوە کە لە یەک ساڵی رابردوودا نەخۆشیی ئەیدز لە گرتووخانەکانی ئێران دا ٧٠١%زیادی کردوە.

دوکتور مەرزییە فەرنیا دەڵێ کە نیوەی بەندییەکانی ئێران موعتاد بە ماددەی هۆشبەرن و بەشیکیسیان هەڵگری ئەو نەخۆشییەن.

ناوبراو هۆکاری پەرەسەندنی نەخۆشیی ئیدز لە گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامیی بۆ داخراو بوونی موحیتی زیندانەکان و لەباربوونی کەش بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییانە گەڕاندەوە کە بەندییەکان دەتوانن لە یەکتری بگرنەوە.


شایانی باسە کە بە پێی ئامارە ڕەسمییەکانیش ماددەی هۆشبەر زۆر بە ئاسانی و بە لێشاو لە گرتووخانەکان دا دەست دەکەون و بە کارهێنانی سۆرەنگی هاوبەش لە نێو زیندانییەکان دا هۆکاری سەرەکیی پەرەسەندنی نەخۆشیی ئەیدز لە گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامی دایە.

# خۆکوژیی ژنێکی لاو لە ناوچەی پیرانشار

ژنێکی لاوی ناوچەی پیرانشار ئاگری لە جەستەی بەردا و خۆی کوشت.

ڕۆژی چوارشەممە، ١ی بانەمەڕ ژنێکی لاوی خەڵکی ئاوایی گرتکسپیانی ناوچەی لاجانی پیرانشار بە ناوی کاڵێ ساڵحیان کە دایکی منداڵێکی ساواش بوو، بە هۆی کێشەی خێزانییەوە ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە.

دوای ئەو ڕووداوە کاڵێ ساڵحیان دەگەیەندرێتە نەخۆشخانە، بەڵام دوای دوو ڕۆژ بەربەرەکانی لە گەڵ مەرگ بەیانیی ڕۆژی هەینی لە بەر سەختیی برینەکەی لە نەخۆشخانە گیانی لە دەست دەدا.



شایانی باسە کە خۆکوژی لە کوردستانی ئێران بە تایبەت خۆکوژیی ژنان لە ڕێی خۆسووتاندنەوە یەکێک لەو دیاردە دڵتەزێنانەیە کە ساڵانە قوربانییەکی زۆر لە کوردستان هەیە بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە تا ئێستا هیچ لایەنێک و دەزگایەکی حکوومەتی مشوور و خەمی لەو دیاردەیە نەخواردوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خەڵاتی "ئازادی رادەربڕین" لە لایەن هەواڵنێرانی بێسنوورەوە درایە ژیلا بەنی یەعقووب



ژیلا بەنی یەعقووب رۆژنامەنووس، وێبلاگنووس و چالاکی مافی ژنان خەڵاتی ئازایەیی ئازادی رادەربڕینی رێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنووری پێ درا. رێورەسمی بەخشرانی ئەم خەڵاتە بە وێبلاگی "ئێمە رۆژنامەنووسین"، کە وێبلاگی ژیلا بەنی یەعقووبە لە مانگی ژوئەنی ئەمساڵ لە شاری بۆن لە وڵاتی ئاڵمان دا بەرێوە دەچێ.

رێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور لە راگەیاندراوێکدا بە بۆنەی بەخشینی ئەم خەڵاتە رایگەیاندوە کە ژیلا بەنی یەعقووب لە ریزی هەرە پێشەوەی تێکۆشان بۆئازادی رادەربڕین لە وڵاتەکەی دا خەبات دەکا و ئەو و بنەماڵەکەی هەتا ئێستا تێچوویەکی قورسیان بۆ ئەو مەبەستە داوە.

لە پاش راگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێراندا کە ناڕەزایەتیی بەربڵاوی خەڵکی لێ-کەوتەوە، ژیلا بەنی یەعقووب و هاوسەرەکەی بەهمەن ئەموویی لە لایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەسبەسەر کران.

بەپێی دوایین ئاماری کومیتەی پشتیوانی لە رۆژنامەنووسان تا کۆتایی حەوتووی دەیەمی مانگی خاکەلێوە لانیکەم ٣٥ رۆژنامەنووس لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوونە و ١٨ رۆژنامەنووسی دیکە بە مەرەخەسی نەورۆزی هاتبوونە دەرێ و بەرەبەرە گەڕاونەتەوە بۆ زیندان.

پێشتر ئەم کومیتەیە بە راگەیاندنی ئەوەی کە یەک سێی رۆژنامەنووسانی زیندانیی جیهان لە ئێران دان، ئەم وڵاتەی بە گەورەترین زیندانی رۆژنامەنووسان لە جیهاندا ناوبردبوو.

ژیلا بەنی یەعقووب پاش راگەیاندنی ناوی وەک براوەی خەڵاتی ئازادی رادەربڕین یادی لە رۆژنامەنووسانی ئێرانی کرد کە ئێستا لە بەندیخانە دان و گوتی ئەوان زیاتر لە ئەو شایانی ئەو خەڵاتەن.

پێویستە بگوترێ ژیلا بەنی یەعقوب لە رۆژی ٣٠ی جۆزەردانی ١٣٨٨ لە کاتی نارەزایەتییەکان لە دژی ئاکامی هەڵبژاردنی سەرکۆماری دا دەستگیر کراو پاش دوو مانگ زیندان بە قەراری وەسیقە ئازاد کرا، بەڵام ئەمساڵ بە پێی حوکمی دادگای شۆڕشی ئیسلامی بە ساڵێک زیندان و ٣٠ ساڵ رێگە پێ نەدان بە کاری رۆژنامەنووسی مەحکوم کراوە.

---

# خەڵاتی مافی مرۆڤی ئوتریش بە شیرینی عیبادی درا



شیرین عیبادی، مافناس و چالاکانی مافی مرۆڤی ئێران دوێنێ سێشەممە، خەڵاتی مافی مرۆڤی " فلیکس ئارماکورا " ی ئوتریشی وەرگرت.

شیرین عیبادی لە رێورەسمی وەرگرتنی خەڵاتەکەی دا لە پارلمانی ئوتریش

و لە لایەن وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەوە پێشوازی لێ کرا.

ئیشپیندێل ئاگر، وەزیری دەرەوەی ئوتریش لە دیداری تایبەتیی خۆی دا لە گەڵ شیرین عیبادی و لە کونفرانسێکی رۆژنامەنووسی دا رایگەیاند کە کێشەی ئەتومیی ئێران نابێ وا بکا بابەتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران پشتگوێ بخرێ. ناوبراو باسی لە قەڵاپرن کردنی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لە زیندانیانی سیاسی، سەرکوتی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینیەکان لە ئێران دا کرد و گوتی کە پێشێلکردنی مافی کوردەکان و بەهاییەکان لە ئێران دا شتێک نیە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەیبینێ و لێی تێپەڕ ببێ. ئیشپیندێل ئاگر، وەزیری دەرەوەی ئوتریش لە کۆتایی قسەکانی دا رایگەیاند کە ئازادیی هەڵبژاردنی دین، ئازدیی رادەربڕین و مافی ژنان، منداڵان و مافە نەتەوایەتییەکان لە ریزی پڕەندیپ و مافە گشتگیرە جیهانییەکانن و کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پێی دەروەستییەکانی بە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەبێ لە بەرچاویان بگرێ و ئەو مافانە بۆ هەموو خەڵکی ئێران وەک یەک دابین بکا.

شایانی باسە کە خەڵاتی مافی مرۆڤی " فلیکس ئارماکورا " لە ساڵی ٢٠٠٥ ی زایینییەوە بە ئیبتکاری حیزبی گەلی ئوتریشەوە بنیات نراوە. ئەو خەڵاتە لە ساڵ دا بەو کەسانە دەدرێ کە لە پێناو پەرەپێدانی پڕەنسیپەکانی مافی مرۆڤ لە دنیا دا تێ دەکۆشن و قوربانیی بۆ دەدەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org





# هەواڵ و چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان









## دیدار لەگەڵ یەکیەتیی ژنانی کوردستان لقی کۆیە



ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٣٠ی جۆزەردانی ١٣٨٩ هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەسەرپەرستی سوهەیلا قادری سکرتێر و خەجیج پوورمەند و فەریبا وەیسی ئەندامانی بەڕێوەبەریی و مامۆستا گەلاوێژ حەسەن زادە کادری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەمەبەستی پیرۆزبایی لە کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی نیشتمانی و سەرکەوتنی بەرچاوی ژنان بۆ پۆستە بەرزەکان سەردانی یەکیەتیی ژنانی کوردستان لقی کۆیەیان کرد و لەلایەن بەڕێزان چیمەن خان بەرپرسی لق و کوردستان خان کارگێری لقەوە بەگەرمی پێشوازیان لێ کرا. لە دانیشتنێکی دۆستانە دا کە یەک کاتژمێری خایاند باس و ڕاوێژ لەسەر زۆر پرسی ژنان و سەرکەوتنە بەرچاوەکانی ژنان لە ئاستی دەسەڵات دا لە یەکیەتیی نیشتمانی کرا و ڕێز لەم سەرکەوتنە گیرا.

### سەیرانێک بۆکوڕوکچانی وەرزشی

ڕۆژی ٥شەممە ٢٧ی جۆزەردان ١٣٨٩ی هەتاوی بەشی وەرزشی کۆمیسیۆنی فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سەیرانێکی وەرزشیان بۆ تیمەکانی وەرزشی کچان و کوران پێک هێنا کە بەسەرپەرستی یونس فەرهەنگ نیا ڕاهێنەری وەرزشی بەڕێوەچوو.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دانیشتنی نێوان دەزگای خێرخوازی بارزانی و یەکیەتیی ژنانی دێموکڕات

رۆژی ٢٠١٠/٦/١٠ هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سەردانی دەزگای خێرخوازیی بارزانیان لە شاری هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان کرد و لەلایەن بەرێز مووسا ئەحمەد بەرپرسی ئەم دەزگایەوە پێشوازیان لێ کرا. لە دانیشتنی دۆستانەی نێوان هەیئەتی یەکیەتیی ژنان لەگەڵ بەرپرسی دەزگای بارزانی دا زۆر پرسی گرنگ وەك کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان هاتە گۆڕێ. بەرێز مووسا ئەحمەد تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو سنووره دەستکردانە کە لە بەینی کوردەکان دا دروست کراوە، نابێ ببێتە بەربەست لەبەردەم هاوکاریی‌وهاوپەیوەندیان . ئێمە وەك کێشەی مروڤ چاو لە هەموو کێشەکان دەکەین و سنوورمان نیە بۆ خزمەتگوزاریەکانمان. تۆپباران کردنی سنوورەکانی هەرێم لەلایەن ئێران و تورکیەوە باسێکی دیکەی ئەم دانیشتنە بوو. هەروەها باسێك لەسەر کارکردن بۆ لێك نزیککردنەوەی کوردەکان لە هەر کوێ بن بۆ ئەوەی تەنیا مەرجی یەکگرتنە کە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی نەتەوەیەك. داواکاریی هەیئەتی یەکیەتیی ژنان ئەوە بوو کە دەبێ ئەم دەزگا مەزنە کە لەسەر ئەم ناوە پیرۆزەوە هاوکاریی خەڵك بکا، ژنان و منداڵانی رۆژهەڵاتیش کە وەك هاووڵاتیەك لە هەرێمی باشووری کوردستان نیشتەجێن لەبەرچاو بگیرێن و لە خەڵکی خۆیانیان جیانەکەنەوە.دوای گۆڕینەوەی بیروڕای دوو هەیئەت لە کەش وهەوایەکی دۆستانەدا دیدارەکە کۆتایی هات. پێویستە بگوترێ کە هەیئەتی یەکیەتیی ژنان پێکهاتبوون لە : سۆهەیلا قادری سکرتێر، نەسرین حەسەن زادە، خەدیجە پوورمەند، زلێخا جەشنی و فەریبا وەیسی ئەندامانی بەرێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان.

## دانیشتنێکی دۆستانەی نێوان یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

پێش نیوەڕۆی رۆژی ١٠/ ٦/ ٢٠١٠ هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان دیدارێکیان لەگەڵ بەرێز دکتۆرە کوردستان موکریانی سکرتێری یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان لەبنکەی سکرتاریەتی یەکیەتیی ئافرەتان پێك هێنا. لەم دیدارەی نێوان ئەم دوو لایەنە باس لە هاوکاریی ژنان بە گشتی و ژنانی کورد بەتایبەتی کرا و پێداگریی لەسەر ئەوە کرایەوە کە ژنانی باشووری کوردستان کە لەژێر سایەی حکوومەتی کوردی لە باشووری کوردستان دا بە زۆر لە مافە مادديی‌و مەعنەویەکانیان گەیشتوون و لەسەر پێی خۆیان راوەستاون وەك دام و دەزگایەکی حکوومی پێویستە ئاوڕ لە ژنانی ناوچەکانی دیکەی کوردستان بدەنەوە.

دانیشتنی هەردوو هەیئەت دوای پێداگری لەسەر گرنگی دان بە کێشەی ژن وەك کێشەیەکی هاوبەش لە هەموو شوێنێك دا و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی و نەهێشتنی ئەو کێشەیە و توند و تۆڵ کردنی پێوەندی نێوانیان کۆتاییان بە دانیشتنەکەیان هێنا. هەیئەتی یەکیەتیی ژنان بریتی بوو لە:

سۆهەیلا قادری سکرتێرو خەدیجە پوورمەند، زلێخا جەشنی و نەسرین حەسەن زادە فەریبا وەیسی ئەندامانی بەرێوەبەریی.

## سەردان بۆ سەنتەری رێکخراوی ئازادی‌و ناوەندیی وەرزشی لەشاری کۆیە

رێکەوتی ١٣٨٩/٣/٢٤ هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێك هاتوو لە بەڕێزان سوهەیلا قادری سکرتێر، خەدیجە پوورمەند ئەندامی بەرێوەبەری و گەلاوێژ پەیرەوان ئەندامی یەکیەتیی ژنان و بە هاوڕێیەتی یوونس فەرهەنگ نیا هاوکاریی بەشی وەرزشی گۆڤاری ژنان سەردانی سەنتەری رێکخراوی ئازادیی لاوانیان لە شاری کۆیە کرد و لەلایەن بەرێزان مامۆستا رێبین عەلی بەکر لێپرسراوی سەنتەر،مامۆستا سەلاح کارگێر، رێباز قادرحەمەد، سێبەر مەجید، سەمیرە عەبدوڵا ئەندامانی سەنتەری رێکخراوی ئازادیی لاوانەوە پێشوازیان لێ کرا.

لە دانیشتنی نێوان دوو رێکخراوی



مەدەنی دا باس لەسەر چۆنیەتی چالاکتر بوون و راکێشانی سرنجی گەنجان بۆلای رێکخراوەکان و هەروەها پڕ چالاکی بوونی رێکخراوەکان لە وەرزی پشووداني هاوین دا کرا.

هەردوو لایەن لەسەر ئەوە کۆك بوون کە دەبێ هاوکاریی رێکخراوەکان زیاتر و توند و تۆڵتر بێ.دوای ئەوەی کە بڕیاری کۆمەڵێك کاری هاوبەش لە نێوانیان دا درا کۆتایی بە دانیشتنەکە هات.

هەرهەمان رۆژ ئەم هەیئەتە سەردانی ناوەندیی وەرزش و لاوانی کۆیەیان کرد و لەلایەن بەرێز مامۆستا هەلۆ عەزیز جەلەبی بەرپرسی یانەکانی کۆیەوە پێشوازیان لێ کرا. لە دانیشتن لەگەڵ بەرێزیان دا باس لە بابەتە وەرزشیەکان کرا کە دەبێ بە هەموومان هاوکاریی بەهرەدارانی بواری وەرزشی بکەین تا ئاستی خۆیان بەرز بکەنەوە. لەلایەن هەیئەتی یەکیەتیی ژنانەوە باس لە تواناکان و چالاکیەکانی تیپەکانی مێرمنداڵانی کەمپەکانی دێموکرات کرا و داوای هاوکاریان لە ناوەندی وەرزش و لاوانی کۆیە کرد کە بتوانن ئەو تیپانە گەشەی وەرزشی بکەن کە لەلایەن بەرێزیانەوە قەولی هاوکاریی بە پێی پێویست و ئیمکان درا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی سمینارێک بۆ خاتوو زیبا سەروەری لە بنکەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان



یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سمینارێکی بۆ خاتوو زیبا سەروەری، چالاکی مافی ژنان پێک هێنا.

بەیانی رۆژی چوارشەممە، ١٨ ی خاکەلێوە بەشی ئامووزشی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان سمینارێکی دەروونناسیی بۆ خاتوو زینا سەروەری، چالاکی بواری مافی ژنان ٍپێک هێنا.

لەو سمینارەدا کە بە بەشداریی دەیان کەس لە ژنانی کەمپەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو، خاتوو زیبا سەروەری تیشکی خستە سەر زیان و دوادەرەنجامەکانی شەڕ لە سەر ژنان و منداڵان، بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە ژنان و منداڵان توێژی خەسارهەڵگری کۆمەڵگان.

بەشێکی دیکەی ئەو سمینارە بۆ پرسیار و تێبینیی بەشداران تەرخان کرابوو کە خاتوو زیبا سەروەری بە وردی وەڵامی سەرنج و پرسیاری بەشدارانی دایەوە.

---

# بەرێوەچوونی سمینارێک لە ژێر ناوی "گرێدانی خەباتی یەکسانیخوازی بە خەباتی نەتەوایەتیەوە



رۆژی یەکشەممە، ٢ی جۆزەردانی ٢٧١٠ کوردی، بەرامبەربە ٢٣ی مای ٢٠١٠ی زایینی، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە نۆروێژ کۆبوونەوەیەکی سیاسی لەژێر ناوی " گرێدانی خەبات بۆ مافی یەکسانی ژنان، بەخەباتی نەتەوەییەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان"، بۆ بەڕێز مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێک هێنا. کۆبوونەوەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیبو چەند ساتێک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە فیداکاریو گیانبازیی شەهیدانی کوردستانو بەتایبەتی شەهیدانی لە سێدارەدراوی رۆژی ١٩ی بانەمەر، دەستی پێ کرد. خاتوو جەمیلە قادری لە سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیەدا سەبارەت بە خەباتی ژنان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتیو ئێران بەگشتی وتەیەکی پێشکەش کردو لە بەشێک لە قسەکانی دا گوتی: " ژن نیوەی کۆمەڵە، لە لای هەمووشمان روونو ئاشکرایە کە بوونی کۆمەڵگا بەستراوەتەوە بە بوونی ژنو پیاو، جا هەر بۆیە ژنو پیاو لە نێو کۆمەڵدا دەبێ مافی وەک یەکیان هەبێ. بەخۆشییەوە ئێستا نەخشی ژنان لە زۆر شوێن کاریگەری بەرچاوی هەیەو ژنان بە کردەوە ئەو راستییەیان سەلماندوە کە دەتوانن لەگەڵ پیاواندا مافی یەکسانیان هەبێو شانبە شانی پیاوان بچنە پێشو ئەو کارانە هەموو ئەو رەوایەتەی کە بەڵێ، ژن مەودای بیر کردنەوەی کورتەو ژن پلە دووەو زۆر شتی تریان لە ناو بردوە.

سوای قسەکانی خاتوو جەمیلە قادری کاک مستەفا شەڵماشی باسەکەی پێشکێش کرد.

کاک مستەفا شەڵماشی لە سەرەتای باسەکەی دا کورتەیەکی لە مێژووی خەباتی ژنان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان لە کۆمەڵگای کوردستان خستەبەر دیدەی ئامادەبووانو سەبارەت بە ئازادبوونی ژنانی کورد لەچاو ژنانی نەتەوەکانی دەروربەری چەند سەرنجێکی خستە روو. بەرێزیان لەو پێوەندییەدا گوتی: بۆ وێنە مینیۆرسکی کە هاتووەو لەو ناوچەیە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی کردوە باسی ئەوە دەکا کە ژنی کورد لە چاو ژنی فارسو نەتەوەکانی دیکەی دەوروبەریان ئازادییەکی یەکجار زۆریان هەیەو نەخشیان هەیە لە بەرهەمهێنان، لە بەرێوەبردنی خێزان، تەنانەت لە ئیدارەکردنی ئەو سیستمە نیوە فیئۆداڵ-نیوە عەشیرەییەی کە ئەوکات لە کوردستاندا هەبووە، تەنانەت زۆر عەشیرەتیش لەلایەن ژنەوە بەرێوەچووە. واسیلی نیکی تین، باسی خاتوو مریەم نەهری دەکا کە لە شەری جیهانیی یەکەمدا دەسەڵاتێکی زۆری هەبووەو تەنانەت لە ناوچەکەدا بۆ بەرهەمهێنانی هێمنی لە ناوچەکەدا هێزی ئینگلیس پەیمانی لەگەڵ ئیمزا کردوەو لە واقیعدا بۆ ئەوەی کوردەکان هاوکاری بکەن لە دابین کردنی نەزمو ئارامشدا لەگەڵ ئەو خاتوونە پەیمانیان ئیمزا کردوە بۆ پاراستنی ئەمنییەت لە ناوچەکەدا. خاتوو فاتمە بێجان سەرۆکی کوردە یەزیدییەکان لە ١٩٩٩ لە باکووری کوردستان رۆڵێکی یەکجار گەورەی گێراوە کە تەنانەت لە بەشێکی گەورەی ناوچەکانی باکووری کوردستان دا، کوردەکان بە نەوعێک سیستمی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمەڵایەتی خۆیانەوە بتوانن کاروبارەکانی خۆیان ڕێک بخەن.
کاک مستەفا شەماشی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی کە یەکەم ڕێکخراوی ژنانی کورد لە ١٩١٩ دا دامەزراوە و با پێمان وانەبێ یەکیەتیی ژنان لە دوای کۆمارەوە هەبووە، بەڵام لە ١٩١٩دا لە ئیستانبووڵ ڕێکخراوی ژنان بە ناوی "کۆمەڵەی ژنانی کوردی پێشکەوتنخواز" دامەزراوە، کە ئەو کاتە هەم هەوڵیان داوە بۆ بردنە پێشی ژنانی کورد، بۆ ئاگادارکردنەوەو زانیاری پێدان بە ژنانی کورد، بۆ دیفاع لە مافە ڕەواکانی خۆیان‌و هەم بۆ بەشداریکردن لە جووڵانەوەی نەتەوەیی کورددا کە ئەو کات لە ساڵەکانی شەری جیهانیی یەکەم‌و دواتر هەوڵ‌و کۆششێکی زۆر هەبووە بۆ ئەوەی کە کوردیش وەکوو نەتەوەکانی دیکە بە مافی ڕەوای خۆی بگا.
هەروەها یەکەمین قازیی ژن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا زەکییە خانمی حەققی بووە لە عێراق‌و بەشداریی سیاسەتیشی کردوەو تەنانەت لە دواییدا بۆتە ئەندامی ڕێبەرایەتیی پارتی دێمۆکراتی کوردستان. یانی یەکەم قازی ژن کە لە کوردستان‌دا بۆتە قازی ژنێکی کورد بووە.
بەڕێز مستەفا شەڵماشی لە بەشێکی دیکەی باسەکەی‌دا بە ئاماژە بە ڕۆڵی پێشەوا قازی محەممەد بۆ پێکهێنانی یەکیەتیی ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا گوتی: "لە سەردەمی کۆماردا بەشداریی ژن لە کاری کۆمەڵایەتی، لە ئەندامەتیی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەست پێ دەکا، دەتوانین بڵێین خەباتی ژنان دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە. لە واقیعدا ئەو کاتەیە کە بە باوەری من خەباتی ژنان بە گشتی بە خەباتی نەتەوەییەوە گرێ دەدرێتەوە. بە هۆی ئەوەی کە هەم ژن لەو سەردەمەدا خوێندەواری زۆرتر لێ‌پەیدا بووە، شارەکان بەرە بەرە گەشەیان کردوەو لە واقیعدا توێژێکی خوێندەوار لەنێو ژنانی کوردیش‌دا وردە وردە دروست بووە، هەم لە باشووری کوردستان ژنی مامۆستاو ژنی بڵێین قانوون زان‌و خوێندەرارمان هەبووە، هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و لە لایەکی دیکەوە بە هۆی ئەوە کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، لانی کەم لەو سەردەمەدا وەک حیزبێکی پێشکەوتنخوازو دێمۆکراتخواز، ڕۆڵی سەرەکی گێراوە، لە نێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیش‌دا ڕێبەرایەتییەکەی بەتایبەتی قازی محەممەد، باوەرێکی قووڵی بە یەکسانیی ژن‌و پیاو هەبووە، باوەرێکی قووڵی بە ئیستیعدادو لێوەشاوەیی ژنان هەروەکوو پیاوەکان هەبووە، مەیدانێکی تازە بۆ خەباتی ژنان کراوەتەوە کە هەم تێبکۆشن بۆ وەدیهێنانی یەکسانی ژن‌و پیاوو هەم تێ بکۆشن بۆ بەشداریی لە خەباتی نەتەوەیی‌دا، بۆیە لەو سەردەمەدا بۆ یەکەمین جار یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە کۆماری کوردستان‌دا دامەزراوە. دەتوانین بڵێین ئەو ڕێکخراوە کە دیارە دوایە ڕێکخراوی دیکەی بەدوادا دێن، هەم لە باشووری کوردستان‌و هەم لە جێگاکانی دیکە، بەڵام ئەو ڕێکخراوە بە شێوە مۆدێرنەکەی سەرەتای دەستپێکردنی لێک گرێدانی خەباتی ژن بۆ یەکسانی‌و خەباتی نەتەوەیی بووە. گرینگی دانی پێشەوا لەو بوارەدا ڕۆڵێکی یەکجار گەورەی هەیە، ئەو لە پێش هەموو کەس‌دا هانی خێزانی خۆی داوە کە بەشداریی بکا لە یەکیەتیی ژنان‌دا یەکێک لە بەرێوەبەرانی یەکیەتیی ژنان بووە، بۆیە لە دەورانی کۆماردا ڕاستەوخۆ بۆ بەشداریی سیاسی‌و حیزبایەتی ژن دێتە مەیدانی کارزاری سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەوە.
لەو سەردەمەدا کە یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان دادەمەزرێ، ئێمە ئەگەر چاو لێ‌بکەین دەستکەوتی یەکجار زۆر گەورەی بە دەستهێناوە، هەرچەندە بەداخێکی گرانەوە لەبەر ئەوەی کە ئازادییەکەمان ماوەیەکی زۆری نەخایاندوە تەنیا یازدە مانگ کۆمار دەوامی هێناوەو بە باوەری من بەدوای رووخانی کۆماردا هەم خەباتی ژن‌و هەم ئیسلاحات لە شێوەی ڕۆڵی ژن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا پاشەکشەیەک بە خۆیەوە دەبینێ، بەڵام شوێنکاری دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ درێژەی هەبووە، ماوەتەوە، ئەگەر لە جێگایەک لاوازی بەسەردا هاتبێ، لە جێگایەکی دیکە تەرەققی کردوە.
کاک مستەفا شەڵماشی لە دوایین بەشی باسەکەی دا باسێکی سەبارەت دەورو ڕۆڵی ژنان دوای رووخانی ڕێژیمی پاشایەتی هێنایەبەر باس‌و گوتی: بەدوای رووخانی ڕێژیمی پاشایەتی‌و سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران، ژن لە ئێران‌و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا دەکەونە قۆناغێکی دیکەی خەباتەوەو بە باوەری من دەکرێ ئەوەش بە قۆناغێکی جیاواز پێناسە بکرێ لە بووژانەوەو چوونە پێشی ڕۆڵی ژن چ لە کۆمەڵگاو چ لە بواری سیاسی‌دا. لە ریزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان‌و ڕێکخراوەکانی دیکەدا ئەوجارە بە سەدان‌و بگرە هەزاران ژن دێنە مەیدانی خەباتی سیاسییەوە، یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان جارێکی دیکە گەشانەوەو بووژانەوەیەکی تایبەتی بەخۆیەوە دەبینێ‌و نە تەنیا خەباتی ژنان لەو ڕێکخراوە تایبەتییەشدا درێژەی هەیە، بگرە چەند ڕێکخراوو دامەزراو، تەنانەت لە ئەحزابی دیکەی سیاسی‌دا ژن دێنە مەیدانی خەبات.
لە بەربەرەکانیی قارەمانانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ هێزە ئەهریمەنییەکانی کۆماری ئیسلامی‌داو لە مەیدانی دیفاع لە ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ژنانی لاوی کورد شانبەشانی پیاوان دێنە نێو ریزەکانی شۆرشەوەو لەوێدا بە هەموو جورئەتێکەوە لە چەند بەرە، بە باوەری من خەبات دەکەن، من بۆخۆم شاهیدی خەباتی زۆر سەخت‌و دژواری کۆمەڵێک لە کچانی ئازاو بە جەرگ‌و لاوی ریزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بووم. ئێمە چ لە ریزی پێشمەرگەو چ لە ریزی کادرەکان‌و چ لە بنکەکانی دەفتەری سیاسی‌و رادیۆو ڕۆژنامەدا کۆمەڵێک لاوی ژنمان هەبوو کە بەراستی لە چەند بەرەیەکەوە شەریان دەکرد. پێمخۆشە ئاماژە بە چەند شتێکیان بکەم. یەکیان ئەوە کە زۆر دژوار بوو، دەبوو بیسەلمێنن هیچیان کەمتر نیە لە هاورێ پیاوەکانیان لە بواری سیاسییەوە، دەبوایە لەگەڵ ئەو داب‌و نەریتە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووانەی کە تا ئێستاش لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە کە هەر حەرەکەتێکی ژن بە چاوی شک‌و گومانەوە چاوی لێدەکرا، بەربەرەکانی بکەن. دەبوو تەحەممولی زۆر مەحدوودییەت بکەن کە لەنێو ریزەکانی شۆرش‌دا بمانەوێ یان نەمانەوێ لەگەڵ ئەوەی کە زۆر لە ڕێبەران‌و هەڵسووڕێنەرانی کاروباری حیزبی، پیاوەکانیش ئیمانیان هەبوو کە هیچ جیاوازییەک لەنێوان ژن‌و پیاو دانیە، بەڵام کۆمەڵگا هێندێک شتی سەپاند بوو کە دەبوایە تەحەممولی ئەوانەش بکەن. ئێمە زۆر ژنی قارەمان‌و خۆراگرمان هەبوو لە بنکەکانی حیزبی‌دا کە زۆر بە ئاستەنگی خەباتەکەیان لە ناو بنکەکانی حیزبی‌دا درێژە دەدا.
دوابەدوای کۆتایی باسەکەی ڕێزدار شەڵماشی، بەشدارانی کۆبوونەوەکە سەرنج‌و پرسیارەکانیان هێنایە گۆرێ‌و لەلایەن ناوبراوەوە بە تێروتەسەلی وەڵامی پرسیارەکانیان درایەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆبوونەوەی ساڵانەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە شاری ئۆرۆبرۆ

ڕۆژی یەکشـــــەممە ١٩ ی بانەمـــــەڕ، کۆبوونـــەوەی ســـاڵانەی یەکیـــەتیی ژنـــانی دێموکراتی کوردستان لەشاری ئۆرێبروو، بە بەشداری زۆربەی زۆری ئەندامانی ئەو یەکیەتیــــــــە پێـــــــک هـــــــــات. لە سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیەدا خولەکێک بێدەنگی بـۆ ڕێـز لێنـان لـە گیـانی پـاکی شـــەهیدانی ڕێگـــای ئـــازادی کوردســـــتان ڕاگەیاندرا.

پاشان خاتوو شوعلە قادری دوای بەخێر هێنـــــانی بەشـــــداران، مەبەســــــتی کۆبوونەوەکـەی شــی کـردوەو و باسـێکی لەسـەر چۆنیـەتی کـاری ڕێکخراوەیـی لـە سوئێد و ئەرکی ئەندامان پێشکەش کرد. لە میانـەی باسـەکەی دا ئاماژەی بـە هـەنگاو هەڵێنانەوە لە بواری بردنە سـەری زانیاری و پێویستی خۆ پێگەیاندنی ژنان تا ڕادەی



بەشدار بوون لە بڕیاراتی سیاسی دا کرد.

دواترخاتوو گوڵاڵە شەڕەفکەندی لەگەڵ دەربڕینی داخ و بەژارە بە بۆنـەی تـاوانی تازەی کۆماری ئیسلامی، لە سێدارە دانی پێـنج چـالاکی سیاسـی و مـەدەنی فـەرزاد کەمانگـەر، شـیرین عەلـەم هـوولی، فـەرهاد وەکیلـــی، مێهـــدی ئێســـلامیان و عـــەلی حیدریان داوای کرد کە بە هەر شێوەیەکی مـۆمکین دەبـێ بـە دژی ئـەو جینایەتانـە دەنگمـــان لـــە ئیعترازاتـــەکان دا هـــەبێ. هـــەروەها نـــابراو باســـێکی لـــە ســـەر پرۆژەکـانی کۆمیتـەی دەرەوەی یەکیـــەتیی ژنان پێشکەش کرد و بۆ هـەر چی باشتر بڕ داوای هاوکـــاری جیـــددی لـــــە بەشداربووان و هەموو ئەندامانی یەکیـەتیی ژنان کرد.

بڕگـەی سێهەمی کۆبوونەوەکە تـەرخان کرابــوو بــۆ دەربڕینــی ڕاوو بۆچـــوونی بەشداران کە هەموو خوشکانی بەشدار بە نۆرەی خۆیان نـەزەراتو تێبینیەکانیان لە هـەموو بوارەکـان دا لـە مـەڕ بـەڕێوەبردنی کارو چالاکیەکانی یەکیەتی ژنان دەربڕی. لـە دوایـین بەشـی کۆبوونەوەکـە دا نـۆرە گەیشـتە هـەڵبژاردنی کۆمیتـەی کـارگێڕی تـازە و هاوڕێیـان کۆمیتەیـەکی ٣ کەسـیان بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی یەکێتی ژنـان لـە شاری ئۆرێبروو هەڵ بژارد.

---

# بەشداریی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان لە چلەی شەهیدانی ١٩ی بانەمەڕ

ڕۆژی ٢٧ی جـــــــــۆزەردانی ١٣٨٩ ڕێورەسێکی شایستە لە شاری هەولێر بـۆ چلەی شەهیدانی ١٩ی بانەمەڕ پێك هات. لـەم ڕێورەسمـە هەیئـەتێکی یەکیـەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەشداربوون و پەیامێکیشیان بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

پێویســـتە بگـوترێ لـەم ڕێورەسمـــە بەشێکی بەرچاو لـە حیـزب و ڕێکخـراوی سـینفی و مـەدەنی یـەکانی ڕۆژهـەڵات و باشـووری کوردســـتان بەشـداربوون کـە تاجە گوڵینەیان لەسەر گڵکۆی شەهیدانی ١ی شوبات دانا.

ئەمەش دەقی پەیامی یەکیەتیی ژنانـە لـە ڕێـورەسمی چـلەی شـەهیدانی ١٩ی بانەمەڕدا:

**پەیامی یەکیەتیی**

**ژنانی دێموکراتی کوردستان**

**بۆ چلەی شەهیدانی ١٩ی بانەمەڕ**

هاونیشتیمانە بەڕێزەکان!

ئـــــازادیخوازان، ڕوونـــــاکبیران، کۆڕوکۆمەڵە مەدەنیەکانی کوردستان!

لـە کاتێکـدا دەسـتی ڕەشـی تـاوان و



پێشـــێلکاری گەیشـــتۆتە بینـــە قاقـــای ڕۆڵـــەکانی کـــورد و لـــە هـــەرلاوە کـــورد کوشتن و ماڵ وێرانکردنی بۆتە سیاسەتی ئاشکرای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بە تـــاوانی جیـــا بـــیری یـــان داواکردنـــی سەرەتایترین مافـەکانی مـرۆڤ گیانیـان لێ دەســـتێندرێ و ســـووکایەتی بـــە مرۆڤـــە ئازادیخوازەکان دەکرێ. بـیروڕای گشـتی و کۆڕوکۆمەڵـە نێونەتەوەییـەکان تـەنیاو تەنیا چاویان بڕیوەتـە کێشـەی نـاوەکی ئێران و ئاوڕ لەو عەزمەیـە نادەنـەوە کـە ڕۆڵەکانی گەلی کورد و ئێرانـی بەلێشـاو و بە بێتاوان دەچـنە ژێـر پـەتی سێدارەو یـــان لـــە سیاچـــاڵەکانی ڕێـــژیم دا بـــە شـــێوەیەکی گومانـــاوی گیانیـــان لێ دەسـتێندرێ و شـوێن بـزر دەکـرێن و یـا دەنـــا لـــە شـــەقامەکان دەدرێنـــە بـــەر دەستڕێژی چەکی لیباس شەخسیەکان و دەبنە دڵبـزوێنترین دیمەنـەکانی شاشـەی تەلەڤزیۆنـــەکان و یـــان لـــەژێر شـــەق و پێلاقـە و بـاتوومی نـیرووی ئینتیزامـی دا گیانیـان ئـازار دەدرێ و لەشـی ناسـکیان دەبێتـــە ئامـــانجی لێـــدان بـــەڵام ورەی بەرزیان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجـەکانیان هەروا نەمرەو نەبەزیوە.

ئێمـــە یەکیـــەتیی ژنـــانی دێمـــوکراتی کوردســــتان وێــــڕای مـــــەحکووم کردنـــــی جینایەتی لەسێدارەدانی ٥ ڕۆڵـەی کـورد و ئێرانـی کەلـە ناویـان دا کچێك بـەناوی شـیرینی عەلـەم هـوولی چالاکی مـەدەنی دەبینــــــدرێ داوا لـــــــە کۆڕوکۆمەڵـــــــە نێونەتەوەییـەکان دەکـەین کـە دەسـتی هاوکاریی بۆلای چالاکانی مـەدەنی درێـژ بکەن و پـێش بـەو هـەمووە پێشـێلکاریە بگـرن کـە دەرحـەق بـە چالاکانی کـورد ئەنجام دەدرێ.

**یەکیەتیی ژنانی**

**دێموکراتی کوردستان**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# یاری تۆپی دەست دەبێتە یارییەکی جەماوەری

یونس فەرهنگ نیا (سامۆرایی)







یاری تۆپی دەست بە یەکێك لەو یارییانە دادەندرێت کە بە شێوەی کۆمەڵ ئەنجام دەدرێ، ئەو یارییە لە یارییەکانی دیکە بەوە جیا دەکرێتەوە کە بە شێوەیەکی خێرا ئەنجام دەدرێت، و دوو تیم لە بەرامبەر یەك یاری دەکەن و هەر تیمێکیش لە حەوت یاریزان پێك دێ، دەشکرێ یاریزانانی یەدەك ژمارەیان بگاتە حەوت یاریزان، ئامانجی هەر تیپێکیش کە یاری دەکات ئەوەیە زۆرترین گۆڵ تۆمار بکات لەو یارییەدا کە لە دوو گەیم پێك دێت و ماوەی هەر گێمێکیش (٣٠) خولەکە لە نێوان هەر گێمێکیش (١٠) خولەك هەیە، بۆ ئەوەی یاریزانان ماندوویەتیان بحەسێتەوە یاریگای یاری تۆپی دەست بە شێوەیەکی لاکێشەیی دروست دەکرێت و درێژییەکەی (٤٠) مەترە و پانیەکەی (٢٠) مەتر دەبێت، بڵندی گۆڵی یاری تۆپی دەست (٢) مەترە و پانایەکەشی (٣) مەترە و ناوچەی گۆڵی ئەو یارییە بە شێوەیەکی کەوانەیی هێڵی بۆ دەکێشرێ.

**یاساکانی یاری تۆپی دەست:**

هەر تیمێك کە یاری تۆپی دەست دەکا، بۆی هەیە ژمارەیەك یاریزان ئاڵوگۆڕ پێ بکا. لە هەر کاتێکدا بە بێ ئەوەی پێشکەشی ناوبژیوانانیان بکا، بەڵام مەرجی یاریزان هێنانە دەرەوە و یاریزان بردنەژوورەوە دەبێت لەو ناوچەیە بێ کە بۆ ئەم مەبەستە دیاریکراوە ودەبێ بە پێی یاساکانیش بێت، واتە یاریزانەکە بێتە دەرەوە پێش ئەوەی یاریزانی یەدەك بچێتە ژوورەوە.

هەروەها ناوبژیوانێك هەیە کە چاوەدێری هێنانە دەرەوەی یاریزان دەکا و لە کاتێکدا ئەگەر هەر سەرپێچیەکی بینی ئەوا بڕیاری خۆی دەدا، لە کاتێکیشدا ئەگەر هەردوو تیمی بەرامبەر لە یاری تۆپی دەست بەرامبەر بوون لە دوو گەیم، ئەوا کاتی دوو گێمەکە زیاد دەکرێ کە ماوەی هەر یەکێکیان پێنج خولەکە کە خولەکێکیان بۆ پشوو تەرخان کراوە، لە کاتێك دا ئەگەر لە کاتی زیاد کراویش هەردوو تیمی ڕکابەر یەکسان بوون ئەو کاتە پەنا دەبەنە بەر لێدانی سزا.(پنالتی)

لە ساڵی (١٩٣٨) یەکەمین پاڵوانیەتیی جیهان بۆ یاری تۆپی دەست بەڕێوەچوو کە ئاڵمانیا میوانداریی ئەو پاڵەوانیەتی کرد، ئاڵمانیاش جامی زێڕینی بردەوە و نەمساش جامی زیو و سوئێدیش جامی برۆنزی بردەوە، دوای ئەو پاڵەوانیەتە بە (١٦) ساڵ، واتە لە ساڵی (١٩٥٤) سوئێد میوانداری خولی دووهەمی پاڵەوانیەتی یاری تۆپی دەستی کرد و جامەکەشی بۆ خۆی بردەوە، بەڵام دامەزراندنی یەکیەتیی نێودەوڵەتی بۆ یاری تۆپی دەست بەو شێوەیەی ئێستا هەیە لە ساڵی (١٩٤٦) لە کۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارك دامەزرا، کە حەوت وڵات لە دامەزراندنی بەشدار بوون ئەوانیش فەرەنسا، دانمارك، سوئێد، هۆڵەندا، نۆرویژ، لەهێستان و سویسرا پاڵەوانی جیهانی یاری تۆپی دەست کە لە ساڵی (١٩٥٤) لە سوئێد بەڕێوەچوو. هەروەکوو پێشتر ئاماژەمان پێدا پێشەوە چوونی گرنگی بەخۆوە بینی ژمارەی یاریزانانی ئەو یارییە بۆ (٧) یاریزان کەم کرایەوە.

بەڵام کەمکردنەوەی یەکجاری یاریزانانی ئەو یارییە لە (١١) یاریزان بۆ (٧) یاریزان پێویستی بە کاتێکی زۆر هەبوو، بۆیە ئەو سیستەمە لە ساڵی (١٩٦٦) پەیڕەو کرا، هەروەها دوو دەوڵەتی جیا لە جیهانی ئورووپا توانیویانە یارییەکانی پێش کۆتایی لە پاڵەوانیەتی جیهانی بۆ تۆپی دەست بەدەست بێنن ئەوانیش میسر لە ساڵی(٢٠٠١) وە تونس لە ساڵی(٢٠٠٥).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەرگریی شەخسی لە کۆنگ فۆتوا

ن: یونس فەرهەنگ نیا

یەکێك لەو شتانەی کە کۆنگ فۆ توادا زۆر گرینگە بەرگری شەخسییە (تاك) کە ئەم بەشە لایەنگرو هەواداری زۆرە. بەهێزی، سەریعی جووڵانەوە، تەکنیکەکانی بەرگری کۆنگ فۆ ئەم دەرەتانە بۆ بۆ مرۆڤ درووست دەکات تا بتوانێت لە گیروگرفتێکی دەستەو یەخە بە باشی سەرکەوتن بە دەست بهێنێت.

ئەم بەشە تەواو ئاموزشو فێربوونی فنونی تاك بە مەبەستی رزگار بوون لە دەستی حەریفێك کە ئێمەی گرتووە یان حەریفێك کە بە چەقۆ یان شمشێر مەبەستی زەربە لێدانی لە ئێمە هەیەو لە هەموو ئەو حاڵەتە بەرگریانەی کە لە هێرش دا دێت لە خۆ دەگرێت.



وێنەی ژمارە ١

سەرەتا دوژمن بە چەقۆ نیەتی هێرشی هەیە. (*)

وێنەی ژمارە ٢

دوژمن بە دانانی لاقی راست بۆ پێشەوە. مەبەستی زەربە لێدان بە چەقۆ لە دڵی ئێمەی هەیەوئێمە بە وەرسووڕانی خێرای باسکی چەپمان هێرشی دوژمن بەم شێوەیە پووچەڵ دەکەینەوە. (*)





وێنەی ژمارە ٣

بە پاراستنی هاوسەنگی لەسەر قاچی چەپ، قاچی راست دەسووڕێنینو لە گۆشەوە واتە پشتەوە، زەربەی(هۆتۆ) ئانیشکی راست لە نێو چاوانی بەرامبەر دەدەیت. (*)





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وێنەی ژمارە ١

دوژمن بە گاردی هێرشبەرانەو چەقۆ بە دەستی راستەوەو ئێمە بە گاردی بەرگری. (*)

وێنەی ژمارە ٢

دوژمن بە دانانی قاچی راستو داهێنانی چەقۆ بە دەستی راست لە دەرەوە بۆ ژوورەوەو ئێمە بە کۆکردنەوەی قاچی چەپو بەرگری تیغەی قاچ زەربەی حەریف پووچەڵ دەکەینەوە. (*)





وێنەی ژمارە ٣

پاش بەرگرییەکی تەواوو پاراستنی قورسایی لەسەر پێ (قاچ)ی راست بە زەبر زەربەی چەپ (یاتا کیۆتۆ)ی لە سینگی حەریف دەدەین. (*)





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org














# جۆراوجۆر
















کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# موعجیزەی سێو بە تایبەتی لە جۆری سوور

سوودی خۆراکەکان ـ هەموومان گوێمان لێ بووە کە هەر کەس لە ڕۆژدا سێوێك بخوا تووشی نەخۆشی نابێ.

پەندێکی پێشینان لە نێو خەڵکی دونیایە باوە کە خواردنی سێوێك لە ڕۆژدا لە دوکتورمان بێ نیاز دەکا، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی ئەو دواییە وا نیشان دەدەن کە لە نێو جۆری سێوەکان ، سێوی سوور قازانجی لە هەموان زیاترە.

بە قسەی پسپۆڕان لە نێو ٨ جۆری سێوی ناسراودا، ئانتی ئەکسیدانت لە نێو توێکڵی سێوی سوور زیاترە. پزیشکەکان دەڵێن ڕەنگی سووری تۆخ نیشانەی بوونی زۆری ئانتی ئەکسیدانتە کە ئەو میوەیەی کردۆتە میوەیەکی جادوویی . ئەوان دەڵێن وەختی خواردنی سێو نابێ توێکڵەکەی لێ بکەیەوە مەگەر تەنیا بۆ ئەوانەی کە گرفتی کۆ ئەندامی هەرسیان هەیەو دوکتور خواردنی بە توێڵکەوەی لێ قەدەغە کردبن شایانی باسە کە ئانتی ئاکسیدانتی نێو توێکڵی سێو شەش بەرابەری گۆشتەکەیەتی‌و هەر بۆیە توێکڵ لێکردنەوەی پێشنیار ناکەن.

سەرچاوە : همشهری آنلاین





## لیمۆی ترش بۆ چارەسەری گەروو بەسوودە

مورتەزا سەفەوی پسپۆڕی تەندروستی گوتی: بۆ ئازاری گەروو باشترین دەرمان لیمۆی ترشە. غەرغەرەکردن بە ئاوی شیلەوتێن لەگەڵ ئاوی لیمۆ ئەستووری گەرووو ئازاری گەروو ناهێڵێ. ئەو پسپۆڕەی تەندروستی هەروەها گوتی: چا یەکێك لە خواردنەوەکانی دونیایە.ڕۆژانە نیزیك بە ٢ میلیارد فنجانی چا لە هەموو جیهان دا دەخورێتەوە.کەڵك وەرگرتنی لیمۆی ترش لەگەڵ چا تایبەتمەندی دژی شێرپەنجە دوو بەرابەر دەکا کە بەهۆی زۆربوونی ئانتی ئەکسیدانتە.



ئەو گوتی: بۆ گەرووئێشە باشترین دەرمان لیمۆی ترشە، غەرغەرە بە ئاوی شیلەوتێن‌و ئاوی لیمۆ ئازاری گەروو ناهێڵێ. لیمۆی ترش بە هۆی بوونی تایبەتمەندی ئەسیدی دژی چڵك قەوییە. خواردنەوەی ئاوی لیمۆ بەردی گورچیلە ناهێڵێ.

هەروەها گوتی:بەکارهێنانی لیمۆی ترش‌و دارچین لەگەڵ چا بەسوودەو بەکارهێنانی تایبەتمەندی ئانتی ئەکسیدان چەند بەرابەر دەکا.

سەفەوی درێژەی دا: لیمۆی ترش تایبەتمەندی بەهێزکردنی پەنکریاس‌و جەرگی هەیە، بەکارهێنانی ئاوی لیمۆ بۆ ئەو کەسانەی برینی گەدەو نەخۆشی پووکیان هەیە، دەتوانێ باش بێ. ئەو زیادی کرد: ڕۆڵی ویتامین C لە لەبەین بردنی نیتروزامینەکان‌و پەکتینی لیمۆی ترش دەبنە هۆی کەمبوونەوەی کلسترۆڵی خوێن، ئەوانەی نەخۆشی دڵ‌و ڕەگیان هەیە بۆ کەمکرنەوەی نیشانەکانی زۆر بەکەڵکە.

هەروەها گوتی: لیمۆی ترش دەبێتە هۆی بەرگریکردن لە خوێنبەربوون‌و بردنە سەری بەرگری لەش‌و بەرگری لە چڵککردن‌و شێرپەنجە. ئانتی ئاکسیدی قەوی‌و ئاوکێشەو دەبێتە هۆی بەهێز بوونی لەش.

سەرچاوە: جام جم آنلاین




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هلیکۆ باکتر پیلوری

و. رەحمان مەحمودی

**هلیکۆ باکتر پیلوری چیە؟**

هلیکۆ باکتر پیلوری باکتریەکی مارپێچی شکڵە بە هۆی شکڵ و جۆری جووڵانی دەتوانێ لە توێی پارێزەری لینجی گەدە تێ بپەڕێ. کاتێك ئەوە ڕوویدا تەڕایی ترشەڵۆکی(ترشح اسید) زیاد دەکا و دوازدە گرێ دەوروژێن و تووشی ئازار دێن و دوایە وردە وردە برینی گەدە دروست دەبێ.




هیلکۆ باکترپیلوری تا ڕادەی ٩٠٪ لە گەڵ برینەکانی دوازدەگرێ (اپنی عشر) و نزیکەی ٨٠٪ لەگەڵ برینەکانی گەدە (معدە) پێوەندی هەیە.

تەنانەت دوای ئەوەی کە برین چارەسەرکرا ، ڕێی تێ دەچێ دوای ساڵێك سەرلەنوێ سەرهەڵ بداتەوە. بەڵام ئەگەر هلیکۆ باکتر پیلوری بن بڕ بێ .سەرهەڵدانەوە و برینی دوازدە گرێ بەخێرایی کەم دەبێتەوە.

**ڕادە، ئەندازەی بڵاوبوونەوەی هلیکۆ باکتر پیلوری چەندەیە؟**

دوو لەسەر سێی حەشیمەتی دونیا بە هیلکۆ باکتر پیلوری گرفتارن. کەم و زۆر تووشبوو بەبرینی دوازدە گرێ بە هلیکۆ باکتر پیلوری گیرۆدەن، بەڵام مەرج نیە هەرکەس بەو باکتریە تووش بێ برینی دوازدە گرێشی هەبێ.

**هۆیەکانی تووش بوون بە هلیکۆ باکتر پیلوری .**

ئەوە کە بە چ هۆیەك هێندێك بەهلیکۆ باکتر پیلوری نەخۆش دەبن و نیشانەی ئەو نەخۆشیان لێ دیار دەکەوێ و هێندێك لێیان دەرناکەوێ بە شێوەی سەرەکی نەناسراوە. هلیکۆ باکتر پیلوری دەتوانێ هەرلە تەمەنی منداڵیەوە لە ڕێگای دەمەوە (زار) یا ڕێگای خواردن یا ئاوی پیس بگوێزرێتەوە.

**دەرمانی هلیکۆ باکتر پیلوری:**

هلیکۆ باکتر پیلوری ئیلتهابێکی دەزگای خواردنە کە دەبێتە هۆی نەخۆشی ترشەڵۆکی گەدە (گاستریك) برین هەروەها زۆر بوونی ریسکی لنجەکانی گەدە و سەرەتانی گەدە، لە ئاکام دا دەرمان زۆر گرینگە و بۆیە پێویستە نەخۆش تەحەموول و حەوسەلەیەکی باشی هەبێ و دەرمان بە تەواوی وەرگرێ و لەکاتی خۆی دا بە کاریان بێنێ. پسپۆڕان زۆر جار بۆ هلیکۆ باکتر پیلوری چوار دەرمان بۆ نەخۆش دیاری دەکەن کە دوو جار لە ڕۆژدا لە گەڵ خواردنی بەیانیان و شەوانە بە کار دەهێندرێن:

omeprazol 20mg. ئۆمیپرازۆڵ دووجار لە ڕۆژدا

Bissmotte بیسموت دوو بەیانی دوودانە شەو

هەروەها لەو چوار دەرمانەی خوارەوە دوودانەیان بەکار ببرێ

Amoxcillin اموکسی سیلین 1g بەیانی 1g شەو

Metronidozole مترۆنیدازۆڵ 500 mg بەیانی 500 mg میلی گەرەم شەو

Tetracycllin تتراسایکلین 1gبەیانی 1g شەو

clarthromycin کلاریتۆماسین 500mg بەیانی 500mg شەو

نیشانە سەرەتایی یەکان بریتین لە: ڕەش بوونی زمان، ڕەش بوونی پیسایی، هێڵنج دان، هەست کردن بە بۆنی ناخۆش لە دەم کەم بوونەوەی ئیشتیا و ئیسهالی خەفیف.

دەبێ لەماوەی بەکارهێنانی دەرمان دووری بکرێ لە خواردنەوەی مەشرووبات دەبێ ئەگەر تووشی هەر جۆرە نارەحەتێکی دیکە بوون دەست بەجێ دەرمان ڕاگیرێ و بەکارنەهێنرێ و سەردانی پزیشك بکرێ لە کاتی بوونی تەب، پەڵە پێستی ،سك چوونی بەردەوام ، ئیسهالی خوێنی و ڕشانەوەی بەردەوام.

تێ بینی: ئەو دەرمانانەی ئاماژەیان بۆکرا تەنیا لەلایەن دوکتۆری پسپۆڕ دیاری دەکرێ و ئاماژە پێ کردنیان تەنیا بۆ زانیاری خوێنەرانە.

# چارەسەری کۆخەی بەردەوام

پاییزان و زستانان، هەڵامەت باوترین و بەربڵاوترین نەخۆشییە کە زۆربەی خەڵك تووشی دەبن. ئەوە لە کاتێك دایە کە بە پێی ساردبوونی هەوا نیشانەکانی هەڵامەت لەم وەرزانەدا لەچاو وەرزی گەرما جیاوازە.بۆ وێنە کۆخەی پەیتا پەیتا جاری وایە بە ڕادەیەك بۆ نەخۆش بە ئازارە کە تەنانەت شەوانە ناهێڵێ بخەوێ: هەرچەند لەم کاتانەدا شەربەتی کیمیایی جۆراوجۆر دەدرێ بە



نەخۆشان، بەڵام جاری واهەیە ئەم شەربەتانەش کاریگەر نین.لێرەدایە کە جاترە موعجیزە دەخولێنێ. پسپۆرەکان رایان سپاردوە کە گیراوەی سێ کەوچکی نانخواردن جاترەی وشك لەگەڵ لیترێك ئاوی کوڵاوو فینجانێك هەنگوین بۆ چارەسەری کۆخەی درێژماوە کەڵکی لێ وەربگیرێ. شێوەی بەکارهێنانەکەی هەر سەعاتەی کەوچکێکە. هەروەها دەکرێ ئەو گیراوەیە بۆ ماوەی سێ مانگان لە یەخچاڵ دا رابگیرێ.

سەرچاوە. همشهری آنلاین



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خواردن و تەندروستی منداڵان

و : فەریبا وەیسی

بێ شك گەورەترین ئاواتی هەر دایك باوكێك ئەوەیە كە منداڵەكانیان هەم لە هەڵدانێكی ئاسایی بەهرەمەند و ساغو گەش بێو، هەم لە زیانی نەخۆشی جۆراو جۆر لە ئەمان دابێ.

ئەوە ئاواتێكی تەواو ئاسایی‌و لە جێی خۆی دایە.بە تایبەت لە بەر ئەوە كە منداڵان دەستەیەك لە ئەندامانی كۆمەڵ پێك دینن كە خوادنی خۆراك لەلای ئەوان بە هۆگەلیك كە لە درێژەی ئەو بابەتە دا باسی لێ دەكرێ گرینگیی تایبەتی هەیە:

بەم هۆیە كە منداڵان لە قۆناغی هەڵدانی خێرادان، پێداویستیە خواردەمەنییەكانیان گرینگیی تایبەتییان هەیەو هەرچەشنە ئالۆزییەك كە لە خواردنی ئەوان پێك بێ، دەتوانێ ببێتە هۆی زیانێكی گەورە لە رەوتی هەڵدانی ئەواندا.

هێندێك لەو نارێكیانەی كە بە هۆی خواردنی خراپ لە تەندروستی منداڵان دا پێك دێ ئەگەر بە زوویی دەرمان نەكرێن، قەرە بوو ناكرێنەوەو رەنگە هەتا كۆتایی تەمەنیان بەربینگیان پێ بكرێ.

منداڵان لە گەورەكان حەساسترو لاوازترن‌و كەمبوون‌و نارێكی خۆراكی دەبێتە هۆی كەمبوونی هێزی بەرگری لەشی ئەوان‌و، كزو نەخۆش‌و لاوازیان دەكا.

منداڵان لە قۆناغی فێر بوونی خێراداو خواردنی ناتەواو نابەجێ دەتوانێ تارادەیەكی بەر چاو هێزی فێر بوون‌و بیروزەینی ئەوان كەم بكاتەوەوئەمە دەتوانێ لە داهاتوودا هێزی چالاكی كومەڵ فەلەج بكاو زیان گەلێكی گەورەو قەرەبوو نەكراو لە سلامەتی كۆمەڵ بدا.

كەوابوو بە سرنجدان بە گرینگی تایبەتی تەندروستی منداڵان‌و ئەو شوێنە گرینگەی كە ئەو دەستەیە لە بنەماڵەو كۆمەڵ دا هەیانە، پێویستە سرنجی تەواو بدرێتە خواردن‌و تەندروستی ئەوان.

بۆزانینی ئەوە كە داخوا خواردنی منداڵەكانمان دروست‌و بە جێیەیان نا، گرینگترین هەنگاو لێكۆڵینەوەی شوینەوار گەلێكە كە خواردن لە سەر سلامەتی ئەواندا دادەنێ. بە چەندین پێوەر دەتوانین لە برسێتی‌و هاوسەنگی منداڵان تێبگەین. ئەو پێوەرانە بریتین لە:

- هەڵدان
- بارودۆخی رواڵەتی‌و جەستەیی منداڵ
- توانایی‌و فێربوون
- جووڵ‌و گەشە

**خۆ راگری لە ئاست نەخۆشییەكاندا**

ئەگەر منداڵ، كزو لاوازو كێشی كەم بێ‌و پێوانەی قورساییەكەی بە شێوەی ستاندارد ئەنجام نەدرێ، دەبێ رێگا چارەیەكی كاریگەرو بەپەلەی بۆ بدۆزرێتەوە. لەوەها وەزعێكدا یەكێك لە گرینگترین هەنگاوەكان، سرنجدان بە بارودۆخی خواردنی منداڵانە. خواردنی ناتەواو زیان بە هەڵدانی منداڵان دەگەیێنێ‌و لە هەڵدانیاندا ئالۆزی پێك دێنێ.

هێندێك كەس وا بیردەكەنەوە كە هەڵدانی بالای منداڵ، تەنیا هۆی ژێنێتیكی هەیەو بەتەواوی لەژێر كارتێكەری میرات دایە. دیارە بەبێ‌شك میرات لە هەڵدانی بالای منداڵ شوێندانەرە، بەڵام لە زۆر شوێن توانیویانە بە خواردنی دروست‌و بەئەندازەو هاوسەنگو هەروەها وەرزشی بەجێ‌و بەردەوام یارمەتی بدەن بە هەڵدانی هەموان‌و زیادبوونێكی بەرچاو لە هەڵدانی بالایی ئەواندا پێك بێنن. بەگشتی خواردنی بە ئەندازە، دروست‌و جۆراوجۆر كاریگەرییەكی زۆری لە هەڵدانی منداڵاندا هەیە.

ئەو فاكتێرانەی كەلەنێو ماددە خۆراكییەكاندا كاریگەری زیاتری لە هەڵداندا هەیە بریتین لە: پرۆتین، ووزە، ڤیتامین A، ڤیتامین D، هێندێك ماددەی كانزایی دیكەی وەك كالسیۆم، فۆسفۆر، یۆدو رووی (زەردایی).

ئەگەر سەرنج بدەینە سەرچاوە خۆراكییەكانی ئەو فاكتێریانە، دەبینین كە دەسراگەیشتن بە ئەمانە زۆر مەیسەرو ئاسانەو بە بەرنامە داڕێژییەكی دروست دەتوانین ئەوەندی پێویستە لەو ماددانە لە بەرنامەی خۆراكی رۆژانەی منداڵ كەڵك وەربگرین.

**ماددە پیرۆتینییەكان**

ئەو ماددانەن لە دوو سەرچاوەی حەیوانی‌و گیایین

سەرچاوە حەیوانییەكانی پرۆتین بریتین لە: گۆشتی سوور بە هەموو جۆرەكانی، وەك گۆشتی گوێلك‌و مەڕ، گۆشتی سپی وەك مریشك‌و ماسی‌و هێندێك خواردەمەنی دیكە وەك جەرگو دڵ‌و گورچیلە، مێشك، زمان، شیرو بەرهەمەكانیِ‌و هێلكە.

سەرچاوە گیاییەكانی پرۆتین بریتین لە: دانەوێڵەو ناوكەكان. دەبێ بگوترێ كە سەرچاوە گیاییەكانی پرۆتین لە لەشدا كارایی باشتریان هەیەو كەم‌و زۆر بە شێوەیەكی تەواوتر بۆ هەڵدان، چاككردن، نۆژەنكردنەوەو بەرهەم هێنانی هۆرمۆنەكان، ئەنزیمەكان‌و ئانتی بادییەكان (دژەتەن) بەكار دەهێندرێن.

**پرۆتینی گیایی لە باری ئەسید ئەمینە بنەڕەتییەكان تەواوو كامڵ نین.**

هەر بۆیە كاراییەكی كەمتریان لە لەشدا هەیە. بەڵام ئەگەر تێكەڵاوێك لە دوو جۆر پرۆتینی گیایی، بۆ وێنە تێكەڵاوێك لە دانەوێڵكان وەك نیك پلاو یا دانەوێڵەو ناوكەكان وەك خواردنی چەند دەنكە گوێز بە دوای خواردنی چێشتێك كە لە دانەوێڵە ساز كرابێ‌و هێندێك شیرینی وەك شیرینییە گوێزییەكان، بادامییەكان‌و نانی كونجی بخورێن، لەو حاڵەدا ئەسیدئەمینییەكان یەكتر كامڵ دەكەن‌و كاریگەری خۆراكی



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوان لە لەشدا زیاد دەبنو شێوەیەکی تەواوتر مەسرەف دەکرێن.

دیارە منداڵانو مێرمنداڵان کە خەریکی هەڵدانو پێویستیان بە پرۆتینێکی زیاتر هەیە، دەبێ لەبەرنامەی خواردنی رۆژانەی خۆیاندا بەرادەیەکی زیاتر لە پرۆتینی حەیوانی کەڵك وەرگرن.

**وزە**

هەڵدانو سازبوونی خانە (سلول) پێویستی بە ووزە هەیە. بۆ دابینکردنی ووزەی منداڵان دەبێ هاوکات لە ماددە نیشاستەییەکانی وەك برینج، نان، گەنمەشامی. ماکەرۆنی، ئارد، گەنم، جۆو چەوری وەك رۆنی کەرەو رۆنە گیاییەکانو هەروەها ناوکەکانی وەك گوێز، بادام، پستە، بادام زەمینی، بادام هیندی،فندقو توێ کەڵك وەربگیرێ. میوە شیرینییەکانیش یەکێك لە سەرچاوەکانی دەوڵەمەندی ووزە بە حیساب دێن.

دەبێ لە بیرتان بێ کە هیچکات نابێ لە بەکارهێنانی ماددە ووزە بەخشەکان زێدەڕۆیی بکرێ چونکە دەبێتە هۆی چوونە سەری کێشو قەڵەوی.

کێشی لەش پێوانەیەکی باشە بۆ هەڵسەنگاندنی بەسبوون یان کەمبوونی ماددە ووزەبەخشەکان زیاتر بەکار بهێندرێ. ئەگەر کێش، زیاتر لە رادەی ستاندارد بێ، نیشانەی زیاتر بوونی بەکارهێنانی ماددە ووزە بەخشەکانە، کەلەو حاڵەتەدا دەبێ مەسرەفی کاربۆهیدراتو چەورییەکان بەرتەسك بکرێتەوە.

**ڤیتامین A**

ئەو ڤیتامینە کارایییەکی سەرنجراکێشی لە هەڵداندا هەیەو ئەگەر منداڵانو مێرمنداڵان تووشی کەمبوونی ئەو ڤیتامینە لە لەشیاندا بن، لە هەڵدانیاندا تووشی گرفت دەبنو کورتە باڵا دەبن.

ڤیتامین A لە هێندێك خواردەمەنی وەك جەرگ، رۆنی کەرەی خۆماڵی، زەردێنەی هێلکە، شیرو بەرهەمە شیرییە چەورەکاندا هەیە. باشتر وایە لە خواردنی ئەو منداڵانە ئیشتییای خواردنیان کەمە یان کەم ئیشتییان بەم خۆراکانە کامڵ بکرێ.

سەرچاوە گیاییەکانی ڤیتامین A بریتین لە: ئەو سەوزییانەی کە گەڵاکەیان سەوزی تۆخە، زەردی تۆخو نارنجین وەك ئەو سەوزییانەی کە گەڵاکەیان دەخورێ، گێزەر، تەماتەو میوەگەلێکی وەك کاڵەك، قەیسی، شەلیلو هولو. ئەو خواردەمەنییانەیان بە تازەییو شوشتراوی بدەنێ.

**ڤیتامین D**

ڤیتامین D بەهۆی پرشنگی تیشکی سەر رووی وەنەوشەیی (اشعه ماوراء بنفش) هەتاو بۆ سەر پێست لە لەشدا ساز دەبێ. ئەم هۆکارانە لە سازکردنی ڤیتامین D لە لەشدا کارسازن: الف ـ توندی پرشنگی تیشکی خۆر بەسەر پێستدا، ب ـ ماوەی پرشنگی خۆر، ج ـ چۆنییەتی پرشنگی تیشکی خۆر.

بە پێی ئەو سێ پێوەرە تیشکی خۆر دەبێ بە هێدی، بۆ ماوەی نیو سەعات لە رۆژدا، بەشێوەی راستەوخۆ (نە لە پشتی شوشەڕا) وە پێستی منداڵ کەوێ تا ئەوەندەی کە پێویستە ڤیتامین D لە لەشدا بەرهەم بێ.

**کالسیۆمو فسفۆر**



کالسیۆمو فۆسفۆر لەو ماددانەن کە پێکهاتەی سەرەکی ئێسکن. ئەگەر لە دەورانی هەڵدان کالسیۆمو فۆسفۆر بەرادەی پێویست مەسرەف نەکرێ، لە هەڵدانی منداڵدا گیروگرفت پێك دێو رەوتی هەڵدان بەباشیو بەشێوەی تەواو بە ئەنجام ناگا.

باشترین سەرچاوەی خۆراکیی کالسیۆمو فسفۆر شیرو بەرهەمە شیرییەکانن. دیارە ئەو دوو ماددە کانزایە لە سەوزییەکانو دانەوێڵەکاندا هەیە. بۆ راکێشان یان جەزبی باشتری کالسیۆمو فۆسفۆر، ڤیتامین D پێویستە. کەوابوو بۆ هەڵدانو سازبوونی ئێسك، جگە لە کالسیۆمو فسفۆر دەبێ ڤیتامین Dش بەرادەی پێویست لە لەشدا هەبێ.

ــ راگرتووی (محیط) ئەسیدی راکێشان یان جەزبی کالسیۆم زاد دەکا ؛ کەوابوو خواردنی ئەو ماددانەی کە کالسیۆمیان هەیەو ئەو ماددانەی کە ڤیتامینی C یان هەیە دەبێتە هۆی چوونە سەرێی راکێشانی کالسیۆم.

ـ بە پێچەوانەی بوونی "اگزالات" (ئەو ماددەیەی کە لە هێندێك لە سەوزییەکان وەك ئەسپەناغو کەلەمدا هەیە)و هەروەها "فیتات" کە لە دانەوێڵەی وەك گەنمو جۆدا هەیە، پێشگیری دەکا لە راکێشانی کالسیۆم.

شیر باشترین سەرچاوەی کالسیۆمو فۆسفۆرە. چونکە شیر ڤیتامین Dی هەیە. رێژەی کالسیۆم لە بەرامبەر فەسفۆردا زۆر گونجاوەو "لاکتۆز" (قەندی شیر) یارمەتی راکێشانی یان جەزبی کالسیۆم دەدا. خواردنەوەی دوو لیوان شیر لە رۆژدا بۆ منداڵان زۆر پێویستە.

سەرچاوە

کۆکردنەوەی: گروپی ئینتێرنێتی نیك سالحی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سێو

و: پەیام

ناوی زانستی سێو ( malusd omestica ) سێو زیاتر لە ناوچە کوێستانیەکان دا هەیە چەند جۆری هەیە سێوی سوور، سێوی سەوز، سێوی کێوی(وحشی).

لەناو سێودا بڕێکی زۆر ڤیتامین و ماددەی وزەبەخش هەیە ئەو ماددەیە کە لە سێودا هەیە بە شێوەی خشتەی خوارەوەیە:

دەبێ ئەوەش بگوترێ کە زۆربەی ڤیتامینەکانی کە لە سێودا هەیە لە نێو توێکڵی سێو لە ژێر توێکڵەکەی دایە هەر بۆیە ئەو کەسانەی کە توێکوڵی سێویان بۆ هەزم دەکرێ دەتوانن سێو بە توێکڵەوە بخۆن.

| | |
|---|---|
| وزە ٢٥٨ کالۆری | ڤیتامینA ٣٦٠ یەکە(واحد) |
| پڕۆتین ١/٢ گرەم | ڤیتامین B1 ٠/١٥میلی گرەم |
| چەوری ١/٦ گرەم | ڤیتامین B2 ٨٪ میلی گرەم |
| مەوادی نیشاستەیی ٥٩/٦ گرەم | ڤیتامینB3 ١٣٪ میلی گرەم |
| کەلسیۆم ٢٤ میلی گرەم | ڤیتامین ١٨ میلی گرەم |
| فۆسفۆر ١٠ میلی گرەم | ئاسن ١/٢ میلی گرەم |





سوودە دەرمانییەکانی سێو:

سێو میوەیەکی قەلیایی یە و خاوێنکەرەوەی لەشی مرۆڤە بە هۆی زۆر بوونی ماددەیەك بەناوی پێکتین لە سێودا ئاوی زیادەی لەش دەردەدا.

دەتوانین سێو بۆ چاکبوونەوەی سکچوون بە تایبەتی بۆ منداڵان بە کار بێنین بەو شێوەیە کە دەبێ سەرەتا سێوەکە لە ڕەندە بدرێ و دواتر بخورێ. بەڵام ئەو کەسانەی کە ریخۆڵەیان لاوازە دەتوانن سێوەکە لەسەر ئاورێکی کز بکوڵێنن بۆ ئەو کارە دەبێ لە قابلەمەی نەسووز کەڵك وەرگرن هەتا پێکتین و ڤیتامینەکانی ناو سێوەکە وەك خۆی بمێنێتەوە.

شەربەتی سێو باشترین دەرمانە بۆ کۆکە و گیرانی دەنگ، بۆ دروستکردنی شەربەتی سێو دەتوانن ١ کیلۆ سێو بشۆنەوە لەتی بکەن دواتر لەگەڵ ١لیتر ئاو بیکوڵێنن، دوای وەکوڵ هاتنی بەسەر پارچەیەکی ناسکی داکەن تاساف بێ و چەند دانە کلۆ قەندی تێ کەن دیسان لەسەر ئاگری دانێنەوە تا خەست دەبێتەوە ئەو شەربەتە ڕۆژێ ٣ هەتا ٤ جار بیخۆنەوە.

سێو بڕێکی زۆری کەلسیۆم تێدایە کەلسیۆمی سێو یارمەتی لەشی مرۆڤ دەدا کە کەلسیۆمی خواردەمەنیەکانی دیکە هەزم بکا.

خواردنی سێو قەبزی چاك دەکاتەوە و ماندوویی دەحەسێنێتەوە.

دێمکراوەی گەڵای دار سێو بۆ میزکردن و هەروەها بۆ چارەسەری ئێلتیهاباتی گورچیلە و میزڵدان زۆرباشە.

سێو جەرگ بەهێزدەکا و ئیشتیاڕ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خواردن زۆر دەکا.

سێو دەرمانێکی باشە بۆ هەناسە سواری هەروەها بۆنکردنی سێویش ئەو سوودەی هەیە.

سێوی کولاو گەدە و جەرگ بەهێزدەکا و تووڕەیی و ژەهر لە لەش دەردەکا.

سێو پلەی گەرمی لەش دادەبەزێنێ.

بۆ حەسانەوەی چاوەکانتان ١دانە سێو لە رەندە بدەن و لە پارچەیەکی خاوێنی بپێچنەوەو لەسەر چاوتانی دابنێن.

خواردنی سێو بۆ ئەو کەسانەی نەخۆشی شەکرەیان هەیە باشە چونکە سێو قەندی خوێن ناباتە سەر.

ئەو کەسانەی کە دەیانهەوێ کێشی لەشیان دابەزی دەبێ سێو بە توێکڵەوە بخۆن.

دەمکراوەی گوڵی سێو بۆ چارەسەری کۆئەندامی هەناسە زۆرباشە.

سێویارمەتیی زوو چاکبوونەوەی برین دەدا.

دەتوانن توێکڵی سێو وەکو چایی دەم بکەن بیخۆنەوە باشترین دەرمانە بۆ گورچیلە.

ئاوی سێو بۆ جوانی پێست کەڵکی لێ وەردەگیرێ بەتایبەت بۆلابردنی چرچ و لۆچی دەموچاو، بۆ ئەو مەبەستە دەتوانن رۆژی ٢جار واتە بەیانی و شەو ئاوی سێو لە دەمووچاوو ملی بدەن و ماساژی بدەن.

بۆ ئەو کارە دەبێ هەمیشە ئاوی سێوی تازە بەکاربێنن.

دەتوانن بۆ زیاتر جوان کردنی پێست رێگایەکی دیکەش بەکاربێنن :

یەک دانە سێو بکوڵێنن جوان پانی کەنەوە لەگەڵ کەمێك شیر تێکەڵی بکەن و ئەو گیراوەیە بە شێوەی شیلەوتێن لەسەر پێستی دەمووچاوی دابنێنن و دوای چەند خولەك بیشۆنەوە.

سوودەکانی سێوی ترش

سێوی ترش حاڵەتی رشانەوە و دڵ تێکەڵاتن چارەسەر دەکا.

سێوی ترش بۆ ئیسهالی خوێن زۆر باشە.

ئاوی سێوی ترش و هەنار بۆ بەهێزکردنی گەدە و هەروەها بۆ سکچوون زۆر باشە.

سێوی ترش بۆ ئەوکەسانەی کە تەبعی گەرمیان هەیە زۆرباشە و ئەوکەسانەش کە تەبعی ساردیان هەیە دەبێ سێوی شیرین بخۆن.

# مۆز

ئامادە کردن: رەحمان مەحموودی

لە مۆزێکی مام ناوەند دا نزیك بە ١٠٠ کالۆری coloric دەست دەکەوێ و ١٢٥ کالۆری بۆ مۆزێکی قەبارەی گەورەتر، مۆز میوەیەکی باشە بۆ دابەزینی کێش بۆ کردنەوەی تەبیات میوەیەکی بە وزەیە بۆ ورزش چون رێژەیەکی زۆر لە پۆتاسیۆمی potassivm تێدایەو پۆتاسیۆم k+ مادەیەکی سەرەکییە بۆ راگرتنی پەستانی خوێن (فشار خون) و فەرمانی دڵ و رەق بوونی دەمارە خوێنییەکان. ئەوەی جێگای دڵ خۆشییە بڕی ٤٦٧ mg پۆتاسیۆمی k+ تێدایە بەڵام تەنیا ١ mg سۆدیۆمی sodium تێدایە کە بە پێچەوانە بۆ چوونە سەری پەستانی خوێن خراپە. بۆ سەلماندنی کاریگەری میوە بە پۆتاسیۆم k+ەو دەوڵەمەندەکان لە سەر کەم کردنەوەی پەستانی خوێن تاقی کردنەوە لە سەر ٤٠٠٠٠ پیاوی ئەمریکایی کراوە، دەرکەوتوە کە ئەوانەی لە سەر میوە دەوڵەمەندەکان بە پۆتاسیۆم k+و مەگنێزیۆم magnesium رێژەی پەستانی خوێن و نۆرەی مێشك تێیاندا زۆر کەم بووە.

لە توێژینەوەیەکی دیکەدا دەرکەوتوە کە پارێزگارییەکی زۆر باشە لە تووش بوون بە نەخۆشی دڵ و هاندەرێکی باشە بۆ تەندروستی ئێسك، هەروەها دەرکەوتوە کە مۆز دژە ترشییەکی باشە کە بۆ بەرگری لە دروست بوونی برینی گەدە(معدە) بە سوودە، مۆز دوای سك چوون بە سوودە بۆ گەڕانەوەی ئیلکترۆلایتەکان (خوێیەکانەوە)( لە کاتی سك چوون دا لەشی مرۆڤ جگە لە چەند مادەیەکی بە سوود ئەلکترویاتیدێکی زۆر لەدەست دەدا)و بۆ قەبزیش بە سوودە چونکە جووڵەی ریخۆڵەکان باش دەکا.

مۆز بەرگری لە کزبوونی چاو بە پێی تەمەن دەکا بە رادەیەکی بەرچاو.

سەرچاوە: تەندروستی و جوانی ژمارە ٣





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەڵدانەوەی لاپەڕێك لە ژیانی ژنێك

لەلایەن ژنێکەوە



بە یەك کردەوەوغەدر لە هەر سێکمان کرا.

ئەوەی بۆتان دەگێرمەوە بەسەرهاتێکی راستەقینەیە کە بە سەر پووری خۆم داهاتوە. کە من بە چاوی خۆم دیتوومەو ئێستاش کە چەندین ساڵ تێپەریوە ، لە خۆم دەپرسم ئەو کارەی کە بە منیان کرد بڵێی من گوناهبار نەبم . بە داخەوە ژنی کورد هەمیشەو لە کۆنەوە توندوتیژی دەرهەق کراوەو ناهەقیان لێ کردوە. جا ئەمانە لەلایەن برا یان باوك یان مامو خاڵ بووبێ، ئەم ناهەقیانەش بێگومان رادەی تەمەنی ژنی کوردی نەبینیوە ، جاری وا هەبووە کچ هەر کە لە دایك بووە دەستبەجێ ناهەقیەکیان بەرامبەر کردوە ، هەر بۆیە حەزم دەکرد لە رێگای ئەم گۆڤارەوە ئەم بیرەوەریە ، کە من عەزاب دەدا بگێرمەوە.

من کچێکی ١٠ ـ ١٢ ساڵان بوومو زۆر زیتووریا بوومومن بچووکترین منداڵی ماڵێ بووم . پوورێکی زۆر جوانم هەبوو کە خوازبێنی زۆری هەبوو ، باپیرمو چوار خاڵەکانم دەیان گووت دەبێ بە دڵی ئێمە مێرد بکا. هەربۆیە هەر خوازبێنییەك دەهات هەر یەکەیان بە بیانوویەك رەت دەکردەوە، بە یەکیان دەگووت کافرە، بە ئەویتریان دەگووت لە ئەرتەش دایەو ...هەتا دوایی. تا وای لێ هات بە زۆر دایان بە کوڕە پوورکەی خۆی.ئەوان دەیان گووت " پاروو لە دەم بکەوێتە خوارێ بۆ کۆشی باشە". ماڵی خەزووری زۆری لەگەڵ خراپ بوون، ماوەیەك تێپەڕی رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر توندوتیژیان دەرهەق دەکرد. پوورم هەمیشە چاو بە فرمێسك بوو، قەت نانێکی بە ئاسوودەیی نەدەخوارد . هەمیشە دەهاتە لای دایکمو دەگریاو دەردەدڵی دەکردو دەیگووت خۆم دەکوژم چارەم نەماوە . بەڵام هەموو جارێ دایکم دڵخۆشی دەدایەوەو پێی دەگووت سەبرت هەبێ ، بەڵکوو باش بن .پاش ماوەیەك وای لێ هات پوورم منداڵی وە سك کەوتو لە ماڵی مێردەکەشی زیز بووو هاتەوە ماڵی باوکی.

بەیانیەك کاتێك لە خەو هەستام دایکم لە ماڵ نەبوو لە خوشکە گەورەکەم پرسی کوا دایکم ؟ بەڵام وڵامی نەدامەوە. هەربۆیە بە پەلە چوومە ماڵی نەنکم واتە ماڵی باوکی.کەمێك لەوێ بووم گوێم لەگریانی منداڵێکی ساوا بوو ،زوو زانیم ئەوە پوورمە منداڵەکەی بووە . منداڵەکەش کچ بوو، ئەو جارەشیان پوورم بەرەورووی توندوتیژی دەبۆوە ئەویش لە لایەن ماڵی باوکی خۆی ، نباپیرم زۆری لەگەڵ خراپ بوون. هەرکە منداڵەکە لە دایکی جیا بۆوە خێرا پارچەیەکیان تێوەپێچاو لە بن هەنگڵی منیان ناو گوتیان بۆ ماڵی باوکی بەرەوە. هەرچەندە پوورم هاواری کردو پاڕایەوە گوتی لێم مەستێنن با بۆ خۆم بێ هەر گوێیان پێ نەدا ، ئەوان نەك رێگەیان پێنەدا سۆزی دایکایەتی بەو منداڵە بدرێ، تەنانەت نەیان هێشت مەمکیشی لە زار باوێو شیری بداتێ. ئەو رۆژەم هەرگیز لە بیرناچێتەوە پوورم تا یەك حەوتوو هەرگریاوهیچ شتێکی نەخوارد. هەمیشە ئەو بیرەوەریە ناخۆشەم لە مێشك دایە . ئەوان نەك زووڵمیان لە دایکەکە کرد تەنانەت زووڵمیان لەوکچە ساوایەو لە منیش کە کچێکی ١٠ ـ ١٢ ساڵان بوو کرد. ئەوان بەو کردەوەیە زووڵمیان لەو سێ کەسەمان کرد:

پوورم لە هەستکردن بە دایکبوونوئەو سۆزو خۆشەویستیەیان بێ بەش کردومنداڵەکەیان لێ ستاند. ئەو ساوایە کە نەیان هێشت سۆزو خۆشەویستی دایکی بدرێتێ.من کە ئەو کارەیان پێ کردمو منداڵەکەیان پێ رەوانەی ماڵی باپیرم کردەوە.

دوای کەمتر لە سێ مانگ منداڵە ساواکە لە برسان مردو دوای چەند ساڵیش پوورم بەنەخۆشی شێرپەنجە گیانی لەدەست دا.

هەمیشە دەڵێم : تۆ بڵێی من گوناهباری ئەو تولفە ساوایە نەبووبم.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




ئەم وێنەیە لە بناری قەندیل گیراوە لە کاتی تۆپبارانەکانی
رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر ئەم ناوچەیە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org